# وشـــــــەســـــازی

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* ناوی کتێب: وشەسازی
* نووسینی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
* تایپێست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
* دیزاینی ناوەوە: نووسەر
* نۆرەی چاپ: یەکەم/ ٢٠٢٣
* شوێنی چاپ: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٦٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(     )ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی بڵاوکراوە( ٧٥٦)

# ناوەرۆک


**پێشەکی**........................................................۱۲

**بەشی یەکەم**

**مـــۆرفـیـــم**......................................................۱۳

۱.۱: چەمکی مۆرفۆلۆژی (وشەسازی).................................۱٤

۲.۱: پێناسەی مۆرفۆلۆژی (وشەسازی)..............................۱٤

۳.۱: سەرهەڵدانی مۆرفیم...............................................۱٦

٤.۱: پێناسەی مۆرفیم..................................................۱۸

٤.۱: مەرجەکانی مۆرفیم................................................۲۱

٦.۱: تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم.......................................۲۲

۷.۱: سنووری مۆرفیم...................................................۲۳

۸.۱: جۆرەکانی مۆرفیم.................................................۲٤

۱ـ مۆرفیمی سەربەخۆ (ئازاد، سەربەست).......................۲٥

أـ مۆرفیمی لێکسیکی (فەرهەنگی)..............................۲٥

ب ـ مۆرفیمی ئەرکی..............................................۲٦

دووەم: مۆرفیمی بەند..............................................۲۸

۱ـ گیرەک...........................................................۲۸

أـ مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (نیشانە ڕێزمانییەکان).........۲۸

ب ـ مۆرفیمی بەندی داڕشتن.......................................۳۳

٢. مۆرفیمی ڕەگ (بنکە).......................................... ٣٥
٣. نووسەک (نیشانە)........................................ ٣٦
**بـــەشــی دووەم**
**ئــەلـۆمـۆرف...................................................... ٤٢**
٢.١: چەمکی ئەلۆمۆف.......................................... ٤٣
٢.٢:پێناسەی ئەلۆمۆرف.......................................... ٤٤
٢.٣: ئەو مۆرفانەی دەبنە هۆی دروستکردنی ئەلۆمۆرف..... ٤٥
١. مۆرفیمی ناسراوی (ەکە).......................................... ٤٥
٢. مۆرفیمی نەناسراوی (ێک، ەک، یَ)........................ ٤٦
٣. مۆرفیمی کۆ (ان).......................................... ٤٨
٤. مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک.................................. ٤٩
٥. مۆرفیمی کەسی سێەمی تاک.................................. ٥٠
٢.٤: جۆرەکانی ئەلۆمۆرف.......................................... ٥١
١. ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی.......................................... ٥١
٢. ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی.......................................... ٥٢
٣. ئەلۆمۆرفی فەرهەنگی.......................................... ٥٢
٤. ئەلۆمۆرفی شێوەزاری.......................................... ٥٣
٢.٥: مۆرف.......................................... ٥٥
**بەشی سێیەم**
**وشــــــە...................................................... ٥٨**
٣.١:پێناسەی وشە.......................................... ٥٩

٣.١:جۆرەکانی وشە.........................٦٠
٣.١.١:جۆرەکانی وشە لە ڕووی واتاوە.........................٦٠
١. وشەی فەرهەنگی.........................٦٠
٢. وشەی ئەرکی.........................٦٠
٣.١.٢:جۆرەکانی وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە.........................٦١
١. وشەی سادە.........................٦١
ناوی سادە.........................٦٢
ئاوەڵناوی سادە.........................٦٢
چاوگی سادە.........................٦٢
کاری سادە.........................٦٣
ئاوەڵکاری سادە.........................٦٤
ژمارەی سادە.........................٦٤
٢. وشەی دارِژاو.........................٦٥
ناوی دارِژاو.........................٦٥
ئاوەڵناوی دارِژاو.........................٦٧
چاوگی دارِژاو.........................٧٠
کاری دارِژاو.........................٧٠
ئاوەڵکاری دارِژاو.........................٧٢
ژمارەی دارِژاو.........................٧٤
٣. وشەی لێکدراو.........................٧٤
ناوی لێکدراو.........................٧٤
ئاوەڵناوی لێکدراو.........................٧٧

چاوگی لێکدراو........................................................79
کاری لێکدراو........................................................٨٤
ئاوەڵکاری لێکدراو........................................................٨٨
ژمارەی لێکدراو........................................................٩٠
٣.١.٣: جۆرەکانی وشە لە ڕووی بەکارهێنانەوە..............٩١
١. وشەی چالاک (کارا)........................................٩١
٢. وشەی سست (لاواز)........................................٩١
٤.١.٣: جۆرەکانی وشە لە ڕووی هەبوونەوە..................٩٢
١. وشەی زیندوو........................................................٩٢
٢. وشەی مردوو........................................................٩٢
٢.٣: ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە.................٩٣
یەکەم: ڕێبازی وەرگرتن........................................٩٣
هۆکارەکانی وەرگرتنی وشە........................................٩٧
١. هۆکاری جوگرافی........................................٩٧
٢. هۆکاری ئایینی........................................٩٨
٣. هۆکاری ڕۆشنبیری........................................٩٩
٤. هۆکاری بازرگانی........................................١٠١
٥. هۆکاری ڕاگەیاندن........................................١٠٢
٦. هۆکاری دەروونی........................................١٠٣
٧. هۆکاری سیاسی........................................١٠٤
دووەم: ڕێبازی خوازە........................................١٠٦
سێیەم: ڕێبازی لێکدان........................................١٠٩

چوارەم: ڕێبازی داتاشین.......................................١١٠
پێنجەم: دارشتن...................................................١١٢
شەشەم: ڕێبازی وەرگێڕان.......................................١١٣
**بەشی چوارەم**
**ڕەگ و قەد و بنج..............................................١١٧**
١.٤: ڕەگ (Root).................................................١١٨
١.١.٤: تیۆروانینی کۆن بۆ ڕەگ....................................١١٨
٢.١.٤: چۆنیەتی دروستبوونی ڕەگ.................................١٢١
٣.١.٤: تیۆروانینی نویێ بۆ ڕەگ....................................١٢٧
٤.١.٤: جۆرەکانی ڕەگ................................................١٢٩
١. ڕەگی سەربەخۆ...................................................١٢٩
أ. ڕەگی فەرهەنگی...................................................١٢٩
ب . ڕەگی ئەرکی.....................................................١٢٩
٢. ڕەگی بەند...........................................................١٣٠
٢.٤: قەد (Stem)........................................................١٣٢
١.٢.٤: تیۆروانینی کۆن بۆ قەد......................................١٣٢
٢.٢.٤: تیۆروانینی نویێ بۆ قەد......................................١٣٥
٣.٤: بنج (Base).......................................................١٣٧
١.٣.٤: پێناسینی بنج.....................................................١٣٧
٢.٣.٤: جۆرەکانی بنج...................................................١٣٩
١. بنجی سەربەخۆ.....................................................١٣٩

٢ـ بنجی بەند............................................١٣٩
**بەشی پێنجەم**
**پێشگر و پاشگر...............................١٤١**
١.٥: چەمک و پێناسەی پێشگر.........................١٤٢
چەمکی پێشگر................................................١٤٢
پێناسەی پێشگر............................................... ١٤٢
٢.٥:چەمک و پێناسەی پاشگر..........................١٤٣
چەمکی پاشگر.................................................١٤٣
پێناسەی پاشگر...............................................١٤٤
٣.٥: بوون و نەبووی پێشگر و پاشگر..................١٤٥
٤.٥: تایبەتمەندییەکانی پێشگر و پاشگر...............١٤٦
٥.٥: کێشە و ساغکردنەوەی هەندێ پێشگر و پاشگر.......١٥٠
١ـ مۆرفیمی (باز).............................................١٥٠
(باز) وەک پاشگر..............................................١٥٠
(باز) وەک وشەی سەربەخۆ.................................١٥١
مۆرفیمی(باز) وەک ڕەگی کار.................................١٥٢
٢ـ مۆرفیمی (اوی)............................................١٥٢
مۆرفیمی (اوی) وەک پاشگر..................................١٥٢
(اوی) وەک وشە..............................................١٥٣
٣ـ مۆرفیمی(دەر)............................................١٥٤
(دەر)وەک پێشگر.............................................١٥٤

(دەر)وەک وشەی سەربەخۆ.......................... ١٥٤
(دەر)لەنێوان پاشگر و ڕەگی کاردا..................... ١٥٥
٤ـ مۆرفیمی(وان ـ ەوان)............................... ١٥٧
مۆرفیمی (وان ـ ەوان) وەک پاشگر................... ١٥٧
مۆرفیمی (وان ـ ەوان) وەک وشە و مۆرفیمی سەربەخۆ..١٥٨
٥ـ مۆرفیمی (ستان)...................................... ١٥٩
٦ـ مۆرفیمی(مان)......................................... ١٦٠
مۆرفیمی(مان) وەک پاشگر............................. ١٦١
(مان) وەک وشەی سەربەخۆ.............................. ١٦٢
(مان) وەک بەشێک لە پێکهاتەی وشە.................... ١٦٤
٦.٥: ناوبەند (interfix)................................... ١٦٥
٧.٥: ناوگر (infix)........................................ ١٦٧

**بەشی شەشەم**

**ئاستی وشەسازی........................................... ١٦٩**
٦ـ ئاستی وشەسازی....................................... ١٧٠
١.٦: وشەسازی و ڕستەسازی............................. ١٧٥
٢.٦: وشەسازی و دەنگسازی............................... ١٨٢
٣.٦: تیۆری مۆرفیم....................................... ١٨٨
٤.٦:وشەسازی و داتاشین................................. ١٩٦
٥.٦: ئەرکەکانی مۆرفیمی وشەسازی....................... ١٩٧
٦.٦: جۆرەکانی مۆرفیمی بەند............................ ٢٠٢

١ـ مۆرفیمی فرەواتا.................................................٢٠٣
٢ـ مۆرفیمی هێزدار.................................................٢٠٤
٣ـ مۆرفیمی ئەرکی................................................. ٢٠٦
٤ـ مۆرفیمی بەندی فەرهەنگی.................................................٢٠٧
٥ـ مۆرفیمی بەندی دەنگی.................................................٢٠٨
٦ـ مۆرفیمی سفر.................................................٢٠٨
٦ـ٧: زمانەکان و مۆرفیم.................................................٢١٠
سەرچاوەکان.................................................٢١٦

# پێشەکی

ئەم کتێبەی لەبەر دەستتانە، لە بنەڕەتدا بەشێکە لە موحازەراتی وانەی وشەسازی قۆناغی دووەم و وانەی وشەسازی خوێندنی باڵا/ ماستەر لە بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، کە چەند ساڵێک پێش ئێستا لەم بەشە ئەم وانەیەم وتۆتەوە.

کتێبەکە هەوڵدانە بۆ ناسینی لایەنەکانی مۆرفیم و وشە و لەیەکتر جیاکردنەوەیان بە شێوەیەکی گشتی، کە لە شەش بەش پێکدێت، لە بەشەکانی یەکەم تا پێنجەم نووسینن، بەڵام بەشی شەشەم وەرگێڕانە.

بابەتەکانی نێو ئەم کتێبەم بە شێوازێکی وەها خستۆتەڕوو، بەجۆرێک هەم بۆ ئاستی زانکۆ سودی هەبێ و هەم بۆ ئاستی قوتابخانەکان سودی هەبێ. هیوادارین سودێکمان بە کتێبخانەی کوردی گەیاندبێ.

**نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

# بەشی یەکەم

# مــــۆرفیــــم

## ١.١: چەمکی مۆرفۆلۆژی(وشەسازی)

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێ زاراوە بۆ ئەم زانستە بەکاردێ، لەوانە: وشەسازی، وشەناسی، مۆرفۆلۆجی، مۆرفۆلۆژی،....هتد، کە هەر هەموویان هەمان مەبەست و واتا دەگەیەنن.

لە ڕووی چەمکەوە زاراوەی مۆرفۆلۆژی لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە لە (morphe)، واتە (شێوە، فۆرم) و (logos)، واتە (زانست، لێکۆڵینەوە) پێکهاتووە.[١] چەمکی وشەسازیش، وشەیەکی لێکدراوە و پێکهاتووە لە: ناوی(وشە) لەگەڵ ڕەگی کاری (ساز)، کە لە چاوگی (سازان) هاتووە، لەگەڵ پاشگری (ی).

## ٢.١: پێناسەی مۆرفۆلۆژی(وشەسازی)

لەبارەی پێناسەی مۆرفۆلۆژی(وشەسازی)یەوە، تا ئێستا چەندین پێناسەی جیاجیا لەبارەی ئەم بابەتە هەن، لێرەدا هەندێ لەم پێناسانە دەخەینەڕوو، لەوانە:

---

[١]ـ ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی یەکەم(ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، چاپخانەی کۆڕی زانیای عێراق، ل٤.

وشەسازی: ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە دەکات.

دیڤید کریستاڵ دەڵێت:((**مۆرفۆلۆژی لقێکە لە ڕێزمان، کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی وشە و مۆرفیم دەکات**)).[1]

فرۆمکین دەڵێت:((**مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە و ئەو یاسایانەی دەبنە هۆی دروستبوونی وشە دەکات و دیارییان دەکات**)).[2]

مۆرفۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەبارەی وشەوە لە ڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە.

سەلام ناوخۆش دەڵێت:((**وشەسازی لقێکە لە ڕێزمان دیراسەی پێکهاتەی وشە دەکات**)).[3]

کەواتە وشەسازی وەک ئاستێکی گرنگی بواری زمانەوانی ڕۆڵێکی کارا لە دروستکردنی پەیوەندی بە

---

[1] - D. Crystal (1988), A dictionary of linguistics and phonetics, second edition, Basil Blackwell Ltd, P: 200.

[2]- V. Fromkin, R. Rodman and N. Hayms (2007) An introduction to language Eighth edition, Thomson, P: 77.

[3]- سەلام ناوخۆش(٢٠١٤)، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ل٢٠٤.

ئاستەکانی تری زمان دەبینێت، یاخود ئاستی مۆرفۆلۆژی وەک ئاستێک لە ئاستەکان، پردی بەیەکگەیشتنی ئاستەکانی ترە و لوتکەی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی نیشان دەدات، ئەمە جگە لەوەی مۆرفۆلۆژی خۆی وردەکارییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت و کەرەستەی سەرەکی ئەم ئاستەش (مۆرفیم)ە.

### ٣.١: سەرهەڵدانی مۆرفیم

سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی مۆرفیم بۆ سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، ئەویش لەسەر دەستی زانای ئەمریکی (بلۆمفیلد) پەیدا بووە، چونکە لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم فۆنیم دۆزرایەوە، بۆیە زمانەوانان هەوڵیاندا دانەیەکی زمانی بدۆزنەوە، کە هەموو کەرەسەیەکی ڕێزمانی شیبکاتەوە یان هەموو ڕێزمان بۆ ئەم دانەیە بگۆڕن.[١] هەروەها بیرۆکەی مۆرفیم لە کاتێکدا بوو، کە زمانەوانەکان بە دوای دۆزینەوەی بچوکترین دانەی زمانیدا دەگەڕان، کەچی ڕێزمانی دێرین

---

١. کەوسەر عەزیز ئەحمەد(١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، ل٢٣.

لەو باوەڕەدابوو، کە (وشـە) بچـووکترین دانـەی واتـاداری زمانە، لەم بارەیەوە زۆر بیروڕای جیاواز هەبوون، لەسەدا سـەد یـەکیان نەدەگرتـەوە **((دەرکـەوت چ بـە پێوانەیـەکی فۆنۆلـۆژی یـان سـیمانتیکی، ناتوانرێـت پێناسـەیەکی وای وشە بکرێت، کـە بشـێ تیۆرێکی گشـتی لەسـەر دابنرێ و بکرێـت بـە پێوانـە بـۆ شـیکردنەوەی زمـان))**[1]. بۆیـە زمانەوانان هەوڵیانـدا بـە دوای دانەیـەکی تـردا بگـەڕێن، کـە ئـەویش (مـۆرفیم)ە، چونکـە کاتێـک وشـەیان بـە بچـوکترین یەکـەی زمـانی لـە شـیکردنەوەی زمانیـدا دانـابوو، تووشـی زۆر کێشـەی دەکردن، بەمـەش **((ڕۆنانکـارە ئەمریکاییـەکان ئـەو ڕاسـتیەیان سـەلماند، کـە وشـە کـەرت دەکـرێ، بـۆ پارچـەی وردتـر، پارچـەی وەهـا، کـە واتـا یـان ئـەرکی ڕێزمـانی هـەبێت))**[2]. لـە ئەنجامـدا لـە زمانـەوانیی نوێـدا مۆرفیم لە شیکردنەوە زمانییەکان جێگەی وشـەی گرتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا وەنـەبێ پـێش سـاڵانی چلـەکانی سـەدەی ڕابـوردوو بـاس لـە مـۆرفیم نـەکرابێ، بـەڵکو هەنـدێ لـە

---

١- ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠٠٧، ل ٢١.

٢- محەمەد مەعروف فەتتاح و سەباح ڕەشید قادر, چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٧.

سەرچاوەکان سەرهەڵدانەکەی بۆ مێژوویەکی یەکجار کۆن دەگەڕێننەوە، لەوانە ڕۆبنز دەڵێت((**مۆرفیم وەک چەمک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سانسکریتی، کە زمانەوانی بەناوبانگ (پانینی) گرنگی بەو چەمکە و شرۆڤەکردنی زمان دەدا**))[١].

### ٤.١: پێناسەی مۆرفیم

تا ئێستا چەندین پێناسەی جیاجیا لەبارەی مۆرفیم خراونەتەڕوو، لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێکیان دەخەینەڕوو:

ڕاد فۆرد دەڵێت:((**مۆرفیم بچووکترین یەکەی پێکهاتەی ڕێزمانییە**)).[٢]

بلۆمفیلد دەڵێت:((**مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە**)).[٣]

---

١ـ عبدالوهاب خالد(٢٠٠٥)، زمان و زمانڤانی(هژمارەکا ڤەکولینا)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ لقی دهۆک، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ل ١١.

2 - Andrew Radford (1997), Syntax: A minimalist Introduction. Cambridge University Press, P: 265.

3 - Bloom Field (1933), Language, Henry Holt, New York, P: 178.

فرۆمكین دەڵێت:**((مۆرفیم بچووكترین هێمای زمانییە، یەكەیەكی ڕێزمانییە یان بچووكترین یەكەی واتاییە و ناشێت بۆ بەشی بچووكتر دابەشی بكەین، بەشێوەیەكی خۆویست هەڵگری واتایەكی تایبەتییە)).**[1]

كاتەمبا دەڵێت:**((مۆرفیم بچووكترین دانەی دابەشنەكراوی زمانییە، كە دەشێت ئەركێكی واتایی یان ڕێزمانی ببینێت و بەشداری لە پێكهاتنی وشەی دیكەدا بكات)).**[2]

دێڤید كریستاڵ دەڵێت:**((مۆرفیم بچووكترین یەكەی جیاكەرەوەی ڕێزمانییە)).**[3]

كاتەمبا دەڵێت:**((مۆرفیم بچووكترین جیاوازییە لە شێوەی (فۆڕم)ی وشەدا، كە بتوانێ بچووكترین جیاوازی**

---

[1] -V. Fromkin (1988), An Introduction to language Holt, Rinehart and Winston Ins, V.S.A, P: 114.

[2]-F.Katamba (1993), Morphology, Macmillan Press, London, p: 20.

[3] -David Crystal (1992), An encyclopedic dictionary of Language and languages, Black Well: Oxford, p: 257.

**لـه واتـای وشـه، یـان ڕسـته، یـان دروسـتەی ڕێزمانیـدا دروست بکات)).**[١]

مـارتین دەڵێـت:((**مـۆرفیم بچـووکترین پێکهاتـەی پـڕ واتایە لە دەربڕینی زمانییدا)).**[٢]

محەمـەد مـەحویی دەڵێـت:((**مـۆڕفیم یەکەیەکـە، ناتوانرێت لەڕێی شیتەڵکردن و جیاکردنەوەوە بکرێت بە یەکەی گچکەتری خاوەن واتا یان هەڵگری واتا)).**[٣]

لـە هـەموو ئـەم پێناسـانە ئـەوەمان بـۆ ڕووندەبێتـەوە، کە مۆرفیم بچووکترین دانـەی زمانـە، بـەو مـەرجـەی ئـەرک یان واتای هەبێ.

---

[1]- F. Katamba and J.Stonham (2006), Morphology, 2nd edition, P: 24.

[2]-M.Haspelmath(2002),Understanding Morphology, Oxford University Press, p: 16.

[٣]- محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، ل ٦٢.

### ٥.١: مەرجەکانی مۆرفیم

بۆ ئەوەی دانەیەکی زمانی بە مۆرفیم هەژمار بکرێت، پێویستی بەم مەرجانە هەیە:

١. مۆرفیم وشەیەکە یان پارچەیەکە لە وشەیەک، کە واتایەک دەدات.

٢ـ دەبێت مۆرفیم بۆ یەکەیەکی واتایی لە خۆی بچووکتر دابەش نەکرێت.

٣ـ دەبێت لە هەموو ژینگەیەک یەک واتا بدات، بە واتایەکی تر دەبێت مۆرفیم لە هەموو ژینگەیەکی زمانیدا واتایەک بدات و واتاکەی جێگیرە.

٤ـ دەبێت مۆرفیم قاڵبێکی فیزیکی هەبێت، بەو واتایەی دەبێت شێوەیەکی هەبێت.

ئەم مەرجانە ڕەنگە کێشە بۆ هەندێ مۆرفیم دروست بکات، بەو واتایەی هەندێ مۆرفیم هەیە، هەموو مەرجەکانی لەسەر جێبەجێ نابێت، بۆیە زمانەوانان دوو بۆچوونیان لەم بارەوە هەیە: یەکەمیان؛ پێیان وایە دانەیەکی زمانی کاتێ دەبێ بە مۆرفیم، کە هەموو مەرجەکانی لەسەر جێبەجێ بێت، دووەمیان؛ پێیان وایە دانەیەکی زمانی کاتێ دەبێ بە مۆرفیم، کە بەشێک لەم مەرجانەی لەسەر جێبەجێ بێت.

### ٦.١: تايبەتمەندييەكانی مۆرفيم

مـۆرفيم وەک دانەيـەکی زمـانی، خـاوەنی خاسـيەت و تايبەتمەنديی خۆيەتی، لەوانە:

١- بوونی جياوازی لـە شـێوە و قـەبارەی مـۆرفيم، بـە جۆرێک دەشێت مۆرفيم لە وشـەيەک پێکبێت، و دەشـێت لـە يەک فۆنيم پێکبێت، بۆ نموونـە (گوڵ) هـەم يـەک وشـەيە و هـەم يـەک مۆرفيمـە، بـەڵام وشـەی (بخوێنـە)، لـە چەنـدين مۆرفيم پێکهاتووە، بە جۆرێ فۆنيمی (بـ) لێرەدا بە تـەنيا يەک مۆرفيمە.

٢ــــ مــــۆرفيم دانەيـــــەکی واتاييــــــە، وەک دانــــــە فەرهەنگييەکان.

٣ـ مـۆرفيم دانەيـەکی ئەرکييـە، وەک دانـە ئـەرکی و ڕێزمانييەکان.

٤ـ ناکرێت بـۆ دانـەی بچـووکتر دابـەش بکرێت يـان پۆلێن بکرێت.

### ١.٧: سنووری مۆرفیم

هـەموو دانەیـەکی زمـانیی سـنووریکی دیـاریکراوی خۆی هەیە و لەگـەڵ دانەیـەکی تـری زمـانی جیادەکریتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دانـەکانی زمـان سـنووری یـەکتر دەبەزینن و تیکەڵ بە یەکتر دەبن.

مـۆرفیم لـە بنەڕەتـدا لـەنیوان فـۆنیم و وشـەدا دەوەسـتیت، بـەڵام دەشـێ دانەیـەکی زمـانیی هـەم فـۆنیم و هەم مۆرفیم بیت، بۆ نموونە:

لە وشەی (بخۆ)، (بـ) لـە ئاسـتی دەنگسـازیدا فۆنیمـە، بەڵام لە ئاستی وشەسازیدا مۆرفیمە.

لە هەمان کاتدا دەشێ دانەیەکی زمـانیی هـەم وشـە و هەم مۆرفیم بیت، وەک:

**(گوڵ):** وشەیە، مۆرفیمە

**دار:** وشەیە، مۆرفیمە

کەواتـە دانـەکانی زمـان سـنووریکی ڕەهایـان نییـە، و دەشێ تیکەڵ بە یەکتربن.

## ٨.١: جۆرەکانی مۆرفیم

تـا ئێسـتا مـۆرفیم بە چەنـدین شـیوازی جۆراوجـۆر لای زماننـاسان خراونەتەڕوو، بەڵام باشـترین دابەشـکردن، ئەو دابەشـکردنەیە، کە هەمـوو کەرەسـەکان دەگرێتەخـۆ و هیچ کەلێنێک ناهێڵێتەوە، کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:[١]

**یەکەم: مۆرفیمی سەربەخۆ**

ا. مۆرفیمی لێکسیکی(فەرهەنگی)

ب . مۆرفیمی ئەرکی

**دووەم: مۆرفیمی بەند**

١. گیرەک:

ا. ڕێزمانی (نیشانە ڕێزمانییەکان)

ب . وشەداڕێژ (پێشگر، پاشگر، ناوگر، ناوبەند)

٢. بنکە(ڕەگ)

٣. نووسەک

---

[١]. محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل ٢٩ .

**١. مۆرفیمی سەربەخۆ (ئازاد، سەربەست)**

مۆرفیمی سەربەخۆ بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە بە تەنیـا وەک دانەیەکـی سـەربەخۆ دەردەکەوێـت و خـاوەن ڕواڵەتێکـی سـەربەخۆیە، وەک **(گـوڵ، دار، بەرد، ئاسـن، پیاو، کچ،..........هتد).**

هـەمو ئـەو مۆرفێمانـە دەگرێتـەوە، کـە چـەمکێکی فەرهـەنگییان هەیـە. بـە واتایـەکی تـر هـەڵگری چـەمک و واتـای دیـاریکراون. واتـە ئەمانـە، لـە فەرهـەنگی زمانـدا جێگای تایبەتی خۆیان هەیەو بەشدارن لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان.

مۆرفیمی سەربەخۆش دوو جۆرە:

**أ. مۆرفیمی لێکسیکی(فەرهەنگی)**

بەو مۆرفیمـانە دەوترێـت، کە دەتـوانن بە شـێوەی سـەربەخۆ و ڕاسـتەخۆ واتـا ببەخشـن[١]، ئەم جۆرەیـان زۆرجـار وشـەی تەواو پێکـدێنن و ژمـارەیەکی زۆری وشـەکانی زمـان لـەخـۆوە دەگـرن، ئەم جۆرەیـان بەشـە ئاخاوتنەکـانی (نـاو، ئاوەڵنـاو، ئاوەڵکـار، ژمـارە، بەشـێکی

---

١ــ ئەوڕەحمـانی حـاجی مـارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگـی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ل٧٢.

زۆری لە جێناوەکان) دەگرێتەوە. نموونەکانی وەک(گوڵ، دار، بەرد....هتــــد) ئەمانـــــە (چــــەمکێکی ســــەربەخۆی فەرهــەنگییان هــەڵگرتووە، لــە شـێوەی فـۆڕمی سـەربەخۆ (Free form)دا، دەردەکەون) (Crystal: 2008: 313) و خـــــاوەنی دەروازەی فەرهــــەنگی ســـــەربەخۆن، ڕۆڵـــــە ســــیمانتیکی و سینتاکســــییەکان جێەجێدەکــــەن، لەگـــەڵ ئەوەشدا پۆلێکی کراوەن.

**ب . مۆرفیمی ئەرکی**

ئەو مۆرفیمـــانە دەگـــرێتەوە کە وەک مـــۆرفیمێکی ســـەربەخۆ ئەرکـی ڕێزمـانی دەبیـنن، بەڵام بە تەنیـا هـیچ واتایەکی ئەوتۆیان نییە، تاکو نەخرێنە پاڵ وشەی تر، واتە ئەم مۆرفیمـــانە ڕاســـتەوخۆ پەیوەنـــدییان بە دیـــاردەی واقعییەوە نییە و سەربەخۆ نـاتوانن وەک ئەندامێکی ڕستە خۆیـــان بنـــوێنن، بەڵکـــو دەوریـــان یارمەتیـــدانی وشــــە و مۆرفیمە فەرهەنگییەکانە.[1] بە واتایـەکی تـر ئـەم جۆرەیـان ئەگـەرچی وشـەکان وەک دانەیـەکی سـەربەخۆ و نـەلکاو خۆیـان دەردەخـەن، بـەڵام بـە تـەنیا نـاتوانن واتـا ببەخشـن، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم جۆرە واتادار نییە.

---

١ــ ئەوڕەحمـــانی حـــاجی مـــارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگـــی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ل ٧٢.

مـۆرفیمە ئەرکییەکـانیش (ئـامرازی پەیوەنـدی، ئـامرازی سەرسـوڕمان وبـانگکردن، پارتیکـڵ، ئـامرزای لێکـدەر/ بەستنەوە) دەگرێتەوە.

**بەراوردێک لەنێوان مۆرفیمی فەرهەنگی و مۆرفیمی ئەرکی**

| مۆرفیمی فەرهەنگی | مۆرفیمی ئەرکی |
| --- | --- |
| ١ـــ بەشـــەکانی ئاخـــاوتن دەگرێتەوە. | ١ـــ بەشـــەکانی ئاخـــاوتن دەگرێتەوە. |
| ٢. لە ڕواڵەتدا سەربەخۆن. | ٢. لە ڕواڵەتدا سەربەخۆن. |
| ٣ـــ خـــاوەن واتـــان، واتـــە واتادارن. | ٣ـ بێواتـان، تـەنیا ئـەرکیان هەیە. |
| ٤. ئەو کەرەسە و بەشانەی مۆرفیمی فەرهەنگین، دەبێت لـە ڕووی پێکهاتنـەوە لـە شێوەی سادەدا بێت. | ٤. ئەو کەرەسە و بەشانەی مۆرفیمی ئەرکین، دەبێت لـە ڕووی پێکهاتنـــەوە لـــە شێوەی سادەدا بێت. |
| ٥. بەشە ئاخاوتنەکانی سەر بـە مـۆرفیمی فەرهـەنگی بـریتین لـە:( نـاو، ئاوەڵنـاو، ئاوەڵکـار، ژمـارە، بەشـێکی زۆری جێناو). | ٥ـ بەشـە ئاخاوتنـەکانی سـەر بە مۆرفیمی ئەرکی بریتین لە (ئامرازی پەیوەندی، پارتیکڵ، ئـــامرازی سەرســـوڕمان و بانگکردن، ئامرازی بەستنەوە/ لێکدەر). |

**دووەم: مۆرفیمی بەند**

مۆرفیمی بەند بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە بە تەنیا وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو لە شێوەی بەندا دەردەکەوێت و پێویستی بە مۆرفیمی تر هەیە بۆ ئەوەی دەرکەوێت و بەکاربێت، واتە خاوەن ڕواڵەتێکی سەربەخۆ نییە، وەک ( **ڕا، هەڵ، ەکە، ان، .........هتد).**
مۆرفیمە بەندەکانیش بە چەند شێوەیەک دەبینرێت:

**١. گیرەک**

زاراوەی گیرەک لە زمانی کوردیدا بەرانبەر (affix)ی زمانی ئینگلیزی بەکارهاتووە، ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە لە شێوەی بەند دەردەکەون و مۆرفیمێکی بەستراوەیە لەگەڵ مۆرفێمێکی تر یان وشەیەکی تر، سەربەخۆ بێ یان بەستراوە، وشە یان مۆرفیمێکی نوێ پێکدێنن، ئەمەشیان لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت:

**أ. مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (نیشانە ڕێزمانییەکان)**

بەو مۆرفیمانە دەوترێتن کە تەنیا حاڵەتی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕێت، بە بێ ئەوەی واتای سەرەکی وشەکە بگۆڕێت، نیشانەکانیش بریتین لە:

١. مۆرفیمی ناسراوی (ەکە، ە)، وەک:

**کوڕ + ەکە= کوڕەکە**

**کچ + ە = کچە**

٢. مۆرفیمی نەناسراوی (ێک، ەک، ێ)، وەک:

**کوڕ + ێک= کوڕێک**

**کوڕ + ەک= کوڕەک**

**کچ + ێ = کچێ**

٣ـ مۆرفیمەکانی کۆ (ان، ات، هات، جات، وات، ەها، گەل)، وەک:

**کوڕ + ان= کوڕان**

**باخ + ات = باخات**

**دێ + هات = دێهات**

**میوە + جات = میوەجات**

**سەوزە + وات = سەوزەوات**

**شوشە + وات = شوشەوات**

**ساڵ + ەها = ساڵەها**

**کوڕ + گەل = کوڕگەل**

٤ـ مۆرفیمەکانی کاری ڕابوردوو (وو، ی، د، ا، ت)، وەک:

**چوو، بوو........**

**کڕی، فڕی......**

**برد، کرد.........**

**سوتا، شکا......**

**کەوت خەوت....**

٥- مۆرفیمی ڕابوردووی دوور (بوو)، وەک:

**کەوتبوو**

٦- مۆرفیمی ڕابوردووی بەردەوام(دە)، وەک:

**دەمرد**

٧- مۆرفیمی ڕابوردووی تەواو(ووە، وە)، وەک:

**کەوتووە**

**کڕیوە**

٨ـ مـۆرفیمی ئـەرێ و نـەرێی ڕانـەبوردوو(دە، نـا)، وەک:

**دەچێت**

**ناکات**

٩ـ مـۆرفیمی ئـەرێ و نـەرێی فەرماندان(بـــ ، مــە)، وەک:

**بخۆ**

**مەخوێنە**

١٠- مۆرفیمی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد(تر)، وەک:

**جوان + تر = جوانتر**

١١- مۆرفیمی ئاوەڵناوی پلەی باڵا(ترین)، وەک:

**جوان + ترین = جوانترین**

١٢. مۆرفیمی ژمارەی ڕێکخستن(ەم، ەمین)، وەک:

**چوار + ەم = چوارەم**

**شەش + ەمین = شەشەمین**

١٣. مۆرفیمی بکەرنادیار (ر)، وەک:

**شکێنرا......**

١٤. مۆرفیمی ڕابوردووی بکەرنادیار(ا)، وەک:

**هێنرا........**

١٥ـ مۆرفیمی ڕانەبوردووی بکەرنادیار(ێت، ێ)، وەک:

**دەهێنرێت، دەهێنرێ.......**

١٦. مۆرفیمی کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا(ە)، وەک:

**جوانە، پاکە.........**

١٧ـ مۆرفیمی نەرێی ڕابوردوو(نە) دەچێتە سەر بەشی پێشەوەی کار، وەک:

**نەخوارد**

**دانەنیشت**

**سەرنەکەوت**

١٨ـ مۆرفیمی نەرێی کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا (نی) دەچێتە سەر بەشی پێشەوەی کار، وەک:

**نی+ ه = نییه**

**جوان نییه.**

**ب ـ مۆرفیمی بەندی داڕشتن (پێشگر، پاشگر، ناوبەند، ناوگر)**

بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە واتای وشە دەگۆڕن، واتە ئەم مۆرفیمە لە شێوەی پێشگر یان پاشگر دەچنە سەر وشە و بەشداری دەکەن لە دروستکردن واتای نوێی وشە، ئەم جۆرە پەیوەست نییە بە حاڵەتی ڕێزمانی، بەڵکو پەیوەستە بە ڕۆنانی وشە. وەک:

**هەڵ + کرد= هەڵکرد**

**ڕا + کرد= ڕاکرد**

**ڕۆ + چوو = ڕۆچوو**

**شوێن + ەوار = شوێنەوار**

**کار + گە = کارگە**

**برد + ەوە = بردەوە**

**سەر + باز = سەرباز**

**سەر + ان + سەر = سەرانسەر**

**ڕەنگ + او + ڕەنگ = ڕەنگاوڕەنگ**

## بەراوردێک لەنێوان مۆرفیمی ڕێزمانی و مۆرفیمی دارِشتن

| مۆرفیمی ڕێزمانی | مۆرفیمی دارِشتن |
|---|---|
| ١ـ جۆرێکە لە جۆرەکانی مۆرفیمی بەندی گیرەک. | ١ـ جۆرێکە لە جۆرەکانی مۆرفیمی بەندی گیرەک. |
| ٢ـ لە بەشی پێشەوە یان دواوەی وشە دێت. | ٢ـ لە بەشی پێشەوە یان دواوەی وشە دێت. |
| ٣ـ حاڵەتی ڕێزمانی وشە دەگۆڕێت. | ٣ـ حاڵەتی ڕێزمانی وشە ناگۆڕێت. |
| ٤. واتای وشە ناگۆڕێت. | ٤. واتای وشە دەگۆڕێت. |
| ٥ـ وشەی نوێ دروست ناکات. | ٥ـ وشەی نوێ دروست دەکات. |
| ٦ـ بە تەنیا بەکار نایێت و بە تەنیا واتا نابەخشێت. | ٦. بە تەنیا بەکارنایێت و بە تەنیا واتا نابەخشێت. |

**٢. مۆرفیمی ڕەگ(بنکە)**

بەو مۆرفیمە بەندانە دەوترێت، کە دەبنە بنکە بۆ دروستکردنی وشە، واتە ئەم جۆرەیان لە شێوەی ڕەگی کار یان ڕەگی وشە دەبینرێت، کە مانای سەرەکی وشە و مۆرفیم لە خۆی کۆدەکاتەوە، وەکو ڕەگی ڕانەبوردوو.

**کەوتن ← کەو**

**بردن ← بە**

تێبینی/ دەبێ ئاگاداری نموونەکان بین، بە جۆرێ لەنێو ڕستەدا جیاکردنەوەی مۆرفیمەکان ئاسانە، بەڵام لە دەرەوەی ڕستە تۆزێک ئاستەنگی دێتە پێش، ئەمیش بەهۆی ئەوەی کە هەندێ نموونە زیاتر لە جۆرێکی مۆرفیم لە خۆوە دەگرێت، وەک:

کەو← ١. مۆرفیمی سەربەخۆ، لە جۆری فەرهەنگی، ئەگەر وەک ناوی (باڵند)ە وەرمانگرت. ٢. مۆرفیمی بەندی ڕەگ، ئەگەر وەک ڕەگی کاری (کەوتن) وەرمانگرت.

بە ← ١ـ مۆرفیمی سەربەخۆ، لە جۆری ئەرکی، ئەگەر وەک ئامرازی پەیوەندی وەرمانگرت. ٢ـ مۆرفیمی بەندی ڕەگ، ئەگەر وەک ڕەگی کاری (بردن) وەرمانگرت.

٣ـ مۆرفیمی بەندی دارِشتن لە جۆری پێشگر، ئەگەر وەک پێشگری وشە وەرمانگرت.

خوێن←١ـ مۆرفیمی سەربەخۆ، لە جۆری فەرهەنگی، ئەگەر وەک ناوی خوێنی لەش وەرمانگرت. ٢ـ مۆرفیمی بەندی ڕەگ، ئەگەر وەک ڕەگی کاری (خوێندن) وەرمانگرت.

**٣. نووسەک(نیشانە)**

ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە بە بەشی دواوەی وشە دەلکێن، بەڵام نە دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشە و نە دەبنە هۆی گۆڕینی حاڵەتی ڕێزمانی وشە، ئەمجۆرە لە زمانی کوردیدا تەنیا جێناوە لکاوەکان دەگرێتەوە. وەک:

- **خانووم کڕی.** ( **بە ناو لکاوە**)
- **بردمان.**( **بە کار لکاوە**)
- **بۆ ئازاد دەم هێنا.** ( بە نیشانەی کاری ڕابوردوو لکاوە)
- **کچێکی جوانم بینی.**(بە ئاوەڵناو لکاوە)

جێناوە لکاوەکانیش لە زمانی کوردیدا چوار کۆمەڵەن، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**کـــۆمەڵەی یەکەم:** ئەم کـــۆمەڵەیە لەگەڵ کـــاری ڕابوردووی تێپەڕدا بەکاردێت.

(م ـ مان، ت ـ تان، ی ـ یان).

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | مان |
| دووەم | ت | تان |
| سێیەم | ی | یان |

**برد**

**بردم – بردمان**

**بردت – بردتان**

**بردی – بردیان**

**خوارد**

**خواردم – خواردمان**

**خواردت – خواردتان**

**خواردی – خواردیان**

**هێنا**

**هێنام – هێنامان**

**هێنات – هێناتان**

**هێنای – هێنایان**

**کـــۆمەڵەی دووەم:** ئەم کـــۆمەڵەیە لەگەڵ کـــاری ڕابوردووی تێنەپەڕ بەکاردێت.

(م - ین، یت/ ی - ن، Ø - ن ).

| کۆ | تاک | کەسەکان |
|---|---|---|
| ین | م | یەکەم |
| ن | یت، ی | دووەم |
| ن | Ø | سێیەم |

**هات**

**هاتم – هاتین**

**هاتیت – هاتن**

**هات – هاتن**

**کەوت**

**کەوتم – کەوتین**

**کەوتیت (کەوتی) – کەوتن**

**کەوت – کەوتن**

**خەوت**

**خەوتم – خەوتین**

**خەوتیت – خەوتن**

**خەوت – خەوتن**

لەم کـۆمەڵەیە، کەسـی دووەمـی کـۆ و کەسـی سێیەمی کۆ، هەردووکیان جێناوی لکاوی (ن) وەردەگرن، بـۆیە لە ڕسـتەدا بە هـۆی جێنـاوە کەسـییە سـەربەخۆکان دەناسرێنەوە، وەکو:

**هاتن.**

**ئەوان هاتن .**

**ئێوە هاتن .**

**کـۆمەڵەی سـێیەم:** ئەو کـۆمەڵەیە لەگەڵ کـاری ڕانەبـوردووی تێـپەڕ و تێـنەپەڕ بەکاردێـت. (م – یـن، یت(ی) – ن، ات(ا)/ ێت(ێ) – ن).

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | ین |
| دووەم | یت، ی | ن |
| سێیەم | ات/ ا<br>ێت/ ێ | ن |

**چوون**

**دەچم – دەچین**

**دەچیت (دەچی) - دەچن**

**دەچێت – دەچن**

**خواردن**

**دەخۆم – دەخۆین**

**دەخۆیت (دەخۆی) – دەخۆن**

**دەخوات – دەخۆن**

**کردن**

**دەکەم – دەکەین**

**دەکەیت – دەکەن**

**دەکات – دەکەن**

ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتە بزوێنەکانی (ە، ۆ) هاتبێ، ئەوا لەم حاڵەتەدا کەسی سێیەمی تاک (ات- ا) وەردەگرێ. لەم حاڵەتەشدا دوو گۆڕانکاری ڕوودەدات، یەکەکیان پیتی بزوێنی(ە) تێدەچێت، ئەویتریان پیتی بزوێنی (ۆ) دەبێتە (و)ی نەبزوێن، ئەمیش بۆ ئاسانی دەربڕین، وەک ئەمانەی خوارەوە:

| کاری ڕانەبوردوو | ڕەگی کار | چاوگ |
|---|---|---|
| دەخوات | خۆ | خواردن |
| دەشوات | شۆ | شوشتن |
| دەکات | کە | کردن |
| دەبات | بە | بردن |
| دەڕوات | ڕۆ | ڕۆیشتن |

جیاوازی کۆمەڵەی دووەم و کۆمەڵەی سێیەم لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت، چونکە بۆ کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ لە کەسی سێیەمی تاک، مۆرفیمی (سفر)ە و دەرناکەوێت، بەڵام بۆ کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ، ئەوە جێناوەکانی ( ات (ا)، ێت (ێ) ) وەردەگرێت.

**کۆمەڵەی چوارەم:** ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ کاری فەرماندان بەکاردێت.

| کەسەکان | تاک | کۆ |
| --- | --- | --- |
| یەکەم | / | / |
| دووەم | ە | ن |
| سێیەم | / | / |

**دانیشتن**

**دانیشە – دانیشن**

**خواردن**

**بخۆ – بخۆن**

**خوێندن**

**بخوێنە ـ بخوێنن**

# بــەشی دووەم

# ئــەلـۆمـۆرف

### ١.٢: چەمکی ئەلۆمۆف

زاراوەی ئـەلۆمۆرف لـە بنەڕەتدا وشـەیەکی یۆنانییـە، کـە لــە (allos) بــە واتــای (یــەکێکی دیکــە، تــر) لەگــەڵ (morphe) بـە واتـای (فـۆرم، شـێوە) دێت، بـەم شـێوەیە ئەلۆمۆرف واتای شێوەیەکی دیکە دەگەیەنێت.[١]

واتــە زاراوەی ئەلۆمــۆرف بــۆ ئەو مــۆرفە جیـاوازانە بەکاردێــت، کە پــێکەوە تــاکە مۆرفیمێــک دەنــوێنن.[٢] بــە واتایــەکی تــر ئەلۆمــۆرف یــان شـێوە جیاجیاکــانی هەمــان مۆرفیم، کە بەهۆیەوە هەندێ مۆرفیم بە زیاتر لە یەک قاڵب و شــــێوەدا خۆیــــان دەردەخەن، هەر جــــۆرە قاڵــــب و شــــێوەیەکیش(مۆرف)ێکی مــــۆرفیمەکەیە، مۆرفەکــــانیش ئەلۆمۆرفی یەکترن.[٣]

ئەلۆمـۆرف لەنێوان مـۆرفیم و مۆرفدا دەوەسـتێ و بە یەکتریـانەوە دەلکێنـێ، بـۆ نمـوونە (ت) و (یـت) و (تـۆ)

---

١. فوزي حسن الشايب(١٩٩٩)، محاضرات في اللسانيات، منشورات وزارة الثقافة، عمان ـ الاردن، ص ٢٨٧ .

٢. محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی،٢٠٠٦، ل١٧ .

٣. وریا عومەر ئەمین(د)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ٦٤ .

هەرسێکیان ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاکن لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، هەروەک (مـن) و (م) دەبنە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کەسی یەکەمی تاک.[١]

## ٢.٢: پێناسەی ئەلۆمۆرف

تا ئێستا چەندین پێناسەی جیاجیا بۆ ئەلۆمۆرف کراون، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

محەمەد عەلی خوولی دەڵێت((**ئەو مۆرفەیە، کە لە ڕووی واتاوە لەگەڵ مۆرفی دی وەکیەکن**)).[٢]

کاتەمبا دەڵێت((**ئەو مۆرفە جیاوازانەن، کە بەیەکەوە پۆلین دەکرێن و هەمان مۆرفیمی دی دەنوێنن**)).[٣]

هاسپێلماس دەڵێت((**مۆرف لەژێر بارودۆخی جیاواز، شێوەی جیاوازیان هەیە، کە پێیان دەوترێت ئەلۆمۆرف**)).[١]

---

١ـ محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل١٧ .

٢ـمحمد علي الخولي(١٩٨٢)، معجم علم االلغة النظري، الطبعة الاولى، مكتبة لبنان، بيروت، ص ١٠.

3- F. Katamba(1993), Morphology, London, Macmillan, p 26.

هاسپیڵماس و سیمس دەڵێن ((**کاتێک دوو مۆرفیم یان زیاتر هەمان واتایان هەبێت و لە ژینگەی تایبەت بەکاربهێنرێت، ئەوا بە ناوی ئەلۆمۆرف ناودەبرێت**)).[٢]

کەواتە ئەلۆمۆرف شێوەی جیاجیای هەمان مۆرف و مۆرفیم دەگرێتەخۆ.

### ٣.٢: ئەو مۆرفانەی دەبنە هۆی دروستکردنی ئەلۆمۆرف

لە زمانی کوردیدا ئەو مۆرفیمانەی زیاتر لە مۆرفێکیان هەیە و بەهۆیەوە ئەلۆمۆرف دروستدەکەن، بریتین لە:

**١. مۆرفیمی ناسراوی(ەکە)**

مۆرفیمی ناسراوی(ەکە)، ئەم مۆرفانەی هەیە: (ەکە، کە، یەکە، ک، ەک، یەک،.....)

**کوڕ + ەکە = کوڕەکە (ەکە)**

**مامۆستا + ەکە = مامۆستاکە (کە)**

---

1-M. Haspelmath(2002), Understanding Morphology, First Published Oxford University Press Inc, London, p 26.

2-M. Haspelmath and D. Andrea Sims(2010), Understanding Morphology, 2nd Edt. Hodder Education, p 27.

**چرا + ەکە = چرایەکە (یەکە)**
**مامۆستا + ەکە + ان = مامۆستاکان (ک)**
**کوڕ + ەکە + ان = کوڕەکان (ەک)**
**مامۆستا + ەکە + ان = مامۆستایەکان (یەک)**

لەم نموونانەی سەرەوەدا:
(ەکە): مۆرفیمی ناسراوی
(ەکە): مۆرفی مۆرفیمی ناسراوی
(کە): مۆرفی مۆرفیمی ناسراوی
(یەکە): مۆرفی مۆرفیمی ناسراوی
(ک): مۆرفی مۆرفیمی ناسراوی
(ەک): مۆرفی مۆرفیمی ناسراوی
(یەک): مۆرفی مۆرفیمی ناسراوی
(ەکە، کە، یەکە، ک، ەک، یەک) ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی ناسراون.

**٢. مۆرفیمی نەناسراوی(ێک، ەک، ێ)**

لە بنەڕەتدا (ێک) مۆرفیمی سەرەکی نەناسراوییە لە زمانی کوردیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەکانی (ەک، ێ) وەک مۆرفیمی نەناسراوی بەکاردێن.

مـۆرفیمی نـەناسـراوی ئـەم مۆرفانـەی هەیـە: (ێـک، ییێک، ەک، یەک، ێ، یێ،.....).

**کوڕ + ێک = کوڕێک(ێک)**

**مامۆستا + ێک = مامۆستاییێک(ییێک)**

**کچ + ەک = کچەک(ەک)**

**چرا + ەک = چرایەک(یەک)**

**ژن + ێ = ژنێ(ێ)**

**ترێ + ێ = ترێیێ(یێ)**

لەم نموونانەی سەرەوەدا:

**(ێک): مۆرفیمی نەناسراوی**

**(ێک):مۆرفی مۆرفیمی نەناسراوی**

**(ییێک): مۆرفی مۆرفیمی نەناسراوی**

**(ەک): مۆرفی مۆرفیمی نەناسراوی**

**(یەک): مۆرفی مۆرفیمی نەناسراوی**

**(ێ): مۆرفی مۆرفیمی نەناسراوی**

**(یێ): مۆرفی مۆرفیمی نەناسراوی**

**(ێک، ییێک، ەک، یەک، ێ، یـێ) ئـەلۆمۆرفی مـۆرفیمی نەناسراوین.**

**٣. مۆرفیمی کۆ(ان)**

لـه زمـانی کوردیـدا (ان) مـۆرفیمی سـەرەکییە، بـەڵام مۆرفیمـەکانی تـر (ات، هـات، جـات، وات، ەهـا، گـەل) مۆرفیمی ناسەرەکین.

مـۆرفیمی کـۆ ئـەم مۆرفانـەی هەیـە: (ان، یـان، ات، هات، جات، وات، ەها، گەل.....).

**کوڕ + ان = کوڕان (ان)**

**مامۆستا + ان = مامۆستایان (یان)**

**باخ + ات = باخات (ات)**

**دێ + هات = دێهات (هات)**

**میوە + جات = میوەجات (جات)**

**سەوزە + وات = سەوزەوات (وات)**

**ساڵ + ەها = ساڵەها (ەها)**

**کوڕ + گەل = کوڕگەل (گەل)**

لەم نموونانەی سەرەوەدا:

(ان):مۆرفیمی کۆ

(ان): مۆرفی مۆرفیمی کۆ

(ات): مۆرفی مۆرفیمی کۆ

(هات): مۆرفی مۆرفیمی کۆ

(جات): مۆرفی مۆرفیمی کۆ

(وات): مۆرفی مۆرفیمی کۆ

(ەها): مۆرفی مۆرفیمی کۆ

(گەل): مۆرفی مۆرفیمی کۆ

(ان، ات، هـات، جـات، وات، ەهـا، گـەل) ئـەلۆمۆرفی مۆرفیمی کۆن.

**٤. مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک**

لـە کرمـانجی ناوەڕاسـتی زمـانی کوردیـدا مـۆرفیمی کەسـی دووەمـی تـاک لـە جێنـاوە سـەربەخۆ و لکاوەکانـدا، ئەم مۆرفانەی هەیە: (تۆ، ت، ی، یت، ە).

**تۆ (تۆ)**

**کردت (ت)**

**دەچی (ی)**

**دەچیت (یت)**

**بکە (ە)**

مۆرفیم: کەسی دووەمی تاک

(تۆ): مۆرفی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک

(ت): مۆرفی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک

(ی): مۆرفی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک

(یت): مۆرفی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک

(ە): مۆرفی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک

(تــۆ، ت، ی، یــت، ە) ئــەلۆمۆرفی مــۆرفیمی کەســی دووەمی تاکن.

**٥. مۆرفیمی کەسی سێەمی تاک**

لــە کرمــانجی ناوەڕاســتی زمــانی کوردیــدا مــۆرفیمی کەســی ســێیەمی تــاک لــە جێنــاوە ســەربەخۆ و لکاوەکانــدا، ئەم مۆرفانەی هەیە: (ئەو، ی، سفر، ات، ا، ێت، ێ)

**ئەو (ئەو)**

**کردی (ی)**

**مرد (سفر)**

**دەبات (ات)**

**دەکا (ا)**

**دەچێت (ێت)**

**دەکێڵێ (ێ)**

مۆرفیم: کەسی سێیەمی تاک

(ئەو): مۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

(ی): مۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

(سفر): مۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

(ات): مۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

(ا): مۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

(ێت): مۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

(ێ): مۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک

(ئەو، ی، سفر، ات، ا، ێت، ێ) ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاکن.

### ٤.٢: جۆرەکانی ئەلۆمۆرف

**١. ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی**

ئەو ئەلۆمۆرفەیە، کە پەیدابوونی پەیوەستە بە دەوروبەری فۆنۆلۆجی، بەو واتایەی لەڕێگەی هۆکاری فۆنۆلۆجی پەیدا دەبن، بۆ نموونە مۆرفیمی (ەکە)ی ناسراوی کاتێ دەچێتە سەر وشەیەک، ئەوا هەندێجار گۆڕان ڕوودەدات، بەتایبەتی ئەگەر وشەکە کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێ، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن بە دوای یەکتردا نایێن، بەهۆیەوە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ڕوودەدەن، بەم شێوەیە:

**کوڕ**

**کوڕ + ەکە = کوڕەکە(ەکە)**

**کوڕ + ەکە + ان = کوڕەکان(ەک)**

**چرا + ەکە = چراکە(کە)**

**چرا + ەکە = چرایەکە(یەکە)**

**چرا + ەکە + ان= چراکان(ک)**

**چرا + ەکە + ان = چرایەکان(یەک)**

**٢. ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی**

ئـەو ئەلۆمۆرفەیـە، کـە لـەژێر کاریگـەریی و هۆکـاری ڕێزمــانی دروســت دەبــن، بــۆ نموونــە: (بــە، لــە) دوو پریپۆزیشــنی زمــانی کــوردین و لـــە جــۆری مــۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکیدان، بەڵام لە سنووری ڕستەدا دەشێ شێوەی خۆیان بگۆڕن و ببن بە (پێ، لێ)، لەم حاڵەتەشدا دەبن بە ئەلۆمۆرفی یەکتر، بەم شێوەیە:

**بە تۆ دەڵێم.**

**پێت دەڵێم.**

لێرەدا (بە) گۆڕدراوە بۆ (پێ).

**لە تۆ دەپرسم.**

**لێت دەپرسم.**

لێرەدا (لە) گۆڕدراوە بۆ (لێ).

**٣. ئەلۆمۆرفی فەرهەنگی**

ئـەو ئەلۆمۆرفەیـە، کـە لـەژێر کاریگـەری فەرهەنگیـدا دروست دەبن، بە جۆرێک وشەکان خۆیـان ئـەو بارودۆخـە هەڵدەبژێرن، بەو واتایەی لە ئەلۆمۆرفی فەرهەنگیدا وشـە بڕیـار دەدات کامـە ئـەلۆمۆرف هـەڵبژێرێت، بـۆ نموونـە: مۆرفیمەکانی (ـ کار)، (ـ کەر)، (ـ زان) لەژێر کاریگـەری

ئـەو وشـانەدان، کـە لەگەڵیـدا کۆدەبنـەوە، بـەو واتایـەی وشـەکان خۆیـان بڕیـار دەدەن، کـام لـەم ئەلۆمۆرفانـە هەڵبژێرن[1]، وەک:

**یاری + کەر = یاریکەر**

**یاری + زان = یاریزان**

**کرێ + کار = کرێکار**

کەواتـە نـاتوانین (کـەر) لەگـەڵ (کـرێ) بـەکاربهێنین، هـەروەها (کـار) لەگـەڵ (یـاری) بـەکاربهێنین، چونکـە لـەم حاڵەتەدا هیچ واتایەک نادات بە دەستەوە، بەم شێوەیە:

**کـرێ + کـەر = کرێکـەر** (نـاگونجێ و هـیچ واتایـەک نادات).

**یاری + کار = یاریکار** ( نـاگونجێ و هـیچ واتایـەک نادات).

**٤. ئەلۆمۆرفی شێوەزاری**

ئـەو ئەلۆمۆرفەیـە، کـە لـەژێر کاریگـەری شـێوەزارێک دروسـت دەبێـت، بـە جۆرێـک شـێوەئاخاوتنی ناوچەیـەک لەگەڵ شێوەئاخاوتنی ناوچەیەکی تر جیاوازە، وەک:

---

[1]- محەمەد مەعروف فـەتاح و سـەرباح ڕەشید قادر(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ل ١٩.

**لۆ وا دەکەی.** (هەولێر)

**بۆ وا ئەکەی.** (سلێمانی و زمانی نووسین).

**لەبۆ وا ئەکەی.** (شێوەئاخاوتنی دەڤەری بیتوێن).

لێرەدا (لۆ، بۆ، لەبۆ) دەبنە ئەلۆمۆرفی یەکتر.

**٥.٢: مۆرف**

مـــۆرف به شـــێوەیەک له شـــێوەکانی ئەلۆمـــۆرف دادەنرێـت و فـۆرمێکی فیـزیکییه، واته خـاوەن قەبـارەیەکه مۆرفیم دەنوێنێ یان پیشاندەدات . واته مۆرف خۆی دەنگه یـــان کـــۆمەڵه دەنگێکـــی جیـــاوازه که له ژیـــنگەی تـــردا دووپاتدەبێتەوە.

دوو بۆچوون بۆ مۆرف هەیە:

هەنـــدێکیان پێیـــان وایـــه ئـــەوەی دەخوێندرێتـــەوه ودەبیســـترێ و دەبینرێـــت مۆرفـــه، و مـــۆرفیمیش تـــەنیا بیرۆکەکەیە.

کەچی هەندێکی تر پێیان وایە ئەوەی دەخوێندرێتـەوه ودەبیسـترێ و دەبینرێت مۆرفیمـه، کـه دانەیـەکی خـاوەن فۆرمە.

کاتەمبا پێی وایـه مـۆرف بریتییه لـه فـۆرمی فیزیکیـی مۆرفیم، که له فۆنیمێک یان زیاتر پێکدێت.(١)

له زۆر حاڵەتـدا یەک مـۆرفیم، تەنیـا یەک مـۆرفی هەیە، واته یەک مـۆرف نـوێنەری دەکـات و له یەک جێگـر

[1]- F. Katamba and J.Stonham (2006), Morphology, 2nd edition, P: 24.

یــان مــۆرف زیــاتر پەســند ناکــات، وەک لەم وشــانەدا ڕووندەبێتەوە:

**مۆرفیم ← دار، بەرد، هەڵۆ**

**مۆرف ← دار، بەرد، هەڵۆ**

هەنــدێجاریش مــۆرفیم زیــاتر لە مۆرفێــک، واتە نوێنەرێکی هەیە و هەریەکەیان بۆ ژینگەیەک یان جێگەیەک دەســتدەدەن، بۆنمــوونە مــۆرفیمی (کــوش، ڕش، گەس) هەریەکەیــان دوو مۆرفیــان هەیە و هەر مــۆرفەی بــۆ شــوێنێکی تــایبەتی دەســت دەدەن و نــاتوانن جێگەیــان بگۆڕنەوە، وەک:

مـۆرفیمی (کوش) دوو مـۆرفی هەیە : کـوش، کـوژ، وەک:

**کوشتم، دەکوژم**

مۆرفیمی (ڕش) دوو مۆرفی هەیە : ڕش، ڕژ، وەک:

**ڕشتم، دەڕێژم**

مــۆرفیمی (گەس) دوو مــۆرفی هەیە : گەس، گەز، وەک:

**گەستم، دەگەزم**

هەنــدێجاری تــریش وا ڕێکــدەکەوێت، کە تــاکە مۆرفیمێک بە هۆی چەندین مۆرفەوە نیشاندەدرێت، وەک:

مۆرفییمی (ەکە) چەند مۆرف و ئەلۆمۆرفێکی هەیە:

مۆرفی (ەکە)، وەک : کوڕ + ەکە = کوڕەکە(ەکە)

مۆرفی (ەک)، وەک : کوڕ + ەکە+ ان = کوڕەکان(ەک)

مۆرفی (کە)، وەک : چرا + ەکە = چراکە(کە)

مۆرفی (ک)، وەک : چرا + ەکە + ان = چراکان(ک)

مۆرفی (یەک)، وەک : چرا+ ەکە+ ان = چرایەکان(یەک)

مۆرفی (یەکە)، وەک : چرا+ ەکە= چرایەکە(یەکە)

# بەشی سێیەم

# وشـــــە

### ١.٣: پێناسەی وشە

تا ئێستا چەندین پێناسە بۆ وشە کراون، لەوانە:

کریستاڵ دەڵێت:((**وشە کەرەستەیەکە هەردوو لای بە بۆشایی گیراوە**)).[١]

هەروەها لە شوێنیکی تر دەڵێت:((**وشە بچووکترین یەکەی زمانە، بتوانێ بە تەنیا وەک ڕستە بەکاربێ**)).[٢]

لە شوێنێکی تر دەڵێت:((**وشە یەکەیەکە واتای هەبێ**)).[٣]

بلۆمفیلد دەڵێت:((**هەر فۆرمێکی ئازاد، کە فرێز نەبێ، وشەیە، هەر وشەیەک فۆرمێکی ئازادە، کە لە دوو یان زیاتر لە دوو فۆرمی دیکەی ئازاد پێکنەهاتبێ، بە کورتی وشە بچووکترین شێوەی ئازادە**)).[٤]

---

1-D.Crystal(1981), Linguistics, penguim Books. P. 188.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩.

4- L. Bloomfield (1969), Language, London, P. 178.

### ١.٣:جۆرەکانی وشە

### ١.١.٣:جۆرەکانی وشە لە ڕووی واتاوە

**١. وشەی فەرهەنگی**

ئەم جۆرەیان وشەی تەواویشی پێ دەوترێت، کە لە فەرهەنگدا خاوەنی فۆرم و واتایەکی سەربەخۆ بێت.

کەواتە ئەم جۆرە وشەیە واتایەکی تایبەتی هەیە و بە شێوەیەکی سەرەکی بەشداری لە دروستە و پێکهاتنی ئاخاوتندا دەکات.

ئەم جۆرە وشەیە زیاتر بەشە ئاخاوتنەکانی (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار، ژمارە) دەگرێتەوە.

**٢. وشەی ئەرکی**

ئەم جۆرەیان وشەی ناتەواویشی پێ دەوترێت، کە لە فەرهەنگدا خاوەنی فۆرمی خۆیەتی، بەڵام واتایەکی سەربەخۆی نییە.

کەواتە ئەم جۆرە وشەیە واتایەکی تایبەتی نییە، بەڵکو لەناو ڕستەدا و لەڕێگەی وشەکانی تری نێو ڕستەوە واتاکەی دەردەکەوێت.

ئـــەم جــۆرە وشـــەیە، زیـــاتر بەشـــە ئاخاوتنـــەکانی (پریپۆزیشن، ئامرازی سـەرسـوڕمان، ئامرازی بـانگکردن، ئامرازی بەستنەوە، پارتیکڵ...) دەگریتەوە.

کەواتـــە ئـــەم جـــۆرە وشـــانە واتایـــەکی تایبـــەت بەخۆیانـەوە هـەڵناگرن، بـەڵکو تـەنیا ڕۆڵـی بەجێگەیانـدنی ئەرک لەنێو بونیادی ڕستەدا دەبینن.

**٢.١.٣:جۆرەکانی وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە**

لە ڕووی پێکهاتنەوە وشـە بەسـەر سـێ جـۆر دابـەش دەکرێت، بەم شێوەیە:

**١. وشەی سادە**

بەو وشانە دەوترێت، کـە لـە یـەک وشـەی سـادە یـان مۆرفیمێـک پێکـدێت، واتـە هـیچ زیـادە و کەرەسـەی تـری لەگەڵدا نییە.

کـاتێ دەڵێین زیـادە، مەبەسـتمان پێشـگر یـان پاشـگر یان هەردووکیانـە، ئەگـەر نـا نیشـانە ڕێزمانییـەکان ئاسـاییە وەرگرێت، بەم شێوەیە:

**کوڕ : وشەی سادە**

**کوڕەکە : وشەی سادە**

**کوڕەکان : وشەی سادە**

لێرەدا (ەکە، ان) مۆرفیم و نیشانەی ڕێزمانین، کاتێ دەچنە سەر وشەکان، واتای وشە ناگۆڕن، بەڵکو تەنیا حاڵەتی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕن، بۆیە وشەکە هەر بە سادەیی دەمێنێتەوە.

وشەی سادەش پێکدێت لە: (ناوی سادە، ئاوەڵناوی سادە، چاوگی سادە، کاری سادە، ئاوەڵکاری سادە، ژمارەی سادە.....). بەم شێوەیە:

**ناوی سادە**

لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە، بە مەرجێ ئەم وشەیە ناو بێت، وەک: **ئازاد، ڕزگار، دار، بەرد، چاو، کەو،...هتد.**

**ئاوەڵناوی سادە**

بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، کە لە یەک وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکدێن، وەک: **(جوان، پاک، زیرەک، سوور، لێژ، خراپ، باش، بەرز، قورس،...هتد).**

**چاوگی سادە**

لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکدێت و بە (ن) کۆتایی دێت، وەک: **(مردن، سووتان، ڕووخان، کەوتن، خەوتن......).**

**کاری سادە**

بەو کـارانە دەوترێـت، کە لە یەک وشــەی واتــاداری سەربەخۆ پێکدێت، وەک: **برد، ڕۆیشت، شکا ........هتد.**

ســەبارەت بە پـۆلێنکردنی کـار لە ڕووی پێکهـاتنەوە، ئەوا زمانەوانــان و نووســەران بیروبۆچـوونی جیاجیایـان خستۆتەڕوو، هەندێکیان لەو باوەڕەدان کە (کاری سادە) نەک هەر لە زمانی کوردی، بەڵکو لە هیچ زمانێکی جیهاندا نیـیە، لەم بـارەوە (د.مـحەمەد مەعـروف فەتتـاح) دەڵێـت **((کــاری ســادە لە زمــانی کوردیـدا نیـیە)).**[1] هەروەهــا (د.وریـا عـومەر ئەمـین)یش هەمـان بۆچـوون و ڕای هەیە، کە دەڵێت **((بەپێی پێوەرە تازەکانی زمـانەوانی و مەنتیقی پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی زمان، کاری سادە نەک هەر لە کوردیدا نییە، بەڵکو لە هـیچ زمانێکا نـابێ هەبـێ))**[2].

دیارە هەردوو زمانەوانەکە لەسەر بنەمای مۆرفیم سەیری کاریـان کـردووە، هەر بۆیەشـە ئەم بیروبۆچوونەیـان هەیە. لە هەمـان کاتیشـدا (د.ئەوڕەحمـانی حـاجی مـارف) ئەمە بە

---

١- محەمەد مەعروف فەتاح(د)، کار و پۆلێنکردنەکانی بەپێی ڕۆنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢١)، ١٩٨٩، ل ٤٠ ـ ٥٩ .

٢- وریا عومەر ئەمین(د)، ڕەخنەی نارەخنە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٠)، ١٩٩٧، ل ٢٢ ـ ٢٤.

ڕاست نازانێت، کە کاری سادە لە زمانی کوردیدا نەبێت، هەر بۆیە لە وتارێکی ڕەخنەییدا بەپێی بۆچوونەکانی خۆی و بە نموونەی پراکتیکی ڕاستی بوونی کاری سادە لە زمانی کوردیدا دەردەخات[١].

بۆیە ئێمە لەسەر بنەمای وشەوە سەیری کار دەکەین، هەر بۆیە کار لە ڕووی پێکهاتنەوە بە لای ئێمەوە بەسەر (کاری سادە، کاری داڕژاو، کاری لێکدراو) دابەش دەکرێت.

**ئاوەڵکاری سادە**

بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت، کە لە یەک وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکدێت، بە مەرجێ ئاوەڵکار بێ، وەک **(خێرا، هێدی، هێمن، باش، خراپ، زۆر، فرە، ئێستا، پار، سەر، ژێر.....).**

**ژمارەی سادە**

بەو ژمارانە دەوترێت، کە لە یەک وشەی واتادار پێکدێن، بە مەرجێ ژمارە بێ، وەک **(یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، حەوت،....) (بیست، سی، چل)....هتد.**

---

٣- ئەورەحمانی حاجی مارف(د)، وتاری کار بەپێی ڕۆنان و چەند سەرنجێک، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٩)، ١٩٩٧، ل ٨ - ١٩.

## ٢. وشەی دارِژاو

بەو وشانە دەوترێت، کە لە وشەیەک لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان پێکدێت.

کەواتە وشەی دارِژاو هەمیشە بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانەوە سازدەکرێن، پێشگر و پاشگرەکانیش بە تەنیا واتایان نییە و واتا نابەخشن.

وشەی دارِژاویش پێکدێ لە:(ناوی دارِژاو، ئاوەڵناوی دارِژاو، چاوگی دارِژاو، کاری دارِژاو، ئاوەڵکاری دارِژاو، ژمارەی دارِژاو... هتد). بەم شێوەیە:

### ناوی دارِژاو

بەو وشانە دەوترێت، کە لە وشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان پێکدێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**أ. ناوی سادە + پاشگر (گەر، دار، ساز، بەند، وان، چی، باز، کەر، مەند،...هتد) = ناوی دارِژاو**

ئاسن + گەر = ئاسنگەر

سەر + باز = سەرباز

هونەر + مەند = هونەرمەند

چای + خانە = چایخانە

شەو+ گار = شەوگار

**ب ـ ئاوەڵناوی سادە + پاشگر ( ی، یی، یەتی، ایەتی، ە، ایی، ێنە،.. هتد) = ناوی دارِژاو**

بڵند + ایەتی = بڵندایەتی

گۆج + ی = گۆجی

توورِە + یی = توورِەیی

مەرد + ایەتی = مەردایەتی

خراپ + ە = خراپە

پاک + انە = پاکانە

**جـ ـ کاری سادە + پاشگر = ناوی دارِژاو**

وت + ار = وتار

کوشت + ار = کوشتار

دروو + مان = دروومان

**د- رِەگی کار + پاشگر = ناوی دارِژاو**

نووس + ەر = نووسەر

پرس + یار = پرسیار

**هـ ـ ئاوەڵکاری سادە + پاشگر = ناوی دارِژاو**

بن + ار = بنار

پێش + ەوا = پێشەوا

**و ـ پێشگر + قەدی کار = ناوی دارِژاو**

پێ + ویست = پێویست

**ئاوەڵناوی دارِژاو**

بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، کە لە وشـەیەکی سـادە لەگەڵ پێشگرێک، یان پاشگرێک، یان هەردووکیان پێکدێت.

یاسـاکانی سـازکردنی ئاوەڵنـاوی دارِژاویـش بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**أ- پێشگر + ناو = ئاوەڵناوی دارِژاو**

بێ + کار = بێکار

بێ + هۆش = بێهۆش

بێ + هێز = بێهێز

بە + هێز = بەهێز

بە + جەرگ = بەجەرگ

**ب - ناو + پاشگر (ی، ین، ن، ۆڵ، ەوەر، دار، انە، انی، ەکی...هتد) = ئاوەڵناوی دارِژاو**

جیهان + ی = جیهانی

زێڕ + ین = زێڕین

شەرم + ن = شەرمن

کرم + ۆڵ = کرمۆڵ

بەخت + ەوەر = بەختەوەر

پیاو + انە = پیاوانە

کوڕ + انی = کوڕانی

خێڵ + ەکی = خێڵەکی

ترس + ناک = ترسناک

هاوین + ە = هاوینە

فێڵ + باز = فێڵباز

سوود + مەند = سوودمەند

غەم + گین = غەمگین

درۆ + زن = درۆزن

**جـ - پێشگری (نە، نا) + ئاوەڵناوی سادە = ئاوەڵناوی دارِژاو**

نە + خۆش = نەخۆش

نە + ساغ = نەساغ

نا + پاک = ناپاک

نا + خۆش = ناخۆش

**د- ئاوەڵناوی سادە + پاشگر (انی، ا، ۆکە، ەلە، ۆڵە، یل، کەلە، کیلە، لکە، اک) = ئاوەڵناوی دارِژاو**

تەخت + انی = تەختانی

رِەق + انی = رِەقانی

پیس + ۆکە = پیسۆکە

ترش + ۆکە = ترشۆکە

سەوز + ەڵە = سەوزەڵە

باریک + ەلە = باریکەلە

نەرم + ۆڵە = نەرمۆڵە

ورد + ۆڵە = وردۆڵە

ورد + یل = وردیل

جوان + کەلە = جوانکەلە

جوان + کیلە = جوانکیلە

بەرز + ۆڵکە = بەرزۆڵکە

سپی + لکە = سپیلکە

ڕوون + اک = ڕووناک

**هـ ـ پێشگر + ڕەگی کار = ئاوەڵناوی دارڕژاو**

نە + مر = نەمر

بـ + وێر = بوێر

بـ + کوژ = بکوژ

**و. ڕەگی کار + پاشگر = ئاوەڵناوی دارڕژاو**

نووس + ەک = نووسەک

گەڕ + ۆک = گەڕۆک

زان + ا = زانا

**ز ـ ئاوەڵکاری سادە + پاشگر = ئاوەڵناوی دارڕژاو**

سەر + ەکی = سەرەکی

**چاوگی داڕژاو**

لە چاوگێکی سادە لەگەڵ پێشگرێک، یان پاشگرێک، یان هەردووکیان پێکدێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١. پێشگر + چاوگی سادە = چاوگی داڕژاو**

ڕۆ + چوون = ڕۆچوون

دا + خستن = داخستن

بەر + دان = بەردان

تێ + کردن = تێکردن

**٢. چاوگی سادە + پاشگر = چاوگی داڕژاو**

بردن + ەوە = بردنەوە

شکان + اندن = شکاندن

**٣ـ پێشگر + چاوگی سادە + پاشگر = چاوگی داڕژاو**

تێ + کردن + ەوە = تێکردنەوە

بەر + دان + ەوە = بەردانەوە

**کاری داڕژاو**

لە کارێکی سادە لەگەڵ پێشگرێک، یان پاشگرێک، یان هەردووکیان پێکدێت، بەم شێوەیە:

**أ. پێشگر + کاری سادە = کاری داڕژاو**

هەڵ + واسی = هەڵواسی

هەڵ + بڕی = هەڵبڕی

ڕا + کرد = ڕاکرد

ڕا+ گرت = ڕاگرت

دا + خست = داخست

دا + گرت = داگرت

ڕۆ + چوو= ڕۆچوو

**ب ـ پێشگر + کاری سادە + پاشگر = کاری داڕژاو**

هەڵ + کرد + ەوە = هەڵکردەوە

هەڵ + دا + ەوە = هەڵداوە

دا + خست + ەوە = داخستەوە

**جـ ـ کاری سادە + پاشگری (ەوە) = کاری داڕژاو**

خوارد + ەوە = خواردەوە

چوو + ەوە = چووەوە

هات + ەوە = هاتەوە

**د ـ کاری سادە + پاشگر (اند) = کاری داڕژاو**

ڕژا + اند = ڕژاند

سووتا + اند = سووتاند

**هـ- ڕەگی کار + اند = کاری داڕژاو**

مر + اند = مراند

کەو + اند = کەواند

تێبینی: هەندێکجار پاشگر دەچێتە سەر کاری سادە، واتای کارەکە تەواو دەبێت، چونکە کاری سادەی ئەوتۆمان هەیە، کە بە سادەیی واتایان نییە، تا نەکرێنە کاری داڕژاو، وەک:

حەسا + ی + ەوە = حەسایەوە

دۆزی + ی + ەوە = دۆزییەوە

کولا + ی + ەوە = کولایەوە

لەرا + ی + ەوە = لەرایەوە

**ئاوەڵکاری داڕژاو**

لە وشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگرێک، یان پاشگرێک، یان هەردووکیان پێکدێت.

**یاساکانی سازکردنی ئاوەڵکاری داڕژاویش بەم شێوەیەی خوارەوەن:**

**١. پێشگر + ناو = ئاوەڵکاری داڕژاو**

بە + ناز = بەناز

بە + شەو = بەشەو

بێ + گومان = بێگومان

**٢. ناو + پاشگر = ئاوەڵکاری داڕژاو**

ڕۆژ + ێ = ڕۆژێ

پیاو + انه = پیاوانه

**٣ـ پێشگر + ناو + پاشگر = ئاوەڵکاری دارِژاو**

بە + پیاو + ەتی = بەپیاوەتی

بێ + باک + انە = بێباکانە

بە + برا + ەتی = بەبرایەتی

**٤ـ پێشگر + ئاوەڵناو = ئاوەڵکاری دارِژاو**

بە + پەلە = بەپەلە

بە + خێرا = بەخێرا

**٥ـ ئاوەڵناو + پاشگر = ئاوەڵکاری دارِژاو**

دلێر + انە = دلێرانە

مەرد + انە = مەردانە

**٦ـ پێشگر + ئاوەڵناو + پاشگر = ئاوەڵکاری دارِژاو**

بە + جوان + ی = بەجوانی

بە + سارد + ی = بەساردی

**٧ـ پێشگر + ئاوەڵکاری سادە = ئاوەڵکاری دارِژاو**

لە + ژێر = لەژێر

لە + ناو = لەناو

**ژمارەی دارِژاو**

لە ژمـــارەیەکی ســـادە لەگەڵ پێشـــگرێک، یـــان پاشگرێک، یان هەردووکیـان پێکدێت، وەک (پەنجا، حەفتـا، هەشتا، ......)...هتد.

**٣. وشەی لێکدراو**

بـەو وشـانە دەوترێت، کـە لـە دوو وشـە، یـان زیـاتر پێکـدێت، مـەرجیش نییـە هـەردوو وشـەکە واتـادار بـن، بـە واتایـەکی تـر دەشـێ پارچەیـەکیان، یـان هـەردوو پارچەکـە واتادار بن.

وشـــە لێکـــدراوەکانیش بـــریتیین لـــە:(ناوی لێکـــدراو، ئاوەڵنـاوی لێکـدراو، کـاری لێکـدراو، ئاوەڵکـاری لێکـدراو، چاوگی لێکدراو...هتد). بەم شێوەیە:

**ناوی لێکدراو**

بەو وشـانە دەوترێت، کە لە دوو وشـە، یـان زیـاتر پێکدێت، بەم شێوەیە:

**١. ناوی سادە + ناوی سادە = ناوی لێکدراو**

شا + هەنگ = شاهەنگ

مار + ماسی = مارماسی

**٢. ناوی سادە + و + ناوی سادە(هاوواتا) = ناوی لێکدراو**

ئاخ + و + داخ = ئاخوداخ

ئاهـ + و + ئۆف= ئاهوئۆف

**٣ـ ناوی ساده + ناوبەند + ناوی ساده = ناوی لێکدراو**

بەرد + ە + نوێژ = بەردەنوێژ

کولێرە + بە + ڕۆن = کولێرەبەڕۆن

**٤ـ ناوی ساده + ناوبەند + ئاوەڵناو = ناوی لێکدراو**

مێرگ + ە + سوور = مێرگەسوور

**٥. ئاوەڵناوی ساده + ناو = ناوی لێکدراو**

ڕەش + ماڵ = ڕەشماڵ

**٦ـ ئاوەڵناوی ساده + ناوبەند + ناوی ساده = ناوی لێکدراو**

ڕەش + ە + با = ڕەشەبا

**٧. ناوی ساده + ڕەگی کار = ناوی لێکدراو**

دار + تاش = دارتاش

دڵ + خواز = دڵخواز

**٨. ناوی ساده + قەدی چاوگ = ناوی لێکدراو**

برا + زا = برازا

**٩. ناوی سادە + ناوبەند + قەدی چاوگ = ناوی لێکدراو**

دەست + و + برد = دەستوبرد

**١٠ـ کاری ڕابوردوو + ناوبەند + ڕەگی کار = ناوی لێکدراو**

هات + و + چۆ = هاتوچۆ[١]

گفت + و + گۆ =گفتوگۆ[٢]

مشت + و + ماڵ =مشتوماڵ

**١١. ئاوەڵکار + ناوی سادە = ناوی لێکدراو**

پێش + نوێژ = پێشنوێژ

بەر + ماڵ = بەرماڵ

**١٢ـ ئاوەڵکار + ناوبەند + ناوی سادە = ناوی لێکدراو**

پاش + ە + ڕۆژ = پاشەڕۆژ

**١٣ـ ناوی سادە + ناوبەند + وشەیەکی بێواتا= ناوی لێکدراو**

قەرز + و + قۆڵ = قەرزوقۆڵ

---

[١]. چاوگی (چوون)، ڕەگەکەی(چ)ە، بەڵام لێرەدا (ۆ) وەک حاڵەتێکی فۆنۆلۆجی دەرکەوتووە.

[٢]. چاوگی (گوتن) دوو ڕەگی کاری هەیە، ئەوانیش(ڵێ) و (گۆ)ن.

گوڵ + و + موڵ = گوڵومۆڵ

**١٤. ڕەگی کار + ناوبەند + وشـەیەکی بێ واتـا = ناوی لێکدراو**

کوڵ + و + کۆ = کوڵوکۆ

**١٥. ناو + ناوبەند + ناو = ناوی لێکدراو**

قرچ + ە + قرچ = قرچەقرچ

چەق + ە + چەق = چەقەچەق

جیڕ + ە + جیڕ = جیڕەجیڕ

**١٦- وشـەیەکی بێ واتا + و + ناوی سادە = نـاوی لێکدراو**

فڕ + و + فیڵ = فڕوفیڵ

گژ + و+ گیا = گژوگیا

**ئاوەڵناوی لێکدراو**

بەو ئاوەڵنـاوانە دەوترێـت، کە لە دوو وشــە، یـان زیاتر پێکدێن.

یاســاکانی ســازکردنی ئاوەڵنــاوی لێکــدراویش بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**١. ناو + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو**

گەردن + بلوور = گەردنبلوور

بەژن + چنار = بەژنچنار

**٢. ناو + ئاوەڵناوی سادە = ئاوەڵناوی لێکدراو**

ڕوو + خۆش = ڕووخۆش

دڵ + تەنگ = دڵتەنگ

دەست + درێژ = دەستدرێژ

بەخت + ڕەش = بەختڕەش

**٣. ناو + ناوی بەرکار = ئاوەڵناوی لێکدراو**

سەر + شکاو = سەرشکاو

دڵ + سووتاو = دڵسووتاو

**٤. ناو + بە + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو**

قوڕ + بە + سەر = قوڕبەسەر

ڕوو + بە + خاڵ = ڕووبەخاڵ

**٥. ئاوەڵناوی سادە + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو**

خۆش + باوەڕ = خۆشباوەڕ

پڕ + سوود = پڕسوود

**٦. ئاوەڵناوی سادە + ە + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو**

کورت + ە + باڵا = کورتەباڵا

پیر + ە + مێرد = پیرەمێرد

**٧. ناو + ڕەگی کار = ئاوەڵناوی لێکدراو**

ئاشتی + خواز = ئاشتیخواز

سەر + بەست = سەربەست

پیاو + کوژ = پیاوکوژ

**٨ـ ئاوەڵناوی سادە + ڕەگی کار = ئاوەڵناوی لێکدراو**

دوور + بین = دووربین

ڕەش + پۆش = ڕەشپۆش

ڕاست + گۆ = ڕاستگۆ

**٩ـ ژمارە + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو**

دوو + دڵ = دوودڵ

چوار + چاو = چوارچاو

**١٠ـ ئاوەڵکاری سادە + ب + ڕەگی کار = ئاوەڵناوی لێکدراو**

زۆر + بڵێ = زۆربڵێ

**١١ـ ئاوەڵکاری سادە + ڕەگی کار + پاشگری (ەر) = ئاوەڵناوی لێکدراو**

کەم + خۆ + ەر = کەمخۆر

**چاوگی لێکدراو**

بەو چاوگانە دەوترێت، کە لە دوو وشە، یان زیاتر پێکدێت، بە مەرجێ وشەیەکیان چاوگ بێ.

یاساکانی سازکردنی چاوگی لێکدراویش بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**١. ناوی سادە + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

دەست + کەوتن = دەستکەوتن

شەڕ + کردن = شەڕکردن

یارمەتی + دان = یارمەتیدان

**٢. ناوی دارڕژراو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

گەرما + بوون = گەرمابوون

ڕێگا + گرتن = ڕێگاگرتن

**٣. ناوی لێکدراو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

ماستاو + خواردن = ماستاوخواردن

چڵکاو + خواردن = چڵکاوخواردن

ماڵئاوایی + کردن = ماڵئاواییکردن

**٤. دووبارەکردنەوەی ناو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

کون کون + کردن = کون کونکردن

کون کون + بوون = کون کونبوون

**٥. ناوی دارڕژاو + چاوگی دارڕژاو = چاوگی لێکدراو**

جێگە + کردنەوە = جێگەکردنەوە

**٦. ناوی سادە + چاوگی دارڕژاو = چاوگی لێکدراو**

دەست + هەڵبڕین = دەستهەڵبڕین

چاو + پێکەوتن = چاوپێکەوتن

**٧. فرێزی ناوی + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

لەهۆش + چوون = لەهۆشچوون

لەبیر + کردن = لەبیرکردن

**٨. فرێزی ناوی + چاوگی دارِژاو = چاوگی لێکدراو**

بەبیر + هاتنەوە = بەبیرهاتنەوە

لەبیر + کردنەوە = لەبیرکردنەوە

لەهۆش + چوونەوە = لەهۆشچوونەوە

**٩ـ ئاوەڵناوی سادە + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

بڵند + کردن = بڵندکردن

خۆش + کردن = خۆشکردن

**١٠ـ ئاوەڵناوی دارِژاو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

بەهێز + کردن = بەهێزکردن

نەخۆش + کەوتن = نەخۆشکەوتن

**١١. ئاوەڵناوی لێکدراو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

دڵخۆش + کردن = دڵخۆشکردن

دڵشاد + بوون = دڵشادبوون

ڕووڕەش + کردن = ڕووڕەشکردن

**١٢. دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

وردورد + کردن = وردوردکردن

وردورد + بوون = وردوردبوون

**١٣ـ ئاوەڵناوی سادە + چاوگی داڕژاو = چاوگی لێکدراو**

نوێ + کردنەوە = نوێکردنەوە

تیژ + کردنەوە = تیژکردنەوە

**١٤ـ ئاوەڵناوی داڕژاو + چاوگی داڕژاو = چاوگی لێکدراو**

بەهێز + بوونەوە = بەهێزبوونەوە

**١٥. ئاوەڵناوی لێکدراو + چاوگی داڕژاو = چاوگی لێکدراو**

دڵسارد + کردنەوە = دڵساردکردنەوە

دڵخۆش + کردنەوە = دڵخۆشکردنەوە

**١٦ـ ئاوەڵکاری سادە + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

زۆر + کردن = زۆرکردن

کەم + کردن = کەمکردن

**١٧ـ ئاوەڵکاری دارِژاو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

لەناو + چوون = لەناوچوون

لەناو + بردن = لەناوبردن

**١٨. وشەیەک واتای سەربەخۆی نەبێت + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

واز + هێنان = وازهێنان

نقووم + بوون = نقوومبوون

**١٩ـ ئامرازی سەرسوڕمان + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

داخ + خواردن = داخخواردن

ئاخ + خواردن = ئاخخواردن

**٢٠ـ ئامرازی سەرسوڕمان + چاوگی دارِژاو = چاوگی لێکدراو**

ئاخ + هەڵکێشان = ئاخهەڵکێشان

**٢١. پارتیکل + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

خۆزگە + خواردن = خۆزگەخواردن

**کاری لێکدراو**

ئەو کارەیە، کە لە دوو وشـە، یـان زیـاتر پێکدێت، بـە مەرجێ یەکێک لە بەشەکانی وشە لێکدراوەکە کارێک بێت و لەگەڵ بەشێکی تری ئاخاوتن پێکدێن، وەک:

**١. ناوی سادە + کاری سادە = کاری لێکدراو**

دەست + کەوت = دەستکەوت

شەڕ + کرد = شەڕکرد

یارمەتی + دا = یارمەتیدا

سوار + بوو= سواربوو

**٢. ناوی داڕژاو + کاری سادە = کاری لێکدراو**

ڕێگا + گرت = ڕێگاگرت

گەرما + بوو = گەرمابوو

**٣. ناوی لێکدراو + کاری سادە = کاری لێکدراو**

چڵکاو + خوارد = چلکاوخوارد

ماستاو + خوارد = ماستاوخوارد

ماڵئاوایی + کرد = ماڵئاواییکرد

**٤. ناوی سادە + کاری داڕژاو = کاری لێکدراو**

دەست + هەڵبڕی = دەستهەڵبڕی

چاو + پێکەوت = چاوپێکەوت

**٥. دووبارەکردنەوەی ناو+ کاری سادە+= کاری لێکدراو**

کون کون + کرد= کون کونکرد

کون کون + بوو= کون کونبوو

**٦. ناوی داڕژاو + کاری داڕژاو = کاری لێکدراو**

جێگە + کردەوە = جێگەکردەوە

**٧. فرێزی ناوی + کاری سادە = کاری لێکدراو**

لەهۆش + چوو = لەهۆشچوو

لەبیر + کرد = لەبیرکرد

**٨. فرێزی ناوی + کاری داڕژاو = کاری لێکدراو**

بەبیر + هاتەوە = بەبیرهاتەوە

**٩. ئاوەڵناوی سادە + کاری سادە = کاری لێکدراو**

بڵند + کرد = بڵندکرد

خۆش + کرد = خۆشکرد

**١٠ـ دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناو + کاری سادە = کاری لێکدراو**

وردورد + کرد = وردوردکرد

وردورد + بوو = وردورد بوو

**١١. ڕەگی کار + کاری سادە = کاری لێکدراو**

پرس + کرد = پرسکرد

خەو + هات = خەوهات

**١٢ـ ئاوەڵناوی داڕژاو + کاری سادە = کاری لێکدراو**

بەهێز + کرد = بەهێزکرد

نەخۆش + کەوت = نەخۆشکەوت

**١٣ـ ئاوەڵناوی لێکدراو + کاری سادە = کاری لێکدراو**

دڵخۆش + کرد = دڵخۆشکرد

دڵشاد + بوو = دڵشادبوو

**١٤ـ ئاوەڵناوی سادە + کاری داڕژاو = کاری لێکدراو**

نوێ + کردەوە = نوێکردەوە

تیژ + کردەوە = تیژکردەوە

**١٥ـ ئاوەڵناوی داڕژاو + کاری داڕژاو = کاری لێکدراو**

بەئاگا + هاتەوە = بەئاگاهاتەوە

بەهێز + بووەوە = بەهێزبووەوە

**١٦ـ ئاوەڵناوی لێکدراو + کاری داڕژاو = کاری لێکدراو**

دڵسارد + کردەوە = دڵساردکردەوە

دڵخۆش + کردەوە = دڵخۆشکردەوە

**١٧ـ ئاوەڵکاری سادە + کاری سادە = کاری لێکدراو**

زۆر + کرد = زۆرکرد

کەم + کرد = کەمکرد

کەم + بوو = کەمبوو

**١٨ـ ئاوەڵکاری سادە + کاری داڕژاو = کاری لێکدراو**

کەم + کردەوە = کەمکردەوە

زۆر + کردەوە = زۆرکردەوە

**١٩ـ ئاوەڵکاری داڕژاو + کاری سادە = کاری لێکدراو**

لەناو + چوو = لەناچوو

لەناو + برد = لەناوبرد

**٢٠ـ وشەیەک مانای سەربەخۆی نەبێت + کاری سادە = کاری لێکدراو**

واز + هێنا = وازهێنا

نقووم + بوو = نقوومبوو

فڕێ + دا = فڕێدا

**٢١- ئامرازی سەرسوڕمان + کاری سادە = کاری لێکدراو**

ئاخ + خوارد = ئاخخوارد

داخ + خوارد = داخخوارد

**٢٢- ئامرازی سەرسوڕمان + کاری داڕژاو = کاری لێکدراو**

ئاخ + هەڵکێشا = ئاخهەڵکێشا

**ئاوەڵکاری لێکدراو**

بەو ئاوەڵکـــارانە دەوترێـــت، کە لە دوو وشـــە، یـــان زیاتر پێکدێن. یاساکانی سازکردنی ئاوەڵکاری لێکدراو بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**١. دووبارەکردنەوەی ناو، ژمارە، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار. وەک:**

پۆل پۆل، دەستەدەستە، تاقم تاقم ............(ناو)

دوودوو، سێ سێ، چوارچوار ...............(ژمارە)

جوان جوان، وردورد..........................(ئاوەڵناو)

کەم کەم، خێراخێرا ........................(ئاوەڵکار)

**٢. دووبارەکردنەوەی وشەیەک لەگەڵ کەرەسەکانی (او، ەو، بە، لە)، وەک:**

پشتاوپشـــــت، دۆڵاودۆڵ، بانەوبـــــان، پاشـــــەوپاش، شاخەوشاخ، ڕۆژبەڕۆژ، ساڵبەساڵ، یەکبەیەک....

**٣. ئاوەڵناو + بە + ناو = ئاوەڵکاری لێکدراو**

پڕبەدەم، پڕبەدڵ..........

**٤. ژمارە + ناو یان ئاوەڵکار = ئاوەڵکاری لێکدراو**

یەکجار، یەکسەر، یەکشەممە، نیوەڕۆ.......

**٥. وشـــەی (هەر) + نـــاو، ژمـــارە، ئاوەڵکـــار = ئاوەڵکاری لێکدراو**

هەردەم، هەردوو، هەرلا......

**٦. ئاوەڵنـاوە نیشـانەکانی (ئەم.......ە)، (ئەو.......ە) + ناو = ئاوەڵکاری لێکدراو**

ئەمشەو، ئەمساڵ، ئەمڕۆ........

**٧ـ پێشـگری (لە) + سـەر + ئاوەڵکـاری سـادە = ئاوەڵکاری لێکدراو**

لەسەرلا، لەسەرپشت......

**٨ـ نـاو + ەو + ئاوەڵکـاری سـادە = ئاوەڵکـاری لێکدراو**

سەر + ەو + خوار = سەرەوخوار

**٩. ئاوەڵناو + و + ئاوەڵناو = ئاوەڵکاری لێکدراو**

تێروپڕ، گورجوگۆڵ......

**١٠ـ پێشـگر + ئاوەڵنـاوی لێکـدراو + پاشـگر = ئاوەڵکاری لێکدراو**

بە + دڵشکاو + ی = بەدڵشکاوی

**١١ـ ئاوەڵكار + ناوبەند + ئاوەڵكار = ئاوەڵكاری لێكدراو**

سەر + ان + سەر = سەرانسەر

**١٢ـ ئاوەڵكار + نا + ئاوەڵكار = ئاوەڵكاری لێكدراو**

پار + نا + پێرار = پارناپێرار

دوێنێ + نا + پێرێ = دوێنێ ناپێرێ

**ژمارەی لێكدراو**

بەو ژمارانە دەوترێت، كە لە دوو ژمارە، یان زیاتر پێكدێن، وەك (چواردە، سی و سێ، بیست و حەوت، دووهەزار و شەش ...)...هتد.

### ٣.١.٣: جۆرەکانی وشە لە ڕووی بەکارهێنانەوە

**١. وشەی چالاک(کارا)**

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە بەکارهێناندا (ئاخاوتن، نووسین) زۆر چالاک و کاران، و بەشێوەیەکی زۆر فراوان چ لە نووسین و چ لە ئاخاوتن بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە کاری (کرد، بوو) یەکێکن لەو کارانەی زمانی کوردی، کە زۆر بە بەرفراوانی بەکاردێن، وەک:

| کرد | بوو |
|---|---|
| هەڵکرد | ڕابوو |
| ڕاکرد | هەڵبوو |
| کردەوە | سواربوو |
| چاککرد | شین بوو |
| بارکرد | بەربوو |

**٢. وشەی سست (لاواز)**

بەو وشانە دەوترێت، کە لە بەکارهێناندا(نووسین، ئاخاوتن) زۆر سست و لاوازن، و زۆر بە کەمی و لاوازی بەکاردێن. بۆ نموونە وشەی (ئەسرین)، کە لە سەردەمێکدا لەبری (فرمێسک) بەشێوەیەکی فراوانتر و زۆرتر بەکاردەهات، کەچی ئەمڕۆکە زۆر بەدەگمەن

بەکاردێت، ئەگەر بەکاریش بێت زیاتر لە شیعری هەندێ لە شاعیران بەکاردێت.

ئەم جۆرە وشانە ڕەنگە لە سەردەمێکدا زۆر بەکارهاتبن، بەڵام ئەمڕۆکە زۆر سست بوونە، بە جۆرێک وای لێ دێت لە دوارۆژدا ئەم وشانە لە بەکارهێناندا بوەستن، لەم حاڵەتەدا وشەکە دەبێتە مردوو.

### ٤.١.٣: جۆرەکانی وشە لە ڕووی هەبوونەوە

**١. وشەی زیندوو**

بەو وشانە دەوترێت، کە لە ئاخاوتن و نووسیندا بەکاردەهێنرێن، بەو واتایەی ئاخێوەری زمانەکە ڕۆژانە لە ئاخاوتن و نووسین بەکاریان دەهێنێت.

**٢. وشەی مردوو**

بەو وشانە دەوترێت، کە لە ئاخاوتن و نووسین بەکارناهێنرێن، بەڵکو تەنیا لە فەرهەنگدا بوونیان هەیە و ئەمڕۆ لە بەکارهێناندا وەستاون، واتە ئەم جۆرە تەنیا لە فەرهەنگدا بەرچاومان دەکەون.

## ٢.٣: ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە

لە هەموو زمانانی جیهاندا، کۆمەڵێک ڕێگەی جیاواز هەن بۆ سازکردن و هاتنەئارا و لەدایکبوونی وشە و زاراوەی نوێ. لە زمانی کوردیشدا هەروەک زمانانی تری جیهانی، کۆمەڵێ ڕێباز و ڕێگەی تایبەتیمان هەیە بۆ سازکردنی وشە و زاراوەی نوێ، بۆیە لێرەدا گرنگترین ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە دەخەینەڕوو:

### یەکەم: ڕێبازی وەرگرتن

لەم جۆرەدا وشە یان زاراوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر فەرز دەکرێن وەردەگیرێت.[١] واتە وشەیەک یان زاراوەیەک لە زمانێکی ترەوە وەردەگرین، ئەمیش هەندێجار وەرگرتنەکە وەک خۆی دەبێت، بەڵام هەندێجاری تر وەرگرتنەکە بەهۆی

١. کامیران رەحیمی(٢٠٠٦)، خەسارناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گ. زمانەوانی، ژ (٣)، زستانی ١٣٨٥، ل ١٧.

زیادکردنی پیتێک یان زیاتر، یان بە کەمکردنەوەی پیتێک، یان زیاتر دروست دەبێت.[1]

وەرگرتن بۆ دانان و دروستکردنی زاراوە لە هەموو زمـانێکی پێشـکەوتوودا کـارێکی ڕەوایە، ئەگەر بـڕوانینە زمانی ئینگلیزی، ئەوە بەردەوام وشە و زاراوەی نوێ دێتە نـاو زمانەکەیـانەوە، فەرهەنگـی زمـانی ئینگلیـزی پـێ دەوڵەمەند دەکرێت. زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە بەردەوام وشـەی نـوێ وەردەگرێـت و لە کاروبـاری ڕۆژانەدا بەکاری دەهێنێت، چونکە زمان پێویستی بە وشە و زاراوەی نوێ هەیە، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەردەوامەی کەوا ڕوودەدات، لەبەر ئەوە زمانەکـان پەنـا دەبەنە بەر زمانەکانی تر، تا پێداویستییەکانی فەرهەنگی زمانەکەیان دابین بکەن.

دیـارە ئەمـڕۆش زمـانی کـوردی بەهـۆی ڕێبـازی وەرگرتنەوە دەیان زاراوەی لە زمانی عەرەبی و فارسی و

---

١ــ سـەلام نـاوخۆش و نەریمـان خۆشـناو(٢٠٠٩)، زمـانەوانی، بەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٤٣٥.

تـوركی و ئینگلیـزی وەرگرتـووە و بـۆ دەربـڕین لە بیـر و هەست و ناونانی شتومەکی داهێنراو بەکاری هێناون.[1]

لێـرەدا دەبـێ وشــە و زاراوە وەرگیراوەکـان بخـرێنە ژێـر ڕکێفـی دەسـتووری زمـانی کوردییەوە، هەروەکو لەم بـارەوە (د.جەمـال نەبەز)دەڵێـت: **((هەر وشــەیەکی بێگـانە هــاتە نــاو زمــانی کــوردی دەبــێ بخــرێتە ژێــر ڕکێفــی دەستووری زمانەوانی کوردییەوە و لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرگۆگرافییەوە)).**[2] وشـەکانیش بۆ نموونە وەکو:

وشەی عەرەبی:**(زەکات، حەج، قەڵەم، دەوڵەت، شێخ، عەبدوڵڵا، عومەر، قادر،........ هتد).**

وشەی فارسـی:**(سروشـت، نایـاب، وەرزش، نمـایش، ئەندێشە، دەروێش.....هتد).**

وشەی تورکی:**(قەرەباڵەغ، یاپراغ، پـەرداغ، دۆندرمـە، پاقلاوە، دۆشەک، دۆڵمە...هتد).**

---

١ ـ کامـل حسـن بصـیر(د)(١٩٧٩)، زاراوەی کـوردی، چاپخــانەی زانکۆی سلێمانی، ل ٤٨.

٢ـ جەمـال نەبەز، زمـانی یەکگرتـووی کـوردی، بـامبێرگ، ئەڵمانیـا، ١٩٧٦، ل ٧٧.

وشەی ئینگلیزی:( **پۆزەتیڤ، نێگەتیڤ، ئەلتەرناتیڤ، سانسۆر، فۆلکلۆر، فیلم، سوپەرمارکێت، فرێزەر، تەلسکۆپ،.....هتد).**

وشەی یۆنانی:( **ئەتڵەس، ئۆقیانووس، ئەڵماس، ئەنتیکە، سنوور....هتد).**

وشەی سریانی:(**یەڵدا، شەممە، خشڵ، خەبات....هتد).**

وشەی فەرەنسی:(**پاسپۆرت، بۆفیە، دیکۆر، سالۆن، کۆبۆن، مۆبیلیات، گلۆپ، بەلەکۆنە،.....هتد).**

وشەی ئیتالی:(**ستۆدیۆ، تیاترۆ، کارتۆن، پیانۆ، گازینۆ، پانتۆڵ، نمرە....هتد).(١)**

وەرگرتنی وشە و زاراوەش لە هەموو زمانێک، کارێکی ڕەوا و ڕێگەپێدراوە و زۆربەی زمانەوانان لەسەر وەرگرتنی وشە و زاراوە کۆکن، چونکە ژمارەی وشە لە هەموو زمانێکدا سنووردارە، بۆیە زمانەکان پەنا دەبەنە بەر وەرگرتنی زاراوە لە زمانەکانی دیکەوە، بەهۆیەوە پێویستییەکانی فەرهەنگی زمانەکەیان دەستەبەر دەکەن.

---

١ــ بەناز ڕەفیق تۆفیق، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خوارووودا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، بەشی کوردی، ٢٠٠٨، ل٧٣.

## هۆكارەكانی وەرگرتنی وشە

چەندین هۆكار هەن بەهۆیەوە دەتوانین وشە و زاراوەی پێ لە زمانێكی ترەوە وەرگرین، ئەو هۆكارانەش هەمەچەشنەن، گرنگترینیان ئەمانەن:

**١. هۆكاری جوگرافی**

هۆكاری جوگرافی لەنێوان دوو زمان، بۆتە هۆی ئەوەی كۆمەڵێك وشە و زاراوە لە زمانە دراوسێیەكاندا بێتە نێو زمانی كوردییەوە، ئەم وەرگرتنەش لە ئەنجامی هاتوچوونی قسەپێكەرانی نەتەوە جیاوازەكانەوە دروست دەبێت، ئەمەش لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی ترەوە دەگۆڕێت، واتا لایەنی دیموگرافی چۆنیەتی وەرگرتنەكە دەگۆڕێت، بۆ نموونە وشەی (زندە)[١]، كە بە مانای (زیندوو) دێت، بە كاریگەری زمانی فارسی دروستبووە، هەروەها وشەی (خەستەخانە)، لە بنەڕەتدا لە وشەی (خەستە)ی فارسییەوە دروستبووە، هەروەها لە زمانی عەرەبیدا هەندێك وشە و زاراوەمان وەرگرتووە، كە بە هۆكاری جوگرافی ئەم زاراوانە گواستراونەتەوە بۆ نێو زمانی كوردی، وەك:(ئینتخاب)، لە بنەڕەتدا عەرەبییە،

---

١- بەدران ئەحمەد حەبیب (٢٠٠٢)، فەرهەنگی زاراوە، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، چاپی یەكەم، ل٢٧ ـ ٢٦.

بەڵام گواستراوەتەوە نێو زمانی کوردی و بە ئاسانی بەکاردەهێنرێت، هەروەها زاراوەی (ئینتاج) ئەویش بەهەمان شێوە لە زاراوەی عەرەبییەوە وەرگیراوە و بە ئاسانی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێت، یاخود زاراوەی (ئومی) کە بە مانای نەخوێندەوار دێت، ئەمەش لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بەکاردێت و هیچ گرفتێک لەکاتی بەکارهێنانیدا بۆ کەسی گوێگر دروست نابێت.

**٢. هۆکاری ئایینی**

ئایین یەکێکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی، کە وا دەبێتە هۆی دروستبوون و وەرگرتنی وشەی نوێ لەو زمانەی، کە وا ئایینەکەی پێ نوسراوەتەوە، زمانی کوردیش کاریگەرییەکی زۆری ئایینی ئیسلامی بەسەرەوەیە، بێگومان ئەم ئایینەش بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە وشەیەکی زۆری زمانی عەرەبی بێتە نێو زمانی کوردییەوە، ئینجا بە دەستکارییەوە بێت یان بێ دەستکاری بێت. بۆ نموونە وشەی (**قەبر، ئایەت، مەولوود، ڕۆح، حەدیس، قیبلە...**)، کە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون و بە هۆکاری ئایینی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە. هەرچەندە لە زمانی کوردیدا بەرانبەر

ئـەم وشـانە، وشـەی کـوردی بـەکاریش دەهێنرێـت، بـە نموونە:

**قەبر = گۆڕ**

**مەولوود = لەدایکبوون**

**حەدیس = فەرموودە**

هۆکـارێکی تـر بـۆ هـاتنە نـاوەوەی وشـە و زاراوەی عەرەبـی و ئـایینی بـۆ نێـو زمـانی کـوردی ئەوەیە، کە **((خوێندن و نووسین لە کۆندا بە زمانی کوردی نەبووە، وەک ئەمـڕۆ لە کوردسـتان بە شـێوەیەکی ئەکادیمیـانە خوێندن بەڕێوە نەچووە، بەڵکو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەسـەر دەسـتی مەلا و شـێخەکاندا بە زمـانی فارسـی و عەرەبی و تورکی خوێندوویانە))**[1]، بۆیە ئەمە بۆتە هـۆی ئەوەی، کەوا وشـە و زاراوەیەکـی زۆری زمـانی عەرەبـی بێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە.

**٣. هۆکاری ڕۆشنبیری**

ئاسـتی ڕۆشـنبیری کـاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر گەشەسـەندن و بەرفراوانبـوونی فەرهەنگـی زمـان هەیە، ئەم کـاریگەرییەش بەهـۆی پەروەردەکرنـی منداڵ بە

---

[1]- ڕۆژان نوری عەبدوڵلا(٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، ل ٢١٢.

زمانی ترەوە دروست دەبێت، یاخود بەهۆی خوێندن بە زمانی تر دروست دەبێت. زمانی کوردیش بەهۆی ((**بارودۆخی خراپی سیاسی کوردستان کە واقیعی ئەوکات وایکردبوو ڕۆشنبیری کوردی کاریگەری زمانی عەرەبی بەسەردا زاڵبێت**))[1]، ئەمەش دەبێتە هۆی وەرگرتنی وشە و زاراوەی نوێ و بەرفراوانبوون و گەشەسەندنی فەرهەنگی زمانی کوردی. بۆ نموونە وشەکانی (**مەعریفە، عیلم، کتاب، ئیختیلاف، قەڵەم ...**) بەهۆی کاریگەری ڕۆشنبیری عەرەبییەوە وایکردوووە بەسەر زمانی کوردیدا زاڵبێت، دەبێ ئەوەش بوترێت کە بەرانبەر وشەی (قەڵەم)، ئەوا وشەکانی (پێنووس) و (خامە) بەکاردێت، بەڵام لە ئاخاوتندا وشەی قەڵەم تا هەنووکە زۆر بە فراوانتر بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا وشەی (خامە) مێژوویەکی دوور و درێژی بەکارهێنانی هەیە، بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زۆر بە بڵاوی لەلایەن شاعیرانی کورد بەکارهاتووە، بەڵام گومانی تێدا نییە، ئەمڕۆکە زۆر بە دەگمەن بەکاردەهێنرێت.

---

[1]- ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩)، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا، ل ٦٦.

**٤. هۆكاری بازرگانی**

بازرگانی لەنێوان وڵاتێک بۆ وڵاتێكی تر هۆكارێكی ترە بۆ هاتنە ناوەوەی وشە و زاراوەی نوێ بۆ نێو زمانی كوردی، ئەو وشانەی لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە دێتە نێو زمانەكەوە بە خۆماڵی دەكەین، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەكو تاكەكان لەنێو خۆیاندا لەیەكتر بگەن و یارمەتی یەكتر بدەن، لە بواری ئابووریشدا گەشە بكەن ((**ئەمەش بێگومان بە زمانی نیشتمانی دەبێت، ئەو زمانەی خەڵكەكان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەكاری دێنن و بووە بە بەشێک لە ڕۆشنبیریان**))[1]، بۆ نموونە ئەو وشانەی لە ئەنجامی بازرگانییەوە هاتۆتە نێو زمانی كوردییەوە وەک:(**كۆمپانیا، ستی سەنتەر، مۆڵ، سپۆنسەر، بزنسمان، ...**)، ئەمانە كۆمەڵە وشەیەكی نوێن، كە زمانی كوردی لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان تاكەكان وەریگرتوون، بەهۆی ئەو بوارە بازرگانییەی كە ئەنجامی دەدەن دروستبووە. دیارە ئەم وشانەش ئێمە توانیومانە لەگەڵ سروشت و پێكهاتەی زمانەكەمان بگونجێنین.

---

[1]- نسرین محمد فەخری(د)(١٩٨٧)، ڕێنوسی كوردی، بەغداد، ل ١٢٦.

**٥. هۆکاری ڕاگەیاندن**

مــــرۆڤ بەردەوام داهێنــــانی نــــوێ بە ئەنجــــام دەگەیەنێـت، ئەم داهێنانـانەش دەبـنە هـۆی دروسـتبوون و پەیـدابونی وشــە و زاراوەی نـوێ لەنـاو زمانـدا، چـونکە پێویستە ناوێک بـۆ ئەم داهێنـانە نوێیە دابنرێت، ئەمەش وا دەکـــات لە ڕووی ڕاگەیانـــدنەوە چەنـــدین زاراوەی نـــوێ وەربگیرێـت و بەکاربهێنرێـت، دواتـر لەنێـو کۆمەڵگـەدا ئەو وشە و زاراوانە بەکاردەهێنرێت و دەبێتە شتێکی نۆرماڵ و بـاو لەنێـو زمـانەکەدا **((ئەو دۆزیـنەوە زانسـتیانەی کە لە وڵاتـــانی دیـکە ئەنجـام دەدرێــن و زاراوەی تــایبەت بەو بوارانەیــان بــۆ دادەنرێــت زۆرن، لەبەر پێویســتی زمــانی کوری بەو واتایانە لە بواری زانستیدا، زاراوەکان دێنە نێو زمـــــــانی کـــــــوردییەوە))**[١]، زاراوە تازەکـــــــانیش، وەک:**(ئینتەرنێت، مۆبایل، تویتەر، فەیسبووک، سـەتەلایت، لاپتـۆپ، ئـــای تـــی، وای فـــای....)**، کە هەمـــوو ئەمـــانە لە ئەنجامی گەشەسـەندنی زانسـت و بـواری ڕاگەیانـدنەوە بە هەمـــوو جیهانـــدا بڵاوبـــوونەتەوە و بـــوونەتە زاراوەیەکـــی

---

[١]- ڕۆژان نوری عەبدوڵلا(٢٠٠٠)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، ل٢٢٦.

جیهانی، و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بواری ڕاگەیاندنەکاندا بەکاردێت.

**٦. هۆکاری دەروونی**

باری دەرونی هۆکارێکە بۆ دروستبوون و وەرگرتنی وشە و زاراوەی نوێ لەنێو زمانی کوردیدا، هەمیشە ترس وا لە مرۆڤ دەکات لە ڕووی دەروونییەوە نائارام بێت، ترسی مرۆڤ لە زۆر شت وا دەکات کۆمەڵێک وشەی تر وەربگرێت و لەبری وشە ڕەسەنەکە بەکاری بهێنێت((**لە زۆر کۆنەوە خەڵکی ئەو هێز و قودرەت و گیانلەبەرانەی کە لایان پیرۆز بوون، یان سەرچاوەی مەترسی بوون، ناوی ڕاستەقینەیان دەشاردەوە، وایان زانیوە بە ناوی تر ناوی ببەن باشترە**))[١]، بۆ نموونە ئەگەر ژمارە (١٣سیزدە)بێت، دەڵێین (زیادە)، چونکە لە ڕووی دەرونییەوە ئەم ژمارەیە بە ژمارەیەکی بەختی خراپ دەزانن، یاخود بە نەخۆشی(شێرپەنجە) دەڵێین(دەردە پیسەکە)، لەبەر ئەوەیە لە ڕووی دەروونییەوە هەمیشە مرۆڤ ترسی لەم نەخۆشییە هەبووە

---

[١]- عەبدوڵلا عەزیز بابان(١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، ل٦٨.

و هەیە، بۆیە وا دەکات بە ناوی ڕاستەقینەوە ناوی نەهێنێت. دیارە ئەم وشانەش ئەمڕۆکە ناوێکی تری بۆ داندراوە، ئەویش پێی دەوترێت (تابۆ)، واتە وشە قەدەغەکراوەکان.

**٧. هۆکاری سیاسی**

هۆکاری سیاسی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ((**پەیوەندیەکی بەتین لەنێوان هەستی نەتەوەیی و زمانی نەتەوایەتیدا هەیە. تاوەکو هەستی نەتەوایەتی بەهێزتربێت، زمانی نەتەوەیی پتر بایەخی پێ دەدرێت و بەرەو پێشەوە دەڕوات**))[١]، بەهۆی بیری سیاسی و نەتەوایەتییەوە وشەیەکی زۆر وەرگیراوە و دروستبووە و هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە، ئەمەش وایکردووە فەرهەنگی زمان کوردی دەوڵەمەند بێت، لەلایەکی ترەوە بۆتە هۆی گۆڕینی واتای هەندێک وشە، بە مەبەستی گەیاندنی ئەو پەیامەی کە هەیەتی. هۆکاری سیاسی ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە بوژاندنەوەی زمانی کوردی بەتایبەتی، چونکە زمانی نوێ بووە

---

[١]- ڕۆژان نوری عەبدوڵلا(٢٠٠٦)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، ل ١٥٥.

ئامرازێک و هۆکارێک بۆ گەیاندنی ئەو بەرهەمە فکریانەی کە لەبەر دەستی جەماوەردابوون.

ئەگەر بڕوانینە زمانی کوردی پێش ڕاپەڕین، ئەوا دەبینین چەندین وشەی نوێ هاتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، وەک **(ئەمن، موئامەڕە، تەنزیم، خەلیە، ..)**، بەڵام دوای ڕاپەڕین چەندین وشەی نوێ دروستبوون و هاتنە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، ئەوانیش (ئیسلامی سیاسی) کە بەو کەسانە دەوترێت سەر بە پارتێکی سیاسی ئیسلامین، یاخود (لیستی زەرد، لیستی سەوز) بەو کەسانە دەوترێت کە سەر بە لایەنی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)ن، یاخود ئێستا (زۆنی زەرد، زۆنی سەوز) بەکاردێت، بۆ دەسەڵاتی هەردوو حیزبی سەرەکی کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، یان (حکومەتی کاربەڕێکەر) بەو حکومەتە دەوترێت، کە لەڕووی یاساییەوە ماوەی دەسەڵاتی تەواوبووە، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی کابینەی پێشوو بەڕێوە دەبات.

**دووەم: ڕێبازی خوازە**

خــــوازە لە بـــواری زمانەوانیـــدا واتـــای ئەوە دەگەیەنێت، کە وشەییێک بۆ گەیاندنی واتایەک، جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکاربێت.[1] لە هەمان کاتیشدا خوازە لە بـواری ئەدەبیشــدا بـۆ مەبەسـتی جوانکـاری بەکـاردێ، چونکە بابەتەکانی ڕەوانبێژی بە گشتی و خوازە بەتایبەتی لە بواری زمانەوانی نوێدا دەچێتە ناو پراگماتیکەوە.[2]

خوازە لە بنەڕەتدا دوو جۆرە:[3]

١ـــ خــوازەی حەقیقــی: بەو مانـــایە دەوتـــرێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی بابەتی واقیعی پیشان دەدات.

٢ـــ خــوازەی مەجــازی: بەو مانـــایە دەوتـــرێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی بابەتی واقیعی پیشان نادات، بەڵکو لەڕێـگەی پەیوەنـدییەوە لەگەڵ دیاردەکەیـدا مانـا دەدات. گومـانی تێـدا نیـیە کە خـوازە زمـان لە دەربـڕینە بـاو و سـواوەکان ڕزگـار دەکـات، کە بە تێپەڕبـوونی کـات ژەنـگ

---

١. محمد علي الخولي، معجم علم اللغة النظري، انكليزي ـ عربي، مكتبة لبنان، لبنان، ١٩٨٢، ص ١٦٨.

٢. محەمەد مەعروف فەتاح، موحازەراتی خوێندنی باڵا ـ دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦.

٣. کامل بصير، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

دەهێنن، دووبارە گیان بە بەر زمان و فەرهەنگی وشەکاندا دەکاتەوە.[1]

واتە خوازە بریتییە لە گواستنەوەی وشە لە مانا بنچینییەکەی خۆیەوە بۆ مانایەکی نوێ، واتا هەندێ وشەی کۆن دێنن مەبەست و مانای تازەی پێ دەردەبڕن و وای لێدێت کە وشەکە چەمکێکی نوێ لەجیاتی چەمکە سواوەکەی جارانی یان چەمکێکی تازە سەرباری چەمکە کۆنەکەی دەردەبڕێت.

گومانی تێدا نییە خوازە زمان لە دەربڕینە باو و سواوەکان ڕزگار دەکات، کە بە تێپەڕبوونی کات ژەنگ دەهێنن، دووبارە گیان بە بەر زمان و فەرهەنگی وشەکاندا دەکاتەوە.[2]

خوازە زمان ڕزگار دەکات لە دەربڕینە باو و سواوەکان، کە بە تێپەڕبوونی کات ژەنگ دەهێنن، دووبارە گیان بە بەر زمان و فەرهەنگی وشەکاندا دەکاتەوە، هەروەک هۆراس دەڵێت: بە هەموو وچەیەک ڕێگا دراوە و

---

١. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠٠٧، ل ١٧٧.
٢. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠٠٧، ل ١٧٧.

هەمیشـــە ڕێگایـــان پێـــدەدرێت بـــەگوێرەی بـــاوی سەردەمەکەیان وشە سازبکەن، هەروەکو چۆن دارستان پاش تێپەڕبوونی ساڵ گەڵاکانی دەگۆڕێتەوە، ئەوەی لە پێشدا سەوز بووبوو، دەڕزێت، هەروەها وشەکانیش کۆنترینیان زووتر بەرەو نەمان دەڕۆن، بەڵام نوێیەکانیان وەکو وچەیەکی تازەپێگەیشتوو سەوز و بەهادارن.[١]

بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەی (ئاگرنانەوە) بکەین، دەبینین دوو واتای هەیە، یەکەکیان واتای سەرەکی خۆی، کە (ئاگر بەردان لە شوێنێک کە بسووتێ) دەگەیەنێ و واتای دووەمیان کە خوازەیە و مەبەستی سەرەکی بابەتەکەمانە، بە واتای (هەڵگیرسانی شەڕ و ئاشووبنانەوە) دێت .[٢]

هەروەها وشەی (ماڵوێرانی)، کە لە بنچینەدا ئەم وشەیە بۆ ئەو حاڵەتە بەکاردێ، کە یەکێک خانووەکەی خۆی تووشی تێکچوون و وێرانبوون هاتبێ، کەچی توانراوە ئەم وشەیە لەم واتایە بگوازرێتەوە بۆ واتایەکی تر، بەجۆرێک کەسێک تووشی ڕووداوێکی ناخۆش بێت،

---

١. کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٣٢ ـ ٣٣ .

٢. کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٥٧.

لەوانە لە دەستدانی یەکێک لە ئەندامانی ماڵەوە یاخود تووشی ڕووداوێکی تری ناخۆش هاتبێت.[١]

هەروەها هەندێ نموونەی تر لە خوارەوە لەبارەی خوازە ڕووندەکەینەوە:

**- دیوار بە گوێیە. واتە لەوکاتەی کە قسە دەکەیت، دەتوانرێت گوێت لێ بگیرێت، کە وا دەزانی کەس گوێی لێت نییە.**

**زماندرێژ: واتە هار و هاج و قسە لە ڕوو.**

**ڕووڕەش: واتە کەسێکی خراپەکار و تاوانبار.**

**لووت خوار: تورە، ناڕازی.**

**دووزمان: ئەو کەسەی قسە دەهێنی و قسە دەبات بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان دوو کەس.**

**سییێەم: ڕێبازی لێکدان**

زمانی کوردی هەروەکو لە وشەسازیدا باوە، زمانێکی پێکەوە لکاوە و وشە و دەربڕینەکانی ناسادەو لێکدراون، ئەم تایبەتمەندییانەی زمانی کوردی، بەوە چەسپیوە کە بەهۆی ڕێبازی لێکدانەوە، زۆربەی ناو و کارەکان لەسەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار

---

١. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٧.

یان زۆرتر لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا پەیدابوون و وەک وشـــەیەکی خـــاوەن واتـــایەکی ســـەربەخۆ، خۆیـــان چەسپاندووە .[1]

بەهـۆی ئەم ڕێبـازەوە یاسـاکانی پێکهـاتنی زۆربەی بەشـە ئاخاوتنەکـان دەگرێتەخـۆ (نـاوی لێکـدراو، جێنـاوی لێکـدراو، ئاوەڵنـاوی لێکـدراو، کـاری لێکـدراو، ئاوەڵکـاری لێکـدراو، ژمـارەی لێکـدراو،......هتـد) وەکـو :(**نوێخـواز، کۆنەپەرسـت، ڕەشـماڵ، دارگـوێز، دەنگوبـاس، ڕێنـووس، مانگەشەو، چاوشین، ...هتد).**[2]

**چوارەم: ڕێبازی داتـاشین**

ڕێبازێکە بۆ سازکردنی وشە و زاراوەی نوێباو، لە دوو وشـەی سـادە پـاش قرتانـدن و فڕێدانی دەنگێـک یـان زیـاتر لە یەکێـک لە وشـە سـادەکان یـان لە هەردووکیـان، ئینجا بەدەم یەکتر دانانیان و سـازکردنی زاراوەیەکـی نوێ لە هەردووکیان،[3] بەو واتایەی دروستکردنی وشـەیەک لـە دوو وشەی سەربەخۆ یـان زیـاتر، بەمـەرجێک هاوئاهـەنگی

---

١. جەمال عەبدول، بەرکولێکی زانستی زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٦.

٢. ڕۆژان نووری عەبدوڵلا، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦.

٣ . کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٦٩.

له بێژه و واتای نێوان وشه داتاشراوەکه و هەردوو وشه یان زیاتر له وشه لێداتاشراوەکان هەبێت.[١] وەک:

**شت + مەک = شمەک**

**گا + ئاسن = گاسن** [٢]

**تام + ئارەزوو = تامەزرۆ** [٣]

**ئەمیر + زادە = میرزا** [٤]

**ڕێگە + نووسین = ڕێنووس**

**ڕێگە + زمان = ڕێزمان**

**پاد + شاهـ = پاشا** [٥]

کەواتە دروستکردنی وشەیەک له دوو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر، بەمەرجێک هاوئاهەنگی له بێژه و واتایاندا هەبێت له نێوان وشه داتاشراوەکه و هەردوو وشه یان زیاتر له وشه لێ داتاشراوەکان.[٦]

---

١ـ علي القاسمي(د)(١٩٨٥)، مقدمة في علم المصطلح، بغداد، ص ١٠٢.

٢ـ کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

٣ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.

٤ـ کامران رەحیمی، هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

٥ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

٦ـ محەمەد وەسمان، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان له زمانی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٦٠.

**پێنجەم: دارشتن**

لێرەدا سازکردنی وشە و زاراوە بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانەوە دەبێت، چونکە بەهۆی ئەم ڕێبازەوە دەتوانین چەندین وشەی نوێباو بەهۆی پێشگر و پاشگرەکان ساز بکەین، کە واتاکەیان لەگەڵ واتای وشە سەرەکییەکە جیابێت.[1]

کەواتە لە دارشتندا بێژەیەک لە بێژەیەکی دیکەوە دابڕێژێت، بەمەرجێک هەماهەنگی و گونجانیان لە بێژە و واتا لە نێواندا هەبێت،[2] وەک:

**ڕاکرد، هەڵکرد، کردەوە..**[3]

**هەڵگرت، گرتەوە، داگرت..**[4]

**ئاسنگەر، گیاندار، دوکاندار..**[5]

ئەم جۆرە وشانە لە وشەسازی کوردیدا بە ناوی وشەی (داڕێژراو) ناودەبرێن، بۆمان هەیە چۆنیەتی لەدایکبوونیان و ناوەکەیان لە زاراوەسازیدا بە ڕێبازێکی

---

١. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.

٢. محەمەد وەسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

٣. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.

٤. هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.

٥. کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

زاراوەدانـان دابنێـین و کەڵـک لەم ڕێبـازەوە وەربگـرین بـۆ سازکردنی زاراوەی نوێباوی کوردی.[1]

**شەشەم: ڕێبازی وەرگێڕان**

گرنگتـرین ڕێبـازی سـازکردن و هـاتنە ئـارای وشـەیە، بەهـۆیەوە وشـەیەک لە زمـانێکی تـرەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر.[2]

وەرگێڕانـی وشـە و زاراوە لەهەر زمـانێکەوە بێت، واتـای تەنیـا وەرگێڕانـی زاراوە وەرگێـڕدراوەکەیە و لە (دەق) وەرگێـڕان جیـاوازە، وەرگێـڕانیش سـێ جـۆری سـەرەکییە، وەرگێڕانـی وشـە بە وشـە، وەرگێڕانـی بە دەسـتکارییەوە، وەرگێڕانـی بە خـورپە و سروشـەوە.[3] کەواتە لە وەرگێڕانـدا((**گواسـتنەوەی زاراوەی بیـانی بـۆ زمـانی کـوردی بە واتـاکەی نەک بە بێژەکەی، وەرگێڕ لە زمـانی کوردیـدا بەدوای بێـژەی بەرانـبەر ئەو چەمـک و واتایەدا دەگەینێت، کە هەمان واتای زاراوە بیانییەکە بدات یان کوردی چی ناونانێک لەم چەمک و وشـە دەنێت، کە زاراوە بیانییەکەی بـۆ دانـراوە، دوای ئەوەی دەیدۆزێتەوە**

---

١. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

٢. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ل ٤٣٧.

٣. جەمال عەبدول، هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

**به پلەی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ چەمکە بیانییەکەی لە هەموو لایەنێکەوە دەکۆڵێتەوە ئینجا بەکاری دێنێت)).**[١]

وەرگێڕان لە دنیای ئەمڕۆکەماندا زۆر گرنگە، بۆیە پێویستە لە وەرگێڕانی زاراوەکاندا زۆر وریابین و هەرگیز لە وەرگێڕانی وشە بە وشە نزیک نەبینەوە، بەتایبەتی لە کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندندا.

دەبێ ئەوەش بگوترێت، کە وەرگێڕان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان و، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت، بۆ ئەوەی بەدوای وشە و زاراوەی نوێ و بۆچوونی نوێدا بگەڕێت.[٢]

وەرگێڕان بە ئینگلیزی پێی دەگوترێتTranslation واتاکەی لێکدانەوە دەگرێتەوە. وشەی (ترجمة) سەرەتا لە (تەرجومی) ئارامییەوە وەرگیراوە، کاتی خۆی بۆ لێکدانەوەی (کتێبی پیرۆز)ی ئایینی بەکاردەهێنرا، کە بە زمانی ئارامی نووسرا بوو، کاتێک دەگوترێ فلان کەس ئەو گوتەیەی وەرگێڕاوە، واتە بە زمانێکی تر لێکی داوەتەوە یان دەریبڕیوە.

---

١. محەمەد وەسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٦٠ ـ ٦١.

٢. کەمال مەعروف(د)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ل ١٢٢.

لە زمانی کوردیدا ئەگەر بمانەوێ وشـەیەکی هاوواتـا بۆ ئەو چەمک و واتـایە بدۆزینەوە، وشـەی وەرگێـڕانە، کە گواستنەوە و وەرگێڕانی بابەتێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگەنێت.

یوجین نیدا Eugene Nida دەڵێت **« وەرگێڕان بـریتییە لە دۆزیـنەوەی نزیکتـرین هاوتـا لەو زمـانەی کە وەرگێڕانی پێ دەکرێ، لە پێشدا لەباری واتا و لەپاشان لەباری دارشتنی شێوازەوە.«**

لیۆنـارد فۆسـتەر (Leonard Foster) دەڵێـت: **"وەرگێڕان دەبێت هەر ئەو مەبەستە بگەیەنێت کە لە زمانی سەرچاوەدا گەیاندوویەتی."**

نیومـارک (Newmark) دەڵێـت: " **وەرگێـڕان شـارەزایی و لێزانینـە و هەوڵـدانە بـۆ لێکـدانەوە و گواستنەوەی پەیامێک یان نووسراوێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر."**

سەفا خەلوسی دەڵێت: ((**وەرگێڕان هونەرێکی جوانە، واتای گواستنەوەی وشە و واتا و شێوازەکان دەگەیەنێت لە زمـانێکەوە بـۆ زمـانێکی دی، خـوێنەری دەقە وەرگێڕدراوەکە هەست بە ڕوونی دەقەکە بکات هەر وەک چۆن خوێنەری زمانی سەرچاوە هەستی پێدەکات)).**

ئەی.ئەی. فلیگـان (A. A. Philigan) دەڵێـت: "**ئەگەر وەرگێڕان ئەرکی گەیانـدنی نەبێت و نەبێـتە هـۆی گەیاندنی واتا بۆ لای وەرگر، هیچ نرخێکی نابێت."**

**نموونە:**

**الحرب البارده = جەنگی سارد**

**دموع التماسیح = فرمێسکی تیمساح**

**الحرب و السلام = جەنگ و ئاستی**

# بەشی چوارەم
# ڕەگ و قەد و بنج

**١.٤: ڕەگ(Root)**

**١.١.٤: تێڕوانینی کۆن بۆ ڕەگ**

لە ڕێزمانی کۆن و نوێدا تێڕوانینی جیاواز بۆ بابەتی ڕەگ هەیە، بە جۆرێک لە ڕێزمانی کۆندا ڕەگ لە زمانی کوردیدا هەمیشە دەبێتە بنچینە بۆ دروستبوونی کاری ڕانەبوردوو(**دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین، کە کاری فەرماندانیش هەمیشە لە ڕەگی کارەوە دروست دەبێت، چونکە کاری فەرماندان لە ڕووی دەمکاتەوە ڕانەبوردووە**)، تەنانەت پێناسەی ڕەگ لە ڕێزمانی کۆنی کوردیدا بەم شێوەیەیە((**ڕەگ ئەو بەشەیە، کە لە چاوگ وەردەگیرێت و دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی چاوگ، لە هەمان کاتیشدا بەشی هەرە زۆری ڕەگی کار وەکو مۆرفیمێکی بەند سەیر دەکرێ و بە تەنیا بەکارناییێت**))[١]، یان ((**ڕەگ مۆرفیمێکی بەندی وشەسازییە، هەڵگر و پارێزەری واتای چاوگەکەیەتی، بەگشتی واتا نابەخشێت، بەهۆی گیرەکی وشە داڕێژەوە وشەی نوێ پێکدەهێنێت،**

---

[١]- نەریمان خۆشناو(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.ل ٧٣.

**ناکرێ پیتێکی لێ کەم بکرێتەوە، چونکە ڕەگ نامێنێتەوە و دەشێوێت))**[1].

واتە ڕەگ بە تێڕوانینی کۆن تەنیا لە بابەتی (کار)دا هەیە و دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دروستبوونی کاری ڕانەبوردوو، بەمشێوەیە:

**بۆ حاڵەتی ئەرێی ڕانەبوردوو:**

نیشانەی ئەرێی ڕانەبوردوو(دە) + ڕەگی کار + جێناوەکان(م ـ ین، یت ـ ن، ات/ ێت ـ ن)

بۆ نموونە: (دەچم)، لێرەدا (چ) ڕەگە

**بۆ حاڵەتی نەرێی ڕانەبوردوو:**

نیشانەی نەرێی ڕانەبوردوو(نا) + ڕەگی کار + جێناوەکان(م ـ ین، یت ـ ن، ات/ ێت ـ ن)

بۆ نموونە: (ناچم)، لێرەدا (چ) ڕەگە

---

[1] ـ ڕەفیق شوانی(د)(٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل٩٧.

**کاری ئەرێی فەرماندان:**

نیشانەی ئەرێی فەرماندان(بـ) + ڕەگی کار + جێناوەکان(ە، ن)

بۆ نموونە: (بخوێنە)، لێرەدا (خوێن) ڕەگە

**کاری نەرێی فەرماندان:**

نیشانەی نەرێی فەرماندان(مە) + ڕەگی کار + جێناوەکان(ە، ن)

بۆ نموونە: (مەخوێنە)، لێرەدا (خوێن) ڕەگە

کەواتە لە ڕێزمانی کۆندا (ڕەگ) لە زمانی کوردیدا ئەو بەشەیە، کە لە (چاوگ) وەردەگیرێت، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بە لابردنی مۆرفیمەکانی ڕابوردوو، ڕەگ سازدەکرێ، کەواتە بە لابردنی مۆرفیمەکانی ڕابوردوو و بوونی هەندێ حاڵەتی فۆنۆلۆجی، ڕەگی کار ساز دەکرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:[1]

[1]- نەریمان خۆشناو(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.ل٧٤ ـ ٨٠).

## ٢.١.٤: چۆنیەتی دروستبوونی ڕەگ

### یەکەم: چاوگی (ئەلفی)

ئەگەر چاوگەکە تێپەڕ بوو، ئەوا (ن)ی چاوگ و مۆرفیمی (ا)ی ڕابوردوو لادەبەین، ڕەگ سازدەکرێت، وەک:

| ڕەگ | چاوگ |
| --- | --- |
| کێڵ | کێڵان |
| هێن | هێنان |
| شێل | شێلان |

بەڵام ئەگەر چاوگەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوا بە لابردنی (ن)ی چاوگ و گۆڕینی مۆرفیمی (ا) بۆ (ێ)، ڕەگ دروست دەکرێ، وەک:

| ڕەگ | چاوگ |
| --- | --- |
| شکێ | شکان |
| برژێ | برژان |
| خنکێ | خنکان |

**دووەم: چاوگی( یائی)**

دروســـتکردنی ڕەگ لە چـــاوگی یـــائی تێـــپەڕ و تێـنەپەڕ بەهـۆی لابردنـی (ن)ی چـاوگ و (ی) ڕابـوردوو دەبێت، وەک:

| ڕەگ | چاوگ |
|---|---|
| کڕ | کڕین |
| فڕ | فڕین |
| بڕ | بڕین |
| لەرز | لەرزین |

**سێیەم: چاوگی (واوی)**

ئەگەر چـاوگەکە تێـنەپەڕ بـوو، ئەوا بە لابردنـی (ن)ی چـاوگ و مـۆرفیمی (وو)، ڕەگ دروسـت دەکرێـت، وەک:

| ڕەگ | چاوگ |
|---|---|
| چ | چوون |
| ب | بوون |

بەڵام ئەگەر چـاوگەکە تێـپەڕ بـوو، ئەوا تەنیـا (ن)ی چاوگ لادەدەین و ڕەگی کار سازدەکرێت، لێرەشدا ڕەگ و قەدی چاوگ وەکیەک دەبێت، بۆ نموونە:

| قەدی چاوگ | ڕەگ | چاوگ |
|---|---|---|
| دروو | دروو | دروون |
| گروو | گروو | گروون |

**چوارەم: چاوگی (تائی)**

دروستکردنی ڕەگ لە چاوگی (تائی)، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١ـ بەشێک لە چاوگی (تائی) بەهۆی لابردنی (ن)ی چاوگ و (ت)ی ڕابوردوو، ڕەگ دروست دەبێ، وەک:

| ڕەگ | چاوگ |
|---|---|
| فرۆش | فرۆشتن |
| گر | گرتن |

٢ـ بەشێک لە چاوگی (تائی) بەهۆی لابردنی (ن)ی چاوگ، ڕەگیان لێ دروست دەبێ، واتە لێرەدا (ڕەگ، قەدی چاوگ) وەکو یەکتریان لێدێت، وەک:

| ڕەگ | چاوگ |
|---|---|
| بیست | بیستن |
| بەست | بەستن |
| پەرست | پەرستن |

٣ـ هەندێ چاوگی (تائی)، بەتایبەتی ئەو چاوگانەی کە پێش نیشانەی چاوگی (تن)، پیتی نەبزوێن دێت، و

لەپــێش ئەم پیــتە نەبــزوێنەش، بزوێنــی (ا، ە) دێــت، لەم حاڵەتەشدا بەهۆی لابردنی (تن) و گۆڕینی پیتی بزوێنی (ا، ە) بۆ (ێ)، ڕەگی کاریان لێ دروست دەبێت، واتە لێرەدا دیاردەی فۆنۆلۆجی ڕوودەدات، وەک:

| چاوگ | ڕەگ |
| --- | --- |
| پاڵاوتن | پاڵێو |
| ڤەشارتن | ڤەشێر |

٤- هەندێک چاوگی (تائی)، بەتایبەتی ئەو چاوگانەی پیتــی پــێش نیشــانەی چــاوگ بــریتین لە (س، ش)، لەم حاڵەتەشدا بەهـۆی لابردنـی (تـن) و گـۆڕینی پیتـی (س) بـۆ پیتـی(ز)، و پیتـی(ش) بـۆ پیتـی (ژ)، ئینجـا ڕەگ دروسـت دەبێت، واتە لێرەدا دیاردەی فۆنۆلۆجی ڕوودەدات، وەک:

| چاوگ | ڕەگ |
| --- | --- |
| خواستن | خواز |
| گەستن | گەز |
| کوشتن | کوژ |
| پاراستن | پارێز |
| چێشتن | چێژ |
| ڕشتن | ڕێژ |

٥- هەندێک چاوگی (تائی) هەن، کە لەسەر دەستوور نارۆن، چونکە گۆڕانەکانیان لەگەڵ دەستوورەکانی دروستکردنی (ڕەگی کار) زۆر جیاوازترن، هەروەها گۆڕانەکان لە نموونەیەکەوە بۆ نموونەیەکی تر زۆر جیاوازن، هەر بۆیە ئەم نموونانەی خوارەوە بەبێ دەستوور دەمێننەوە و بە ناوازە لەقەڵەم دەدرێن، وەک:

| چاوگ | ڕەگ |
|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕۆ |
| شوشتن | شۆ |
| گوتن | لێ/ بێژ |
| نووستن | نوو |

**پێنجەم : چاوگی (دالی)**

دروستکردنی ڕەگ لە چاوگی (دالی)، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١ـ بەشێک لە چاوگی (دالی) بەهۆی لابردنی (ن)ی چاوگ و (د)ی ڕابوردوو، ڕەگ دروست دەبێت، وەک:

| چاوگ | ڕەگ |
|---|---|
| خوێندن | خوێن |
| مردن | مر |

٢ـ هەندێ چاوگی (دالی)، بەتایبەتی ئەو چاوگانەی پێش نیشانەی چاوگی (دن)، پیتی نەبزوێن دێت، و لەپێش ئەم پیتە نەبزوێنەش، بزوێنی (ا، ە) دێت، لەم حاڵەتەشدا بەهۆی لابردنی (دن) و گۆڕینی پیتی بزوێنی (ا، ە) بۆ (ێ)، ڕەگیان لێ دروست دەبێت، واتە لێرەدا دیاردەی فۆنۆلۆجی ڕوودەدات، وەک:

| ڕەگ | چاوگ |
|---|---|
| سپێر | سپاردن |
| چێن | چاندن |
| نێر | ناردن |
| سێن | سەندن |
| برژێن | برژاندن |

٣- هەندێک چاوگی(دالی) هەن، کە لەسەر دەستوور ناڕۆن، چونکە گۆڕانەکانیان لەگەڵ دەستوورەکانی دروستکردنی (ڕەگی کار) زۆر جیاوازترن، هەروەها گۆڕانەکان لە نموونەیەکەوە بۆ نموونەیەکی تر زۆر جیاوازن، هەر بۆیە ئەم نموونانەی خوارەوە بەبێ دەستوور دەمێننەوە و بە ناوازە لەقەڵەم دەدرێن، وەک:

| ڕەگ | چاوگ |
|---|---|
| خۆ | خواردن |
| بە | بردن |
| کە | کردن |

### ٣.١.٤: تێڕوانینی نویێ بۆ ڕەگ

تێڕوانینی نوێ بۆ ڕەگ زۆر جیاوازە لە تێڕوانینی کۆن، بەجۆرێ لە ڕێزمانی نوێدا (ڕەگ) لە هەموو وشەیەکدا بوونی هەیە و تەنیا پەیوەست نییە بە کار، بەجۆرێک بە کرۆک و ناواخنی هەموو وشەیەک دادەنرێت، بەمەرجێ هیچ شتێکی زیادەی پێوە نەلکێنرا بێ.

تا ئێستا چەندین پێناسە بۆ ڕەگ کراون، لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ پێناسەی بۆ (ڕەگ) بکەین، لەوانە:

**((ڕەگ کرۆکی نەگۆڕی وشەیە، کە هیچ شتێکی پێوە نەنووسابێ)).**(١)

**((ڕەگ ئەو مۆرفیمەیە، کە خۆی بە سەربەخۆیی واتا دەبەخشێ)).**(٢)

---

[1]-F. Katamba and J.Stonham (2006), Morphology, 2nd edition.p: 42.

[٢]- محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٧٤)، فۆنەتیکی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا. ل ١١١.

**((ڕەگ دوای لادانی هەموو گیرەکێک لەسەر وشە، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگی وشەیە)).[1]**

**((ڕەگ ئەو بەشەی وشەیە، کە ئەمێنێتەوە دوای لابردنی هەموو ئەفێکسەکان)).[2]**

**((ڕەگ یەکەیەکی پێکهاتەیی ڕەسەنی وشەیە، بەجۆرێک وشەیە بەبێ هیچ زیادەیەک)).[3]**

**((ڕەگ پاشماوەی وشەیە دوای لادانی گیرەک پەیدا دەبێ)).[4]**

کەواتە ڕەگ هەموو وشەیەکی فەرهەنگی لە شێوەی سادەدا دەگرێتەخۆ، بەبێ ئەوەی گیرەکە ڕێزمانی و وشەدارێژەکانی بخرێتە سەر. بەو واتایەی لە تێڕوانینی

---

[1]- محمد علي الخولي(١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري ـ انكليزي ـ عربي، مكتبة لبنان.
ص ٢٤٥).

[2]- وریا عومەر ئەمین(١٩٨٢)، وشە، گ. نوسەری کورد، ژ. (٩)، یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەغدا.ل ٨٧.

[3]– مبارك مبارك(١٩٩٩)، معجم المصطلحات الالسنية، فرنسي ـ انكليزي ـ عربي، الطبعة الاولى، دار الفكر اللبناني للطباعة و النشر، بيروت ـ لبنان، ص٣٥.

[4]ـ رمزي منير بعلبگي(د)(١٩٩٠)، معجم الممصطلحات اللغوية، بيروت، لبنان، ص ٤٢٢.

نوێدا لە سادەترین حاڵەتدا وشە بە ڕەگ هەژمار دەکرێت، واتە ڕەگ تەنیا بە کار نابەسترێتەوە، بەڵکو هەموو بەشەکانی ئاخاوتن دوای لێکردنەوەی مۆرفیمە ڕێزمانی و وشەدارێژەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە بە ڕەگ هەژمار دەکرێت.

**٥.١.٤: جۆرەکانی ڕەگ**

**١. ڕەگی سەربەخۆ**

بەو ڕەگانە دەوترێت، کە بە تەنیا واتا دەبەخشن و وەک وشەیەکی سەربەخۆ لە زماندا دەردەکەون، ئەمەشیان دوو جۆرە:

**أ. ڕەگی فەرهەنگی**

ئەم جۆرە ڕەگە، وشە تەواو و سەربەخۆکانی نێو بەشەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە، واتە پێکدێت لە بەشە ئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، جێناو، ژمارە). وەک:**(گوڵ، جوان، ئەمڕۆ، کێ، هەشت...هتد)**.

**ب . ڕەگی ئەرکی**

ئەم جۆرە ڕەگە، وشە ناتەواوەکانی نێو بەشەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە، بە واتایەکی تر ئەو بەشە ئاخاوتنانە دەگرێتەوە، کە ئەرکیان هەیە نەک واتا، واتە پێکدێن لە

بەشە ئاخاوتنەکانی (ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی بانگکردن، ئامرازی سەرسوڕمان، ئامرازی لێکدەر، پارتیکڵ)، وەک:(**بۆ، ئەی، ئافەرین، یان، دەبوایە...هتد).**

**٢. ڕەگی بەند**

ئەم ڕەگە واتایەکی تەواوی نییە، بەڵکو هەمیشە پێویستی بە کەرەسەی تر هەیە، بۆ ئەوەی واتا پەیدا بکات، واتە ئەم جۆرە بۆ جیاکردنەوەیان پشت لەسەر دووبارەبوونەوە دەبەستن، و گەردانکردنیان لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە وەکیەکە[١] .

بە شێوەیەکی گشتی ڕەگی بەند هەموو گیرەکە بەندەکان(وشەدارێژ و ڕێزمانی) دەگرێتەوە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە گیرەکە بەندەکان ڕەگی بەند دەگرنەخۆ، وەک:[٢]

---

[١]- بازیان یونس محی الدین(٢٠٠٨)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین، ل ٣١.

[٢]- بازیان یونس محی الدین(٢٠٠٨)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین، ل ٣١ـ ٣٢.

(دەکـەن)، لێـرەدا (کـە) ڕەگـی بەنـدە، کـە بـە تـەنیا بـەکارناییێت، بـەڵکو پێویسـتی بـە کەرەسـە و مـۆرفیمی تـر هەیە.

(پەنجـە)، لێـرەدا (پـەنج) ڕەگـی بەنـدە، کـە بـە تـەنیا بـەکارناییێت، بـەڵکو پێویسـتی بـە کەرەسـە و مـۆرفیمی تـر هەیە.

(گەنـدە)، لێـرەدا (گـەن) ڕەگـی بەنـدە، کـە بـە تـەنیا بـەکارناییێت، بـەڵکو پێویسـتی بـە کەرەسـە و مـۆرفیمی تـر هەیە.

کەواتـە ڕەگـی بەنـد ئـەم جـۆرە ڕەگانـە بـە تـەنیا و سـەربەخۆ مـۆرفیمێکی بەندن و بەکارنایـەن، بـەڵکو بـەهۆی گیرەکـی ڕێزمـانی و گیرەکـی وشـەداڕێژەوە بـەکاردێت و دەوری وشە و کار دەبینێ، وەک:

خۆ(خـــواردن)..... دەخـــۆم، دۆخۆیـــت، بخـــۆر، خۆراک....[1]

کەواتـە وەک پێشـتر ئاماژەمـان بـۆی کـرد، ڕەگ لـە ڕێزمـــانی نوێـــدا لـــە هـــەموو وشـــەیەدا بـــوونی هەیـــە و

---

[1] ـ ڕەفیق شوانی(د)(٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، دەزگای توێژینــەوە و بڵاوکردنــەوەی موکریــانی، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێر، ل٩٧.

دەردەکەوێت، ئەویش لە حاڵەتی ئاسایی و وشەی سادەدا خۆی دەنوێنێت، هەروەک لەم نموونانە ڕوونی دەکەینەوە:

**گوڵ = ڕەگە**

**گوڵەباخ : گوڵ = ڕەگە، باخ : ڕەگە**

**سەر = ڕەگە**

**سەرکەوت : سەر = ڕەگە، کەو= ڕەگە**

**دوێنێ= ڕەگە**

**ئاسن = ڕەگە**

**ئاسنگەر : ئاسن = ڕەگە**

**زێڕین : زێڕ = ڕەگە**

### ٢.٤: قەد(Stem)

### ١.٢.٤: تێڕوانینی کۆن بۆ قەد

لە ڕێزمانی کۆن و نوێدا تێڕوانینی جیاواز بۆ بابەتی قەد هەیە، بە جۆرێک لە ڕێزمانی کوندا قەد لە زمانی کوردیدا هەمیشە دەبێتە بنچینە بۆ دروستبوونی کاری ڕابوردوو، واتە قەد تەنیا لە بابەتی کاردا هەیە و دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دروستبوونی کاری ڕابوردوو، ئەمیش لە چاوگ وەردەگیرێت و دوای لابردنی (ن)ی چاوگ، قەد دروست دەبێت، واتە بەمشێوەیە:

**چاوگ – ن = قەد**

هەروەها قەد وشەیەکە لە چاوگەوە بە لادانی (ن)ەکەی وەردەگیرێت، بەهۆی زیادەی وشەدارێژەوە وشەی تری لێوە دروست دەکرێت.[1]

کەواتە لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی قەد، پەنادەبرێتە بەر چاوگ، ئەمیش بە لابردنی (ن)ی چاوگ سازدەبێت، لەم حاڵەتەشدا وشەکە بە یەکێک لەم پێنج مۆرفێمانە( وو، ی، د، ا، ت) کۆتاییان دێت، بەم شێوەیە:

**مۆرفێمی (وو):**

| چاوگ | لابردنی (ن) | قەد | مۆرفیم |
|---|---|---|---|
| چوون | - ن | چوو | وو |
| بوون | - ن | بوو | وو |
| دروون | - ن | درووو | وو |

مۆرفێمی (ی):

| چاوگ | لابردنی (ن) | قەد | مۆرفیم |
|---|---|---|---|
| کڕین | - ن | کڕی | ی |
| فڕین | - ن | فڕی | ی |
| بڕین | - ن | بڕی | ی |

[1] - ڕەفیق شوانی(د)(٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل٩٨.

| | | | |
|---|---|---|---|
| سڕین | ـ ن | سڕی | ی |

**مۆرفێمی (د) :**

| چاوگ | لابردنی (ن) | قەد | مۆرفیم |
|---|---|---|---|
| مردن | ـ ن | مرد | د |
| کردن | ـ ن | کرد | د |
| بردن | ـ ن | برد | د |
| خواردن | ـ ن | خوارد | د |

**مۆرفێمی (ا):**

| چاوگ | لابردنی (ن) | قەد | مۆرفیم |
|---|---|---|---|
| سوتان | ـ ن | سوتا | ا |
| ڕووخان | ـ ن | ڕووخا | ا |
| شکان | ـ ن | شکا | ا |
| ڕژان | ـ ن | ڕژا | ا |

**مۆرفێمی (ت):**

| چاوگ | لابردنی (ن) | قەد | مۆرفیم |
|---|---|---|---|
| کەوتن | ـ ن | کەوت | ت |
| خەوتن | ـ ن | خەوت | ت |
| شوشتن | ـ ن | شوشت | ت |
| نوستن | ـ ن | نوست | ت |

### ٢.٢.٤: تێڕوانینی نوێ بۆ قەد

لە ڕێزمانی نوێدا (قەد) شرۆڤەی تری بۆ دەکرێت و تەنیا پەیوەست نییە بە کار، بەجۆرێک قەد بەو وشانە دەوترێت، کە گیرەکی ڕێزمانی وەردەگرن، ئەمیش دوای لێکردنەوەی گیرەکە ڕێزمانییەکان، ئەوەی ماوە پێی دەوترێت (قەد).

تا ئێستا چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ قەد کراون، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

**((قەد دوای لابردنی گیرەکی ڕێزمانی بەدەست دێت و تایبەتە بە پێوەلکانی ئەو جۆرە گیرەکانە)).**[(١)]

**((قەد بریتییە لەو بەشەی وشە پێش لێکردنەوەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، واتە ئەو مۆرفیمەیە، کە دەتوانێ مۆرفیمێکی دیکەی ڕێزمانی بخرێتەسەر)).**[(٢)]

کەواتە وەک دەردەکەوێت، قەد مۆرفیمێکە تەنیا توانای وەرگرتنی مۆرفیمی ڕێزمانی هەیە، ناشێ مۆرفیمی وشەدارێژی بخرێتەسەر، بە واتایەکی تر قەد لە شێوەی

---

[1]-F. Katamba (1993), Morphology, Macmillan Press, London, p: 45.

[2] F. Katamba and J.Stonham (2006), Morphology, 2nd edition, P: 46.

وشەی سادە دەبێت یان لێکدراو دەبینرێت، بەو مەرجەی مــۆرفیم و گیرەکــی ڕێزمــانی وەرگرێــت، ئینجــا دوای لێکردنەوەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەوترێت قەد. وەک:

**کوڕەکە: کوڕ = قەد**

**کچەکان : کچ = قەد**

**جوانتر : جوان = قەد**

**پیاوێک : پیاو = قەد**

**میوەجات : میوە = قەد**

لــەم نموونانــەی ســەرەوەدا وشــەکانی (کــوڕ، کــچ، جوان، پیاو، میوە) قەدن، چونکە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی (ەکە، ەکە+ ان، تـر، ێـک، جات)یـان وەرگرتـووە، بـەڵام ئەگــەر بــە تــەنیا بهاتبــان و مــۆرفیمی ڕێزمانیــان پێــوە نەلکابایە، ئەوا بە قەد هەژمار نەدەکران.

## ٣.٤: بنج (Base)

### ١.٣.٤: پێناسینی بنج

ئـەم بابەتـە تـەنیا لـە ڕێزمـانی نوێدا ئامـاژەی بـۆ دەکرێت، بەو واتایەی تـەنیا تێڕوانینی نویَ بۆ ئـەم بابەتـە هەیە، و تێڕوانینی کۆن بۆ ئەم بابەتە نەبووە.

بنج ئەو مۆرفیمەیە، کە توانای هەیە هـەردوو جۆری مـۆرفیمی ڕێزمـانی و وشـەدارێژ وەرگرێت، بـەو واتایـەی ئـــەم مۆرفیمـــە دوای لێکردنـــەوەی هـــەردوو جـــۆری مۆرفیمەکانی ڕێزمانی و وشەدارێژ سازدەکرێت.

تـا ئێسـتا چەنـدین پێناسـەی جیاجیـا بـۆ بـنج کـراون، لەوانە:

**((بـنج ئـەو مۆرفیمەیـە، کـە توانـای وەرگرتنـی هەردوو جۆرەکەی مۆرفیمی هەیە، مـۆرفیمی ڕێزمـانی بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی سینتاکسـی و مـۆرفیمی وشـەدارێژیش بۆ دروستکردنی وشەیەکی تازە بە مانایەکی تازەوە))**[1].

**((بـنج ئـەو مۆرفیمەیـە، کـە بەشـێکە لـە وشـە، و واتایەکی سەرەکی هەیە و دیاری دەکات، زۆربەی بنج لـە**

[1] -F. Katamba and J.Stonham (2006), Morphology, 2nd edition.p: 46.

**جۆری مۆرفیمی سەربەخۆیە و هەندێجار دەشێ مۆرفیمی بەند بێت)).**[١]

**((بنج ئەو یاسایەیە یان ئەو شتەیە، کە دوای لابردنی هەموو شتەکانی تر(مۆرفیمی ڕێزمانی و وشەدارێژ) دەمێنێتەوە))**[٢].

**((بنج دەبێت مۆرفیمە ڕێزمانییەکان یان دارشتنەکانی لێ بکرێتەوە))**[٣] . بۆ نموونە:

**گوڵدان: گوڵ = بنج**

**دارەکە: دار = بنج**

**نەرمین : نەرم = بنج**

**کوردستان : کورد = بنج**

کاتەمبا دەڵێت:**((هەموو ڕەگێک دەبنە بنج)).**[٤]

---

[1] - Stageberg.N.C, 1981, p:85.

[٢] - بازیان یونس محی الدین(٢٠٠٨)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین، ل ٣٥.

[3]- F. Katamba (1993), Morphology, Macmillan Press, London,p: 45).

[4] F. Katamba (1993), Morphology, Macmillan Press, London, p: 46.

### ٢.٣.٤: جۆرەکانی بنج

بنج دوو جۆری هەیە، بەمشێوەیە:

**١. بنجی سەربەخۆ**

ئەو بنجەیە، کە دەتوانێ بە تەنیا بەکار بهێنرێت و واتایەکی سەربەخۆ و ئازادی هەیە، بە جۆرێک ئەم جۆرە وەک مۆرفیمی سەربەخۆ وایە، وەک:

**کوردستان: کورد = بنجی سەربەخۆ**

**باخچە: باخ = بنجی سەربەخۆ**

**کوڕەکە : کوڕ = بنجی سەربەخۆ**

**٢. بنجی بەند**

ئەو بنجەیە، کە ناتوانێ بە تەنیا بەکار بهێنرێت و بە تەنیا واتا نادات، لە هەمان کاتدا بەکارهێنانیان سنووردارە و لەگەڵ هەندێک وشەی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، و واتایان بەندە بەو پارچەیەی لەگەڵی بەکاردێت، وەک:

**تووشبوون: تووش = بنجی بەند**

**هاندان : هان = بنجی بەند**

**فێربوون : فێر = بنجی بەند**

**نقووم بوون : نقووم = بنجی بەند**

نایاب : یاب = بنجی بەند

بیژار : زار = بنجی بەند

# بەشی پێنجەم

# پێشگر و پاشگر

## ١.٥: چەمک و پێناسەی پێشگر

### چەمکی پێشگر

زاراوەی پێشـــــگر لــــــە زاراوەی (Praefixus)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە لە دوو بەش پێکهاتووە، (Prae) بە واتای (پێش، بەردەم) دێت، و (fixus) بە واتـای (گیر، لکـاو، نووسـاو) دێت(ئـەورەحمانی حـاجی مـارف:١٩٧٧، ل٣٦). هــەروەها ئــەم زاراوەیــە لــە ڕووی پێکهاتنــەوە، وشـەیەکی لێکدراوە، کـە لـە ئاوەڵکاری(پێش) لەگـەڵ ڕەگی کاری (گر)ەوە پێکهاتووە.

### پێناسەی پێشگر

تا ئێستا چەندین پێناسە بۆ پێشگر کراون، لەوانە:

ـــ پێشـــگر زاراوەیـــەکی گراماتیکییـــە، بـــەو بەشـــە دەگوترێـت کـە لـە یـەک بڕگـە یـان زیـاتر پێکهـاتووە و دەکەوێتـە پـێش بناغـەی وشـە و دەبێتـە هـۆی گـۆڕینی ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشە(نەسرین فەخری:١٩٧٣، ل٢٣٨).

ـ پێشـگر ئـەو مۆرفیمەیـە، کـە بـە بەشـی پێشـەوەی وشــە دەلکــێ، و ڕواڵــەت و نــاوەرۆکی وشــە دەگــۆڕێ و دەوری ڕۆنـــانی وشـــە دەبینێ(ئـــەورەحمانی حـــاجی مارف:١٩٧٧، ل٣٦).

- پێشگر مۆرفیمێکی بەندە، کە لە سەرەتای وشەوە دێت.(N.C.Stageberg:1981,p89)

- پێشگر ئەو مۆرفیمەیە کە لە پێش ڕەگ و بنج و قەد دێت و پێوەی دەنووسێت(F.Katamba: 1993,p44)

- پێشگر ئەو مۆرفیمە بەندەیە، کە لە سەرەتای ڕەگ یان وشە دێت.(Lieber, Rochelle:2009,p33)

- پێشگر زیادەیەکە دەخرێتە سەرەتای وشە یا ڕەگ و قەدەوە(ڕەفیق شوانی:٢٠١١، ل ٧٣).

ـ پێشگر ئەو مۆرفیمەیە، کە دەکەوێتە پێش بنەچەوە(base)(یووسف شەریف سەعید: ٢٠١٣، ل ١٠).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی پێشگر ئەو مۆرفیمەیە، کە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی ڕەگ یان وشەوە، و کەرەسەیەکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی وشەی دارِژاو.

## ٢.٥:چەمک و پێناسەی پاشگر

### چەمکی پاشگر

زاراوەی پاشگر لە زاراوەی (Sufixus)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە لە دوو بەش پێکهاتووە،(su) بە واتای (پاش) و (fixus) بە واتای (گیر، لکاو، نووساو) دێت(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٧، ل٣٦). هەروەها ئەم زاراوەیە لە ڕووی پێکهاتنەوە، وشەیەکی لێکدراوە، کە

لــە ئاوەڵکاری(پــاش) لەگــەڵ ڕەگــی کــاری (گــر)ەوە پێکهاتووە.

**پێناسەی پاشگر**

تا ئێستا چەندین پێناسە بۆ پاشگر کراون، لەوانە:

- پاشگر بەو بەشە دەگوترێت، کە بەشدار دەبێت لە دروستکردنی وێنەی جیاجیا و دەکەوێتە کۆتایی ڕەگ یان بناغــە یــان بناغــەی بنچینــەیی و وشــەی جیــاوازی لــێ دەبێتەوە(نەسرین فەخری:١٩٧٣، ل٢٣٩).

- پاشــگر ئــەو مۆرفیمەیــە، کــە بــە کۆتــایی بناغــەی وشەوە دەنووسێ و ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنــــانی وشــــە دەبینێ(ئــــەورەحمانی حــــاجی مارف:١٩٧٧، ل٣٧).

- پاشگر مۆرفیمێکی بەندە، کە لە دواوەی وشە دێت. (N.C.Stageberg:1981,p91)

- پاشگر ئەو زیادەیە، کە لە دواوەی وشە دێت. (F.Katamba: 1993,p44)

- پاشگر ئەو مۆرفیمە بەندەیە، کە لە کۆتایی وشە دێت. (Lieber, Rochelle:2009,p33)

- پاشــگر جۆرێکــە لــە گیرەکــی وشەســازی دەخرێتــە کۆتایی وشەوە لە ناو، ڕاناو، ئاوەڵنـاو، ئاوەڵفرمـان و ڕەگ

و قەدی چاوگیش وشەی داڕێژراوی لێوە پێکدێت(ڕەفیق شوانی:٢٠١١، ل ٧٨).

ــ پاشگر ئەو مۆرفیمەیە، کە دەکەوێتە دواوەی بنەچەوە(base)(یووسف شەریف سەعید: ٢٠١٣، ل ١٠).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی پاشگر ئەو مۆرفیمەیە، کە دەکەوێتە بەشی دواوەی ڕەگ یان وشەوە، و کەرەسەیەکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی وشەی داڕژاو.

**٣.٥: بوون و نەبووی پێشگر و پاشگر**

لەبارەی بوون و نەبوونی پێشگر و پاشگر لە زماندا، چەند بۆچوونێک هەیە، لەوانە:

١ــ لە ڕووی مێژوییەوە زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە بەشی زۆری پێشگر و پاشگرەکان پێشتر وشەی سەربەخۆ بوون و بە تەنیا واتایان داوە، پاشان بۆ دەربڕینی واتای نوێ لەگەڵ وشەی تردا یەکیان گرتووە و وشەی لێکدراویان هێناوەتە کایەوە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات و زۆر بەکارهێنانیان، هەندێک پارچەیان لێ سواوە و بەرە بەرە فۆرمی تازەیان وەرگرتووە.

٢ـ ئەو پێشگر و پاشگرانە لەپڕ دەرنەکەوتوون، بەڵکو بەپێی پێویستی و لەسەر بنەمای زمانەکە خۆی دەرکەوتوونە.

٣. پێشگر و پاشگرەکان لە زماندا بە تەنیا بایەخیان نییە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ کارناکەن، بەڵکو کاتێ دەچنە سەر وشە، دەتوانن دەوری دروستکردنی وشە ببینن، واتە ناکرێ بە جیا بنووسرێن یان بەکار بهێنرێن(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢، ل ٥٦).

**٤.٥: تایبەتمەندییەکانی پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا**

هەندێ لە پێشگر و پاشگرەکان کاتێ دەچنە سەر ڕەگ یان وشە، ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە:

١. بەشە ئاخاوتنی وشە دەگۆڕن، واتە ئەگەر وشەکە پێش وەرگرتنی پێشگر و پاشگرەکان بەشە ئاخاوتنێک بێت، ئەوا دوای وەرگرتنی پێشگر و پاشگرەکان، بەشە ئاخاوتنەکەی دەگۆڕێت، واتە ئاوەڵکار دەکەنە ناو یان ناو دەکەنە ئاوەڵناو......هتد، وەک:

**بن: ئاوەڵکار**

**بن + ار = بنار: ناو**

**پێش: ئاوەڵکار**

**پێش + ەوا= پێشەوا : ناو**(یووسف شەریف سەعید: ٢٠١٣، ل ٢٣ ـ ٢٤)

**زێڕ : ناو**

**زێڕ+ ین = زێڕین: ئاوەڵناو**

**زەرد: ئاوەڵناو**

**زەرد+ ێنە = زەردێنە: ناو**

٢ـ تەنیا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، بەبێ ئەوەی بەشە ئاخاوتنەکە بگۆڕێت، وەک:

**کرد: کار**

**هەڵ + کرد = هەڵکرد: کار**

**ڕا + کرد = ڕاکرد: کار**

**کرد + ەوە = کردەوە: کار**

**چوو: کار**

**هەڵ + چوو = هەڵچوو: کار**

**ڕۆ + چوو = ڕۆچوو: کار**

**دەر + چوو = دەرچوو: کار**

**چوو + ەوە = چووەوە: کار**

٣ـ شێوە و واتای دەگۆڕێت، بەجۆرێک هەندێجار پەیوەندی دژواتایی دروست دەکات(ڕۆژان نوری عەبدوللا: ٢٠١٣، ل٢٨ـ ٢٩)، وەک:

**ڕێک** **ناڕێک**

٤ـ کاتێ دەچنە سەر وشە، هەمیشە وشەیەکی نوێ ساز دەکەن.

٥ـ هەمیشە دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشە.

٦ـ دەکرێ لە وشەیەکدا پێشگر و پاشگر بەیەکەوە بێن، وەک:

**هەڵ + کرد + ەوە = هەڵکردەوە**

**ڕۆ + چوو + ەوە = ڕۆچووەوە**

٧ـ هەندێ وشە لە زمانی کوردیدا بە تەنیا بەکارنایێت، تەنیا بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانەوە نەبێت، بەو واتایەی پێشگر و پاشگرەکان گیان بە وشەکان دەبەخشن و دەبنە هۆی بەکارهێنانیان، وەک:

**واسی**

**هەڵواسی:** بەهۆی پێشگری(هەڵ) توانیومان بەکاری بهێنین و واتا ببەخشێت.

**چەنین:**

**ڕاچەنین:** بەهۆی پێشگری (ڕا) توانیومان بەکاری بهێنین و واتا ببەخشێت.

**چەڵەکین**

**ڕاچەڵەکین:** بەهۆی پێشگری (ڕا) توانیومان بەکاری بهێنین و واتا ببەخشێت.

٨ـ هەندێ پێشگر و پاشگر، کاتێ دەچنە سەر وشە، ئەوا وشەکە هەمان واتا دەگەیەنێت و ناگۆڕێت، بۆ نموونە هەندێ وشە هەیە، واتای شوێن دەگەیەنێت، وەک (ڕێ، جێ، کان، هەوار...)، کەچی پاشگری (گە، گا)ی پێوە دەلکێنرێت و هەر واتای شوێن دەگەیەنێت و ناگۆڕێت (لیژنەی زمان: ٢٠٠٠، ل ٨٩)، وەک:

**ڕێ: ڕێگە، ڕێگا**

**جێ: جێگە، جێگا**

**کان: کانگە، کانگا**

**هەوار: هەوارگە**

## ٥.٥: کێشە و چارەسەرکردن و ساغکردنەوەی هەندێ پێشگر و پاشگر

**١. مۆرفیمی (باز)**

لە زمانی کوردیدا (باز) هەم وەک پاشگر، هەم وەک وشەی سەربەخۆ بەکاردێت.

**(باز) وەک پاشگر**

(باز) وەک پاشگر کاتێ دەچێتە پاڵ وشەوە، چەندین ڕۆڵی جیا جیا دەبینێ، لەوانە:

١. دروستکردنی ناوی پیشە:

**کەو+ باز = کەوباز** (ڕەفیق شوانی:٢٠١١، ل٨١)

**کۆتر + باز = کۆترباز**

**سەگ + باز = سەگباز**

٢. دروستکردنی ئاوەڵناو و ئاوەڵناوی بکەر:

**چاو + باز = چاوباز** (ڕەفیق شوانی:٢٠١١، ل٨١)

**تەقڵە + باز = تەقڵەباز**

**چاو + باز = چاوباز**

**کەڵەکە + باز = کەڵەکباز**

**تەڵەک + باز = تەڵەکباز**

**مێ + باز = مێباز** (ڕەفیق شوانی:٢٠١١، ل٨١)

**چەنە + باز = چەنەباز**

**فیڵ + باز = فیڵباز**(لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٤٩).

**(باز) وەک وشەی سەربەخۆ**

وشەی (باز) لە (دەرباز، سەرباز، باڵباز، ڕێباز، سێباز، قەڵەمباز، بەردەباز) پاشگر نین، بەڵکو وەک وشەیەکی واتادار هاتووە و لەتەک هەر وشەیەکدا واتایەکی تایبەتی گەیاندووە(لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٥٠):

ـ لە وشەکانی (سەرباز) و (باڵباز)دا، واتای نیشانە دەگەیەنێ.

ـ لە وشەکانی (دەرباز) و (ڕێباز)دا، واتای والایی دەگەیەنێ.

(باز) وەک وشەیەکی سەربەخۆ و وەک بەشە ئاخاوتنی (ناو) بەکاردێ، وەک:

**ـ باز = هەڵۆ**

**ـ سەر + باز = سەرباز**(لە وشەی سەربازدا، باز پاشگر نییە، بەڵکو وشەیەکی سەربەخۆیە و واتای مردن و

بـازین دێـت، کەواتـە سـەرباز واتـای کەسـێک سـەری بـۆ بازین و مردن ئامادەیە).(جەمال نەبەز: ٢٠٠٨، ل ٢٨٩).

ـ **گیـان + بـاز = گیانبـاز**(لـە وشـەی گیانبـازدا، بـاز پاشگر نییـە، بـەڵکو وشـەیەکی سـەربەخۆیە و واتـای دۆڕان دێت، کەواتـە گیانبـاز واتـا کەسێک ئامـادەبێ گیـانی لـەپێناو شتێکدا بدۆڕێنێ).(جەمال نەبەز: ٢٠٠٨، ل ٢٨٩).

**مۆرفیمی(باز) وەک ڕەگی کار**

ـ وشـەی (بـاز) لـە وشـەکانی **(سـێباز، قەڵـەمباز، بەردەباز)**، لێرەدا لە ڕەگی (بازدان)ەوە هـاتووە و نـاوێکی دی پێکهاتووە و واتایەکی نوێیان لێ پێکهاتووە.

**٢. مۆرفیمی (اوی)**

(اوی) لـە زمـانی کوردیـدا هـەم وەک پاشـگر، هـەم وەک وشەی سەربەخۆ بەکاردێت.

**مۆرفیمی (اوی) وەک پاشگر**

١ـ پاشگری (اوی) پاشگرێکی نـاسادەیە، واتـە لـە دوو پاشگر پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

أـ پاشگری (او)

ب ـ پاشگری (ی)

٢. پاشگری (اوی) بە (ناو)ەوە دەلکێت و دەیکات بە (ئاوەڵناو) (لیژنـەی زمـان لـە کـۆڕی زانیـاری عێـراق ــ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٤١).، وەک:

**خوێن + اوی = خوێناوی**

**ئاگر + اوی = ئاگراوی**

٣ــ لــە هەنــدێ وشــەدا، پاشــگری (اوی) واتــای ئاڵوودەیی و بڵاوبوونەوە دەبەخشێت، وەک:

**قوڕاوی**

**خوێناوی**

**خەڵوزاوی**

٤ـ لـە هەنـدێ وشـەی تـردا، پاشـگری (اوی) واتـای خاوەنداریێتی دەگەیەنێت(لیژنـەی زمـان لـە کـۆڕی زانیـاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٤١).، وەک:

**دڕکاوی، لماوی، ژەنگاوی.......**

**(اوی) وەک وشە**

لە هەندێ وشەدا (او) یان (اوی) پاشگر نین، بەڵکو وشەیەکی سەربەخۆیە، وەک:

**مراوی**

**گوڵاوی**

**گڵاوی**

**٣. مۆرفیمی(دەر)**

لـە زمـانی کوردیـدا هــەم وەک پێشــگر، هــەم وەک پاشـگر، هـەم وەک ڕەگ و هـەم وەک وشـەی سـەربەخۆ بەکاردێت.

**(دەر)وەک پێشگر**

١ـ لـە وشـەکانی (**دەرکـەوت، دەرچـوو، دەرخسـت، دەرهێنا...هتد**)دا، لێرەدا (دەر) وەک پێشگر دەرکەوتووە و بەهۆیەوە وشەی داڕژاوی دروستکردووە، بەم شێوەیە:

**دەر + کەوت = دەرکەوت**

**دەر + چوو = دەرچوو**

**دەر + خست = دەرخست**

**دەر + هێنا = دەرهێنا**

**(دەر)وەک وشەی سەربەخۆ**

هەندێ لە زمانەوانان (دەر) بە پێشگر لەقەڵەم نادەن، بـەڵکو وەک وشــەی ســەربەخۆ ســەیری دەکــەن. بــەم شێوەیە:

١ـ لـە وشـەکانی (**دەربـەدەر، دەرودراوسـێ، دەشـت ودەر، شـاربەدەر**)، وەک وشـەی سـەربەخۆ بـەکارهاتوون، بەهۆیـەوە وشـەیەکی لێکـدراویان دروسـتکردووە، واتـە لـە دوو وشە پێکهاتوون، لێرەدا یاسایەکەی بەم شێوەیەیە:

**دەر + بە + دەر = دەربەدەر**

**دەر + و + دراوسێ = دەرودراوسێ**

**دەشت + و + دەر = دەشتودەر**

**شار + بە + دەر = شاربەدەر**

٢ ـ لە وشـەکانی (**دەرگە، دەرگا، دەرە، دەرەکی**)دا، (دەر) وەک وشـــەیەکی ســـەربەخۆ هـــاتوون، بەهۆیـــەوە وشـەیەکی دارِژاویـان دروسـتکردووە، لێـرەدا یاسـایەکەی بەم شێوەیەیە:

**دەر + گە = دەرگە**

**دەر + گا = دەرگا**

**دەر + ە = دەرە**

**دەر + ەکی = دەرەکی**

**(دەر)لەنێوان پاشگر و رِەگی کاردا**

١ـ لە وشـەکانی(**بانگدەر، ئاودەر، هانـدەر، شـیردەر، بەرتیلدەر، جنێودەر، رِەنجدەر، پەیماندەر، ناندەر...هتد**)دا، زۆربەی شارەزایان و زمانەوانان پێیان وایە ئەمانە پاشـگر بن!، بەڵام لە بنەرِەتدا پاشـگر نین، بـەڵکو ئـەم (دەر)انـە لـە رِەگـــی کـــاری(دە)، کـــە لـــە چـــاوگی (دان)ەوە هـــاتووە و پاشگری (ەر) پێکهاتوون، واتە بەم شێوەیە:

**ناو + ڕەگی کار + پاشگر = ناوی لێکدراو**

**بانگ + دە + ەر = بانگدەر**

**ئاو + دە + ەر = ئاودەر**

**هان + دە + ەر = هاندەر**

**شیر + دە + ەر = شیردەر**

**بەرتیل + دە + ەر = بەرتیلدەر**

**جنێو + دە + ەر = جنێودەر**

**ڕەنج + دە + ەر = ڕەنجدەر**

**پەیمان + دە + ەر = پەیماندەر**

**نان + دە + ەر = ناندەر**

٢- بە شێوەیەکی گشتی(دەر)، کە لە بەشی دواوەی وشە دێت، بەهۆیەوە دەچێتە سەر (ناو) و دەیکات بە (ئاوەڵناو)، وەک:

**ڕەنج + دەر = ڕەنجدەر**

**پەیمان + دەر = پەیماندەر**

**نان + دەر = ناندەر**

**٤. مۆرفیمی(وان ـ ەوان)**

ئەم مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا واتای **(شارەزایی، پیشەیی، سەرپەرشتی، پارێزگاریی، ئاگاداریێتی)** دەگەیەنێت.

**مۆرفیمی (وان ـ ەوان) وەک پاشگر**

١. هەندێجار بە ناوەوە دەنووسێ، مانای پارێزگلریی و پارێزەریی دەبەخشێ(نوری عەلی ئەمین:١٩٨٥: ل ٢٣)، وەک:

**باخ + ەوان = باخەوان**

٢ـ هەندێجار واتای لێزانیی و کارمەیی لە بوارێک دەگەیەنێت(محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید:٢٠٠٦: ٧٩)، وەک:

**مەل + ەوان = مەلەوان (کارامەیی لە مەلەکردن)**

٣ـ وشەی **(شیروان)**: وا پێدەچێت بە واتای **(شیروەشێن)** بێت، واتە **(وان)** وەک پاشگر دەبینرێت، کەواتە **(شێروان)** هەڵەیە و **(شیروان)** ڕاستە لە ڕووی دەربڕین و نووسینەوە(لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٠٥).

٤ـ وشەی **(کاروان)**: وا پێدەچێت ئەم وشەیە لە وشەی **(کەر)**، کە ئەمڕۆکە بۆتە **(کار)** لەتەک پاشگری

**(ەوان)**دا یەکیان گرتبێت و بۆتە **(کەرەوان)**، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بزێنی **(ە)** گۆڕاوە بۆ **(ا)** و **(کەرەوان)** گۆڕاوە و بۆتە **(کاروان)**. (لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٠٦).

٥. وشەی **(شوان)**: وا پێدەچێت ئەم وشەیە لە دوو کەرتە پێکهاتبێت، یەکێکیان **(شو)**، کە کورتکراوەی **(شیب)**ە و بە واتای **(مەڕ)** دێت و هاوڕەگە لەگەڵ وشە هاوواتاکەی زمانەکانی تری هیندۆئەوروپی، ئینجا پاشگری **(وان)**ی خراوەتە سەر و بۆتە **(شوان)**، کە بە واتای **(مەڕەوان)** دێت. (لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٠٦).

### مۆرفیمی (وان ـ ەوان) وەک وشە و مۆرفیمی سەربەخۆ

هەندێک وشە لە زمانی کوردیدا، بە **(وان ـ ەوان)** کۆتاییان هاتووە، کە دەشێ پاشگر نەبن، بەڵکو وشەی سەربەخۆ بن، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو، لەوانە:

**١. وشەی (سیروان)**: وا پێدەچێت لە وشەی **(سێ)** و **(ڕوان)** بە واتای **(جۆگە)** یان **(ڕووبار)** دێت، بەو واتایەی پەیوەندی بە پاشگری **(وان)**ەوە نەبێت، بەڵکو وشەیەکی سەربەخۆ بێت. (لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٠٥).

٢ـــ وشـــەی **(ئەرخـــەوان)**: لـــەم وشـــەیەدا **(وان)** بنەڕەتییە و بەشێکی جیانەکراوەی وشەکەیە و پەیوەندی بـە پاشـگری **(وان)**ەوە نییـە. (لیژنـەی زمـان لـە کـۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٠٦).

**٥. مۆرفیمی** **(ستان)**

ئـەم پاشـگرە دەچێتـە سـەر (نـاو) و (ئاوەڵنـاو)، بەهۆیەوە واتای جیا جیا دەگەیەنێت، بەم شێوەیە:

١ـ بـە نـاوی میللەتانـەوە دەلکێـت، بەهۆیـەوە واتـای شوێن و وڵاتی ئەو میللەتانە دەگەیەنێت، وەک:

**کورد + ستان = کوردستان**(ڕەفیق شوانی: ٢٠١١، ل ٧٩)

**ئەفغان + ستان = ئەفغانستان**

**هیند + ستان = هیندستان**

**عەرەب + ستان = عەرەبستان**

٢. بە ناوی زیندەوەرەوە دەلکێت، بەهۆیەوە شوێن و شاری ئەو زیندەوەرە دەگەیەنێت، وەک:

**مێروو + ستان = مێرووستان**

٣ـ بـە نـاوی ڕووەکـەوە دەلکێـت، بەهۆیـەوە هـەمان مەبەست دەگەیەنێت، وەک:

**دار + ستان = دارستان**

**گوڵ + ستان = گوڵستان**(ڕەفیق شوانی: ٢٠١١، ل ٧٩)

٤ـ بە ناوی شوێنەوە دەلکێت، بەهۆیەوە واتای شوێن دەگەیەنێت، وەک:

**گۆڕ + ستان = گۆڕستان**

**جەنگەڵ + ستان = جەنگەڵستان**

**شار + ستان = شارستان**(ڕەفیق شوانی: ٢٠١١، ل ٧٩)

٥ـ هەندێجار دەچێتە سەر ئاوەڵناو و دەیکات بە ناوی جێگە، وەک:

**تاریک + ستان = تاریکستان**

**چڕ + ستان = چڕستان**

**٦. مۆرفیمی(مان)**

لە زمانی کوردیدا (مان) لە چەندین وشەدا دەبینرێ، کە لە هەندێکیان پاشگرە، لە هەندێکی تریان بەشێکە لە پێکهاتەی وشەکە و جیاناکرێتەوە، و لە هەندێکی تریان وەک وشەیەکی سەربەخۆ دەبینرێ و لە هەندێکی تریان جێناوی لکاوە. بەم شێوەیە:

**مۆرفیمی(مان) وەک پاشگر**

**- نیشتمان:** ئەم وشەیە لە قەدی چاوگی (نیشت) و پاشگری (مان) پێکهاتووە، بە واتای (دانیشتن) و (وەتەن) دێ(لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ــ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ٩٩).

**ـ زایمان:** ئەم وشەیە لە قەدی چاوگی (زای) و پاشگری (مان) پێکهاتووە، بە واتای (شوێنی هەڵقوڵانی ئاو لەناو کانیدا) دێ. (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١، ل ٨٠)

**ــ ئاسمان:** دەربارەی واتا و پێکهاتەکەی دوو بۆچوون هەیە، بەم شێوەیە:

١ـ لە وشەی (ئاس)، کە بە واتای (سەنگ) یان (تاشەبەرد) دێت، لەگەڵ پاشگری (مان)، وشەی (ئاسمان)یان پێکهێناوە.( لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد:٢٠٠٠، ل ٩٩).

٢ـ لە وشەی (ئاسۆ)، لەگەڵ پاشگری (مان)، کە پاشگرێکە لێرەدا نیشانەی جێگە دەگەیەنێت، واتە شوێن و جێگەی ئاسۆ.(جەمال نەبەز: ٢٠٠٨، ل٦٨).

**- کاروان:** لە بنەڕەتدا وشەی(کار) لە کارواندا بە واتای لەشکر و جەنگ دێت، بەڵام ئەمڕۆکە (کار) +

پاشـــگری(وان) = واتـــای قافلـــه یـــان کـــاروانی وەرگرتووە.(جەمال نەبەز: ٢٠٠٨، ل ١٧٨).

ـ **دroومـان:** ئـەم وشـەیە لـە قـەدی کـاری (دروو) و پاشـــگری (مـــان) پێکهـــاتووە، لێـــرەدا پاشـــگری (مـــان) توانیویەتی قـەدی کـاری (دروو)ی کـردووە بـە ناو(لیژنـەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٠٠).

ـ **شادمان:** ئەم وشـەیە لە ئاوەڵناوی سادەی (شاد) و پاشـگری (مـان) پێکهـاتووە، بەهۆیـەوە ئاوەڵنـاوی دارِژاوی دروسـتکردووە(لیژنەی زمـان لـە کـۆڕی زانیـاری عێـراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٠٠).

ـ **پەیمان:** لە وشـەی (پەی)، کە بە واتای (بەڵێن) دێت و لەگەڵ پاشگری (مان) پێکهاتووە.

**(مان) وەک وشەی سەربەخۆ**

ـ **سامان:** چەند بۆچوونێک هەیە، بەم شێوەیە:

١ـ وشـەیەکی ڕەسـەنە، واتـەی بڕگـەی (مـان) لێـرەدا بەشێکە لـە وشـەکە و پاشـگر نییە(لیژنـەی زمـان لـە کـۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٠٠).

٢ـ وشـەی (سامان) لـە نـاوی (سـام) + پاشـگری(ان) دروستبووە.(ڕەفیق، ل ٨٣).

٣ـ وشـەی (سـامان) ئـەمڕۆ بـۆ واتـای سـەروەت و دەوڵەت بەکاردێ، وشەکە بنەچەیەکی سانسکریتی هەیە، کـە (سـام)ە و بـە واتـای (هـەموو) دێـت (جـەمال نەبەز:٢٠٠٨، ل ٢٨٥).

واتە ئەو بۆچوونانە ئەوە دەردەخەن، کە (مان) لە وشەی (سامان) پاشگر نییە، بەڵکو (ان) پاشگرە.

- **ڕێزمان:** ئەم واتایانە لەخۆ دەگرێت:

**١ـ ڕێزمان:** واتە دەستوور و یاسا و قەواعید، لێرەدا وشەیەکی لێکدراوە، کە لە وشەی (ڕێ) و وشەی (زمان) پێکهاتووە، واتە ڕێگەی زمان، کەواتە بڕگەی (مان) لە (زمان)دا ڕەسەنە و پاشگر نییە(لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠: ل ١٠٠).

**٢ـ ڕێزمان:** واتە ڕێزی ئێمە، کە لە نووسراودا لە کۆتایی نووسراوەکەدا دەڵێیت (لەگەڵ ڕێزماندا)، لێرەدا وشەیەکی لێکدراوە، کە لە وشەی (ڕێز) و چاوگی(مان) پێکهاتووە، واتە ڕێزی ئێمە، کەواتە بڕگەی لێرەدا (مان) چاوگە و بەیەکەوە ناوێکی لێکدراوییان دروستکردووە.

- **گریمان:** ئەم وشەیە لە واژەی (گری) و جێناوی (مان)، کە بۆ کەسی سێیەمی کۆ بەکاردێ پێکهاتووە، لێرەدا بڕگەی (مان) پاشگر نییە، بەڵکو جێناوی لکاوە.

ـ**(دەرمان):** وشـەی دەرمـان لـە وشـەی (دەر)ەوە هـاتووە، کـە سانسـکریتییەکەی (زەر)ە و بـە واتـای (پاراستن، پتەوبوون، بەهێزکردن) دێت، هەروەها واژەی (دەروو) لە بنەڕەتدا (زەروو) بووە، کە سانسکریتییە و بە واتـای (سـپ و سـاغ) دێـت، بـەم پێیـە دەشـێت وشـەی (دەرمـان) لـە زمـانی کوردیـدا لـە (دەر + بڕگـەی (مـان) ) پێکهاتووە(لیژنـەی زمـان لـە کـۆڕی زانیـاری عێـراق ــ دەستەی کورد:٢٠٠٠، ل ١٠١).

**(مان) وەک بەشێک لە پێکهاتەی وشە**

ـ **کەمان:** وشـەیەکی ڕەسـەنە و لـە بنەڕەتدا (کەوان) بـووە و پیتـی (و) بـووە بـە پیتـی (م)، لەبـەر ئـەوە لـەم وشـەیەدا بڕگەی (مان) پاشگر نییە.

ــ **گومـان:** لـە وشـەی (گـوم) و پاشـگری (ان) پێکهاتووە، لەبەر ئەوە لێرەدا بڕگەی (مان) لەم وشـەیەدا پاشگر نییە و پیتی (م) سەر بە وشـەی (گوم)ە و بێژەی (ان) پاشگرە نەک (مان). (لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد:٢٠٠٠، ل ١٠١).

ــ **سـازمان:** لـە ڕەگـی (سـاز) و پاشـگری (مـان) پێکهاتووە، کە بە واتای (دامەزراو، دەزگا) دێ.

## ٦.٥: **ناوبەند** (interfix)

ئەو مۆرفیمانەن، کە دوو وشە دەخەنە پاڵ یەکتری، بەهۆیەوە وشەیەکی لێکدراو دروست دەکەن.

ناوبەند یان ئینتەرفێکس لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (interfix)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای (هاریکاری، پەیوەندی، لێکدان) دێت. لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێ ناوبەندمان هەیە، لەوانە (ە، و، ەو، او، ان، بە...)، وەک:

**١. ناوبەندی** (ە):

بووک + ە + شوشە = بووکە شوشە

گوڵ + ە + باخ = گوڵەباخ

بەرد + ە + ڕەش = بەردەڕەش

**٢. ناوبەندی** (و):

شۆخ + و + شەنگ = شۆخ و شەنگ

گفت + و + گۆ = گفتوگۆ

دەنگ + و + باس = دەنگوباس

هێلکە + و + ڕۆن = هێلکە و ڕۆن

**٣. ناوبەندی** (ەو):

شاخ + ەو + شاخ = شاخەوشاخ

بان + ەو + بان = بانەوبان
شار + ەو + شار = شارەوشار

**٤. ناوبەندی (او):**

ڕەنگ + او + ڕەنگ = ڕەنگاوڕەنگ
دەم + او + دەم = دەماودەم
دەست + او + دەست = دەستاودەست
جۆر + او + جۆر = جۆراوجۆر

**٥. ناوبەندی (ان):**

بەر + ان + بەر = بەرانبەر[١]
سەر + ان + سەر = سەرانسەر

**٦. ناوبەندی (بە):**

هێلکە + بە + ڕۆن = هێلکەبەڕۆن
چاو + بە + کل = چاوبەکل
دەر + بە + دەر = دەربەدەر

---

١- بەداخەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بەشێکی زۆری نووسەران لەجیاتی بنووسن (بەرانبەر)، کەچی دەنووسن (بەرامبەر)، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە لە زمانی کوردیدا ناوبەندی (ام) نییە.

### ٧.٥: ناوگر (infix)

ئەو مۆرفیمە بەندانە دەگرێتەوە، کە دەچێتە سەر کرۆک و ناوەڕاستی ڕەگی وشە.

زاراوەی ناوگر لە بنەڕەتدا لە وشە و زاراوەی (infix)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای (خستنەپاڵ، تێهەڵکێش) دێت، (کاتەمبا) پێی وایە ناوگر ئەو مۆرفیمەیە، کە دەچێتە ناو وشەوە، ئەم حاڵەتەش لە هەندێ زمان هەیە.[1]

دەربارەی بوونی یان نەبوونی ناوگر، لای زمانەوانان جێگەی مشتومڕێکی زۆرە، بە جۆرێک بەشێکی زۆر بڕوایان وایە ناوگر لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، بەڵام بەشێکی کەمیش بڕوایان وایە ناوگر لە زمانی کوردیدا هەیە، بە کورتی ناوگر وەک حاڵەت بوونی لە زمانی کوردیدا هەیە نەک وەک دیاردە، و لە چەند حاڵەتێکی کەم و ناوازە ناوگر هەیە، کەچی بە پێچەوانەوە ناوگر لە زمانی عەرەبیدا بەشێوەیەکی فراوان هەیە.

لە زمانی کوردیدا چەند نموونەیەک بەرچاو دەکەون، لەوانە:

---

[1]-F. Katamba (1993), Morphology, London, Macmillan, p. 44.

(ڕەمانە): بە شوێنی گەیشتنەوە یەکتری ڕان و سمت دەڵێن، کە لە وشەی (ڕان) لەگەڵ ناوگری (ەم) پەیدابووە.

ئاسەوار: لە وشەی (ئاسار)ی عەرەبییەوە هاتووە و واتای شوێنەوار دەگەیەنێت، واتە لێرەدا لە وشەی (ئاسار) لەگەڵ ناوگری (ەو) پەیدابووە.

شەبەق: بە واتای شەق بردنێکی گەورە دێت، لە وشەی (شەق) لەگەڵ ناوگری (بە) پەیدابووە[1].

---

[1]- مەسعود محەمەد(١٩٧٦)، چەند حەشارگەییێکی ڕێزمانی کوردی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل ٧٨.

# بەشی شەشەم
# ئاستی وشەسازی[1]

---

١ـ ئەم نووسینە لەم سەرچاوەیە وەرگێڕدراوە:
ابراهيم خليل(٢٠١٠)، مدخل الى علم اللغة، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان، ص ١٧١ ـ ١٨٧.

## ٦. ئاستی وشەسازی

وشەسازی (الصرف) لە زمانی عەرەبیداواتای (گۆڕان) دەگەیەنێت،[١] هەروەها وتراوە: وشەسازی ئەو زانستەیە باس لەو گۆڕانانە دەکات، کە بەسەر وشەکان (ڕەگەکان)دا دێن، بە ئامانجی بنیادنانی وشەی نوێ[٢]. ئینجا بۆ ناسینی ئەم گۆڕانانە، پێویستە ڕەگەکان لە سەرەتادا بۆ چەند دارِشتنێک پۆلێن بکەین، (کار) تا بگۆڕدرێت و بکرێتە (ناو)، پێویستە شێوازی دارِشتنە وشەسازییەکەی لە سەرەتاوە دەستنیشان بکرێت، بە هەمان شێوە (ناو) ئەگەر بمانەوێت بیگۆڕین و بیکەینە (ئاوەڵناو)، ئەوە پێویستە شێواز و پێکهاتە وشەسازییەکەی بزانین، کەواتە وشەسازی پرۆسەیەکە زۆر پێویستە بۆ جیاکردنەوەی (کار) و (ناو)، یان هەر شێوازێکی دی، کە بۆ شێوازە سەرەکییەکە ئەلتەرناتیڤ

---

١. ناجي الأسمر(١٩٩٣)، المعجم المفصل في علم الصرف، دار الكتب العلمية، بيروت، ط ١، ص ٢٨٧.

٢. ماريو باي(١٩٧٦)، أسس علم اللغة، ترجمة: أحمد مختار عمر، عالم الكتب، مصر، ط٢، ص٤٣.

بێت[1]، لەبەر ئەوە وشەسازی تەنیا ڕۆڵ لەو گۆڕانانەدا ناگێڕێت، کە بەسەر وشەکاندا دێن، بەڵکو ڕۆڵی ئەم زانستە پەل بۆ پۆلێنکردنی وشەکانیش دەکێشێت، بۆ چەند شێوازێکی وشەسازییانە، کە خودی گۆڕانەکان دەیانگرێتەوە، بەم شێوەیەش بەبەردەوامی کاری پێدەکرێت. ئینجا بەهۆی شیکردنەوەی وشەسازی دەتوانین (ناو) لە (کار) جیابکەینەوە و (کار) لە (پیت)، و (ئاوەڵناو) لە (ئاوەڵنێراو. مەوسوف) جیابکەینەوە.

هەر لە دێرزەمانەوە وشەسازی و ڕستەسازی بەیەکەوە لکێنراون، ئەویش لەبەر ئەو تێکەڵکێشییەی لەنێوانیاندا هەیە.

لە کتێبە کۆنەکانی ڕستەسازیشدا چەندەها بەش هەن، باس لە وشەسازی دەکەن، وەک بەشی (کۆ) و (کۆکردنەوە) و بەشی (داتاشین)، لەوانە (ناوی بکەر) و (ناوی بەرکار) و (ئاوەڵناوی لێکچوو) و (ناوی ئامێر) و (ناوی کات) و (ناوی شوێن) و (چاوگی میمی) و بەشەکانی (هەڵگەڕانەوە و گۆڕینەوە و جێگۆڕکێ و

---

١. ناجي الأسمر(١٩٩٣)، المعجم المفصل في علم الصرف، دار الكتب العلمية، بيروت، ط ١، ص ٢٨٧.

تێهەڵکێش)، جگە لە بەشەکانی (بکەر) و (بەرکار) و (نیهاد و گوزارە) لە کتێبەکانی ڕێزمانی عەرەبیدا.[1]

زاناکـــان لـــە دێرزەمانـــەوە بـــۆ جیاکردنـــەوەی وشەسازی لە داڕشتن هەوڵیانداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان تێکەڵ و پێکەڵ کردووە، ئەوەشی کە (ئیبن جنی ٣٩٢ کۆچی) باسی کردووە و دەستنیشانی کردووە، تـــەنیا ئەوەیـــە وشـــەی خســـتۆتە بـــەر تـــەرازووی وشەسازییەوە، وەک (ضربب) و (ضرب)، وەک (درهم) و (قمطر)، هەردووکیشیان لـە (ضـرب)ەوە هـاتوون، کـە لەســـەر کێشـــی (کـــار)ن[2] و شـــێوەکانی (ضـــارب) و (مضـروب) و (مضـرب)یان لـێ وەردەگیرێـت، ئەمـەش بـە گـــوێرەی بۆچـــوونی هەنـــدێک لـــە زانـــا تازەکـــان، کـــە (وشەســازی) و (داتاشـین) بەیەکــەوە دەلکێـنن، چونکــە

١ـ بە نموونە سەیری بەشی چوارەمی کتێبی سیبەوەی بکە: سیبویە ـ أبو بشر عمرو بن عثمان(؟)، الکتاب(٥ أجزاء)، تحقيق عبدالسلام محمد هرون، عالم الکتب، بيروت، ص٥٥.

٢ـ ناجي الأسمر(١٩٩٣)، المعجم المفصل في علم الصرف، دار الکتب العلمية، بيروت، ط ١، ص ١٢٣.

لێرەدا دەربارەی (وشەسازی) چی وت، بە هەمان شێوە لەسەر (داتاشین)یش جێبەجێ دەبێت[1].

زانا هاوچەرخەکان بە شێوەیەک دەڕواننە زانستەکانی (وشەسازی) و (داتاشین)، کە دوو شتی جیاوازن، بە جۆرێک ئەگەر هەر گۆڕانێک تووشی وشەکان ببێت و ببێتە هۆی ئەوەی واتا سەرەکییەکەی بە شێوەیەک بگۆڕێت، کە لەگەڵ پرۆسەکانی زاراوەسازیی و جێکردنەوە بگونجێت و لە ڕاستەقینەوە بۆ (خوازە) دەرنەچێت، ئەوە لە بواری (داتاشین) جێی دەبێتەوە، نەک لە (وشەسازی)[2]. بە هەمان شێوەش ئەگەر واتاکە پێچەوانە بکەینەوە، هەر بە داتاشین هەژمار دەکریت، بۆ نموونە کاتێک عەرەب دەڵێن (أعجم)، لەگەڵ وشەی (عجم)دا جیاوازی هەیە، چونکە (أعجم) واتای ڕوونکردنەوە دەگەیەنێت و (عجم)یش واتای ناڕوونی دەگەیەنێت. بە هەمان شێوەش وشەی (أشفی)، کە واتای (نزیکی هەلاکەت) دەگەیەنێت، کەچی ڕەگی وشەکە لە (شفي)،

---

١ـ شحدة الفارع و آخرون، مقدمة في اللغويات المعاصرة، وائل للنشر، عمان ط٢، ٢٠٠٣، ص١٢٣.

٢ ـ ماريو باي(١٩٧٦)، أسس علم اللغة، ترجمة: أحمد مختار عمر، عالم الكتب، مصر، ط٢ ، ص ١٥٤.

یــاخود (شــفي)ەوە هــاتووە، کــە ماناکــەی پێچەوانــەی (أشـفی)یە. لەبـەر ئـەوە ئـەم وشـەیە و هاوشـێوەکانی و هـەموو ئـەو وشـانەی، کـە لەسـەری دەپێـورێن لـە بـواری زانسـتی (دارِشـتن) پـۆلێن دەکـرێن، بـۆ نموونـە لـە زمـانی ئینگلیزیدا وشەی (Happy)، ئەگەر (un)ی بۆ زیادبکەین، ئەوە ماناکەی پێچەوانەی ئەو واتایەی لێ دێت، کە ڕەگ و ڕیشـەی وشـەکە دەیگەیـەنێت، لەبەرئـەوە ئـەم گۆڕانـە لـە بـواری زانسـتی دارِشـتندایە، نـەک بـواری وشەسـازی.[1] هەروەها وشەکانی وەک (incorrect, disobey) هـەمان یاسا دەیانگرێتەوە، لە زمانی عەرەبیشدا وشەکانی (بلي) و (أبلی ـ باشبوو) و (مـرض ـ نـەخۆش) و (مـرّض ـ کۆنبوو)، هـەروەها (أحـد ـ کـەس) و (لاأحـد ـ هـیچ کـەس) و (أیـس ـ بێزاربوو) و (لیس ـ نەخێر)، هـەموو ئەمانـەش لـە بـواری (داتاشین))دا باس دەکرێن، هەروەها وشـەی (Fright) لـە زمانی ئینگلیزیدا واتای(ترسێک) دەگرێتەوە، واتە لە بەشـی ناو (noun)دایە، کەچی بە لکاندنی پاشگری (en) دەبێتـە کارێک، کە واتای (دەترسم) دەگەیـەنێت، ئـەم گۆڕانـەش لـە بواری زانستی (داتاشین)دایە، نـەک (وشەسازی)، ئـەویش

---

١ـ شحدة الفارع و آخرون(٢٠٠٣)، مقدمة في اللغويات المعاصرة، وائل للنشر، عمان ط٢، ص١٢٥.

لەبەر ئەوەی بووەتە هۆی گۆڕانی جۆری شێوازەکەی (Form)، بەڵام ئەو گۆڕانەی پەل بۆ گۆڕانی واتاکەی ناکێشێ، یان جۆری شێوازەکەی گۆڕانی بەسەردا نایەت و لە بواری (وشەسازی)دا باس دەکرێت، هەردوو وشەی (کبیر - گەورە) و (أکبر - گەورەتر) لە زمانی عەرەبیدا (ناو)ن، کەچی گۆڕانەکە لە دووەمدا ڕوویداوە، ئەویش بۆ بەخشینی واتای زیاتر و بەجێهێنانی پرسێک لە پاش و پێشکردن، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم نموونەیە لە ئارادایە (tallest, taller, tall)، ئەم وشانە و هەموو هاوشێوەکانی دیکەشی لە بەشی (وشەسازی)دا پۆلێن دەکرین.

### ١.٦: وشەسازی و ڕستەسازی

هەندێک لە زانا هاوچەرخەکان لەو باوەڕەدابوون، کە دەتوانن بێ ڕستەسازی باس لە وشەسازی بکەن، بەڵام (هاریس - Harris)، کە سەر بە قوتابخانەی زمانەوانیی ئەمریکییە، ئەوەی سەلماند کە ئەم بۆچوونە ڕاست نییە و پێچەوانەکەی ڕاستە، ئەو جەتی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە هەندێک لە بابەتەکانی پەیوەست بە وشەسازی، پێویستییان بە تێڕوانین لە بابەتەکانی ڕستەسازی هەیە، پێچەوانەی ئەمەش بەهەمان شێوە هەر ڕاستە، چونکە

گـــۆڕینی کارەکـــان لەگـــەڵ جێناوەکـــان، هەرچەنـــدە مەسەلەیەکە پەیوەستە بە وشەسازییەوە، کەچی پێویستە تێیدا ڕەچاوی یاساکانی ڕستەسازی تێدا بکرێت[1].

بـۆ نموونـە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا نـاتوانین جێنـاوی (him) بـەکاربهێنین، تـەنیا لـە شـوێنی (بـەرکار) نـەبێت، هـەروەکو ئـەو جێنـاوەی لـە زمـانی عەرەبیـدا بـە نـاوی جێنـاوی نەسـبی سـەربەخۆ (ایـاک) ناسـراوە، کـە خـۆی و هاوشێوەکانی ئەم بەشە دەیانگرێتەوە، جا نـاکرێ جێنـاوی (He) یـان (She) بـەکاربهێنین، مەگـەر لـە شـوێنی بکـەر یان نیهاد، واتە: بکەر (Subject) لـەم حاڵەتـەدا وتنـی ئـەم ڕستەیە (I hit he) زەحمەتە، بە هـەمان شـێوەش نـاکرێ بوترێـت (him ran)، دەربڕینـی ڕاسـت و دروسـتیش ئەوەیە بوترێت: (I hit him) یان (He ran)، لـە زمـانی عەرەبیشدا نابێ بوترێت (إياهُ جاء) یان (ضرب إياهُ اللص)، و ناشوترێت:(استقبل المديرُ هو)، بـەڵکو دەوترێـت (اسـتقبله المديرُ)[2].

---

١. أحمد يوسف(٢٠٠٤)، توزيعية هاريس، مجلة عالم الفكر، الكويت، مج ٣٣، ع١، يوليو ـ ديسمبر، ص ١١٢.

٢. روبير مارتان(٢٠٠٧)، مدخل لفهم اللسانيات، ترجمة: عبدالقادر المهيري، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ط١، ص ٤٨.

هەروەها (سۆسێر Saussure) جیاوازی لەنێوان وشەسازی و ڕستەسازی دەکرد، بەشێوەیەک هەردووکیانی لەیەک بۆتەدا بەیەکەوە دەلکاند، ئەویش لەجیاتی ئەوەی جیاکارییەکانیان ڕوونبکاتەوە، ئەو دەڵێت: **((جیاکردنەوەی ڕستەسازی و وشەسازی لەسەر بنەمای ئەرک جیاکاریەکی فریودەرانەیە، چونکە هەڵەیە ئەگەر لەو باوەڕەدا بین بابەتەکانی ڕستەسازی لەو ئەرکانە پێکدێت، کە پەیوەستن بە یەکە زمانەوانییەکانی (وشەکان و ئامرازەکان)، ئەویش بەپێی شوێنەکانیان لە دووتوێی پێکهاتەکەدا، بەهەمان شێوەش تووشی هەڵە دەبین ئەگەر بڵێین بابەتەکانی وشەسازی لە شێوە و ڕواڵەتی ئەم یەکانە پێکدێت، چونکە هیچ جیاکارییەک لەنێوان شێوە و ئەرکەکاندا نییە، بۆ نموونە (ناو) ئەرکە ڕێزمانییەکەی خۆی لەوەوە وەردەگرێت، کە (ناو)ە و شتێکی دیکە نییە، لەبەر ئەوە ناتوانین لە شوێنی (کار) دایبنێین، پێچەوانەکەی ئەمەش ڕاستە))**[1]، ئەم حاڵەتەش لەسەر پیتەکان و ئامرازەکانیش بە هەمان شێوە جێبەجێ دەبێت،

---

١ـ فردناند سوسير(١٩٨٨)، علم اللغة العام، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، الطبعة الأولى، ص ١٩٩ ـ ٢٠١.

بۆ نموونـە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا گـەر لـە وشـەی (take) بڕوانین، ئەم شێوانەمان بەرچاو دەکەوێت:

(takes, took, taking, taken)

هەریـەک لـەم چـوار شـێوەیە، ئـەرکێکی ڕێزمـانی جێبـەجێ دەکـەن، وشـەکەی دوایـی (takes) وەک ڕانـەبوردوو لەگـەڵ هـەردوو جێنـاوی (she) و (he) دەگونجێـت، هـەروەها سێیەمیشـیان (taking) لەگـەڵ (ڕابـوردوو)دا دەگونجێـت و دووەمەکـەش (took) بـۆ (ڕانـەبوردووی بـەردەوام) لەگـەڵ (is)دا دەگونجێـت و (ڕابـوردووی بـەردەوام)یش لەگـەڵ (was) دەگونجێـت، هەروەها یەکەمیان لەگەڵ (کاری بکەرنادیار)دا دەگونجێت.
زۆر لـە زانایـان بـۆ ئـەوە دەچـن، کـە جیاکردنـەوەی نێوان وشەسـازی و ڕستەسـازی، پێوەرەکـەی جـۆری گۆڕانکارییەکەیە، ئینجا ئەگەر گۆڕانکارییەکە لە وشەکاندا بێت، یـان لـە یەکـە زمانەوانییەکانـدا بێـت، ئـەو لـە بـواری وشەسـازیدایە، کـەچی ئـەگـەر ئـەو گۆڕانکاریانـە لـە ڕسـتەکاندا بـن، ئـەوا لـە بـواری ڕستەسـازیدا جێیـان دەبێتـەوە، بـەڵام ئـەم جـۆرە جیاکارییـە فریودەرانـە و هەڵخەڵەتێنـەرە، چونکـە ئێمـە بینیمـان گۆڕانکـاری لـە

یەکەکاندا دەبێتە هۆی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە یاسا ڕێزمانیەکەدا و بەپێچەوانەشەوە.

لەو نموونانەی تێکەڵکێشبوونی وشەسازی و ڕستەسازی ڕوون دەکەنەوە، بەشێوەیەک هیچ کەلێنێک لە تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە جێنەهێڵێت، ئەویش دیاردەی (کاری بکەرنادیار)ە، ئەم حاڵەتە گۆڕانێکی ڕواڵەتییە دووچاری وشەکە (ڕەگەکە) دەبێت، کەچی پاش ئەوەش بەرکارە سەرەکییەکە دەکاتە شێوازێک کە لە ڕووی ڕواڵەتەوە لە بکەر دەچێت، پاشانیش لە شوێنەکەی پێشووی خۆیەوە دەیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تازەی دیکە لە دووتوێی توخمگەلی ڕستەکەدا، ئەمەش لە زاراوەی ڕستەسازی عەرەبیدا بە (جێگری بکەر)[1] دادەنرێت[2]. هەرچی بکەرە ڕاستەقینەکەشە، لەم حاڵەتەدا دوادەخرێت،

---

١. لە حاڵەتی بکەرنادیاردا، بەرکار دێتە شوێنی بکەر، بەڵام هەر بە بەرکاریی دەمێنێتەوە و نابێتە بکەر، تەنانەت چەمکی جێگری بکەریش، چەمکێکی هەڵەیە و نەگونجاوە، چونکە وشەکە هەر بەرکارە و چەمکی بەرکاری خۆی نادۆڕێنێت و نابێتە بکەر یان جێگری بکەر - وەرگێڕ.

٢ـ عبدالغني الدقر، معجم النحو، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٤، ١٩٨٨، ص ٣٨٦.

لەوانەشە ئامرازی پەیوەندی یان هەر کارتێکەرێکی دی بخرێتە سەری، بۆ نموونە کاری (ضَرَبَ)، گەر بکرێتە بکەرنادیار، ئەوا لەسەر کێشی (ضُرِبَ) دەبێت، وەک وتراوە: (ضُرِبَ الناقوسُ)، بۆ نموونە لەلایەن (راهب)ەکەوە، ئەوە ئەم ڕستەیە پاش ئەوەی بەم شێوەیە (**ضَربَ الراهبُ الناقوسَ**)، ئەوا لە زمانی ئینگلیزیدا لەجیاتی ئەوەی بڵێین:

The ball is hitten by the player.

ئەوە ڕستەکە بەمشێوەیەی لێدێت:

The player hit the bail.

هەروەها نموونەیەکی تر، نیهاد ئەگەر لە زمانی عەرەبیدا وەک وەسفێکی وا کە ئاماژە بۆ بابەتی(الحال و الاستقبال) بکات، و پشت بە نەرێ، یان پرسیارکردن ببەستێت، وەکو: **أقائمٌ الزيدان؟** و هاوشێوەی ئەم ڕستەیە، ئینجا لە شیکردنەوەی وشەی **(الزيدان)**[1]دا وتراوە (فاعل سد مسد الخبر/ بکەرە شوێنی کاری گرتۆتەوە)، شێوازی ناوی بوونی هەیە و پێویستی بە (بکەر)ە، کەچی ڕستەی

---

١. بڕوانە: ابن هشام الأنصاري(٧٦١هـ) أوضح المسالك الى شرح ألفية ابن مالك، تحقيق محي الدين عبدالحميد، دار إحياء التراث العربي، مصر، ط٥، ١٩٦٦، ص ١/١٣٧.

نـــاوی پێویســـتی بـــه (بکـــەر) نییـــە، بـــەڵکو پێویســـتی بـــە (گوزارە)یێک هەیە، کە ماناکە تەواو بکات، هـەروەها (کار) لە ڕستەی ناویدا هەر بە (گوزارە) دێت، کـەچی (بکـەر) لـە ڕسـتەی کاریـدا، تـەنیا (مسـنداليه) دەبێـت، ئینجـا ئەمـەو هاوشـــێوەکانی زانایـــان بەڵگـــەی ئـــەم بەیتـــە شـــیعرەی شاعیرێکی دێرینی بۆ دێننەوە[1]:

أقاطنٌ قومُ سلمى أم نوَوا ظعَناً      إن يظعَنوا فعَجيب أمرُ من قطنا

كأن الناظم أرادَ: أيقطنُ قومُ سلمى أم نوَوا الظعنَ؟

واتـای ئـەم دێرە شیعرە:(**ئایا عەشیرەتی سـەلما لـە سـوکنەی خۆیانـدا ڕۆیشـتوونە یـان مـەخسـەدیانە گەشـت بکـەن و بـڕۆن، ئینجـا ئـەگـەر گەشـت بکـەن و بـڕۆن، عەشـیرەتەکەی سـەلما ئەوانـەی دەمێننـەوە و لەگەڵیانـدا گەشت ناکەن، حاڵەتەکەیان سەرسوڕهێنەرە).**

ئیتــر لێــرەدا زۆر بەڵگـــە و ئامـــاژە هـــەن لەســـەر تێکەڵکێشبوونی وشەسازی و ڕستەسازی.

---

١. وهو الشاهد ذو الرقم ٦٥ في أوضح المسالك ١/ ١٣٤.

### ٢.٦: وشەسازی و دەنگسازی

هەندێک لە تویژەرانی بواری وشەسازی لەو باوەڕەدابوون، کە ئەم ئاستە زمانەوانییە هیچ پەیوەندییەکی بە دەنگسازییەوە نییە، بەڵام پاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ورد، دەرکەوت ئەمە جۆرێکە لە گومان و وەهم، چونکە وشەسازی پەیوەندییەکی تۆکمەی بە سیستەمی دەنگەوە هەیە، بەتایبەتی فۆنۆلۆجی، کە پەیوەندییەکی چڕی پێوە هەیە، چونکە هەر پراکتیزەکردنێک لە بواری وشەسازیدا، کە لە ڕەگ و ڕیشەی وشەکەدا بێت، پێویستە لەگەڵ گۆڕینی بنیادی دەنگی خودی وشەکەدا بێت، شیمانەی ئەوەش هەیە ئەم گۆڕانکارییە گواستنەوەی جووڵە بێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی، یان لابردنی یەکجارەکی بێت بۆی، یان لەگەڵ جووڵەیەکی دیکەدا جێگۆڕکێی پێ بکرێت، بۆ نموونە وشەی (man) لە زمانی ئینگلیزیدا بە بەکارهێنانی بزوێنێکی درێژی (a) بۆ بزوێنێکی کورتی(e)، ئەوە دەکرێتە کۆ و دەبێتە (men)، بە هەمان شێوەش وشەی (woman) بە هەمان شێواز دەکرێتە کۆ (women)، لە زمانی عەرەبیشدا بە هەمان شێوە ئەم دیاردەیەمان بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە وشەی **(کتاب)** بە **(كُتُبٌ)**

دەکرێتە کۆ، ئەمیش بەهۆی ئەوەی (ئەلف)ی وشە تاکەکەمان لابردووە و هێمای جوولەی (ژێر)ی (ک) کراوەتە (بۆر)، هەروەها وشەی **(جنود)**، کۆیەکەی **(جند)**ە، ئەویش بە لابردنی پیتی (و)ەکەی. جا پرۆسەی وشەسازی لە زمانی عەرەبیدا پشت بە دوو کۆڵەکە دەبەستێت، یان دەبێ جوولەی پیتی (ع)[1]ەکەی لە کاری ڕانەبوردوو بگۆڕدرێت، بەو شێوەیەی لە ڕابوردووکەیدا هەیە، یان جوولەیەکی دی بهێنرێتە جێی.

بۆ نموونە کاری (فَتَحَ)ە ڕانەبوردووەکەی بەم جۆرەیە:

١- کاری ڕابوردووی (فَتَحَ): ڕانەبوردووەکەی دەبێتە (یفتح)، وشەی(کسر)یش ڕانەبوردووەکەی دەبێتە(یکسِرُ)، (نَصَرَ)ش ڕانەبوردووەکەی دەبێتە (ینصُرُ)، ئەمانە سێ نموونەن، کە ڕابوردووەکەیان یەک کێش و یەک واژەیان هەیە، کەچی ڕانەبوردووەکەیان سێ حاڵەتی جیایان دەبێت.

---

١- مەبەست لە پیتی (ع)ەکە، واتە لە گۆڕینی کێشی (فعل)، کاتێ کارەکە لە ڕابوردووە دەگۆڕدرێت بۆ ڕانەبوردوو، ئەوە هێما و جوولەی پیتی(ع) دەگۆڕدرێت، دەبێتە (سەر) یان (ژێر) یان (بۆر)...(وەرگێڕ).

٢ـ کارێکی وەک (فــرح)، ڕانەبوردووەکەی بە دوو شێواز دەبێت، وەک: (یَفـرَحُ)، کە لە (فـرح)ەوە هاتووە، هەروەها (یکسِبُ)، کە لە (کَسِبَ)ەوە هاتووە.

٣ـ کێشی (فعُل)، کە واوی بچووک لەسەر پیتی (ع)ەکەیەتی، کاری ڕانەبوردووەکەی تەنیا لەسەر یەک شێواز دێت، کە (یفعُلَ)ە، وەک: (کبر ـ یکبُرُ) (صغر ـ یصغُرُ) و (قبح ـ یقبُحُ) و (حَسُنَ ـ یحسُنُ).[١]

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا مۆرفیمی کۆ هەمیشە دوو ئەرک جێبەجێ دەکات، کە یەکێکیان وشەسازییە و ئەویتر ڕستەسازییە، وەک پیتەکانی (ون) لە بابەتی (جمع المذکر السالم)، ئەم دوو پیتە هێما و ئاماژەی (کۆ)ن، لە هەمان کاتیشدا هێمای شیکردنەوەن، بۆیە لە حاڵەتی (ڕەفع)دا دەڵێین (مسلمون) و لە هەردوو حاڵەتی (جەڕ) و (نەسب)یشدا دەڵێین (مسلمین). ئەم یاسایەش بە هەمان شێوە لەسەر هێمای (کۆکردنەوە) پراکتیزە دەبێت، ئینجا ئەم هێمایە هەرچەندە مۆرفیمێکە بۆ گۆڕینی (تاک) بۆ (دوانە)، کەچی دەبینین بە هەمان شێوە مۆرفیمێکە بۆ شیکردنەوە بەکاردەهێنرێت لە حاڵەتی (ڕەفع)دا دەڵێین:

---

١ـ عبدالله درویش، دراسات في علم الصرف، مکتبة الطالب الجامعي، مکة المکرمة، ط٣، ١٩٨٧، ص ١٢ـ ١٣.

(رجــلان)، کــە هــەردوو حاڵــەتی (جــەڕ) و (نەســب)یش دەڵێین: (رجلین)، کەواتـە گـۆڕینی بزوێنەکـە، چ پیتـی (و)، یان (ئەلف) بێت، گوزارشـت لـەوە دەکات هێماکـە بۆ ئەم یان ئەویتریان، ئەنجامیش تەنیا گۆڕانکارییەکە و لە بنیادی دەنگـی واژەکـەدا ڕوویـداوە. ئینجـا گـۆڕانی مـۆرفیمی لـە زمـانی ئینگلیزیـدا گۆڕانکارییەکـە لـە درکانـدنی دەنگـدا و گۆڕانەکــە لــە هەنــدێک لــە خەســڵەتەکانی، ئــەویش لــە (چرپە)ەوە تا دەگاتە (دەنگی بەرز)، هـەروەک لە هـەردوو وشەی (cats) و (doors)دا بۆمان دەردەکەوێت.

زۆربــەی زۆری ئــەو دیاردانــەی، کــە وشەســاز و ڕستەســـازەکان لــە بوارەکــانی (گــۆڕان) و (ئــیعلال) و (جێگۆڕکێ) و (هەمزە) و (تێهەڵکێش)دا باسیان کردووە، ئەوە یاسای (مۆرفۆفۆنیم)ن، بۆ نموونە لابردنی پیتی (و) لـە وشـەیەکی وەک(قل) و (قـم)، هـەروەها لابردنـی پیتـی (ی) لـە وشـەیەکی وەک(بـع) و لابردنـی (أ) لـە وشـەیەکی وەک(خـف)، ئــەوە بــە دیاردەیــەکی فۆنۆلــۆجی هــەژمار دەکرێت، کە لە کەمتەرخەمی (بزوێنی درێژ)ەوە سەرچاوە دەگرێت[1]. بە هەمان شێوەش لابردنی جووڵەی (بۆر) لە

---

١ـ الطيب البكوش، التصريف العربي في ضوء علم الأصوات الحديث، مؤسسة عبدالكريم بن عبدالله، تونس، ط٣، ١٩٩٢، ص ٥٨ و ٦٧.

کۆتـایی کـاری ڕانـەبوردوو لـە وشـەیەکی وەک(یغـزو) و (یـدعو) و (یـدنو)، هـەروەها لابردنـی جووڵـەی (بـۆر) لـە کۆتایی وشـەکانی وەک (یرمـي ـ فـڕێ دەدات) و (یبنـي ـ بونیـاد دەنێـت) و (یـأتي ـ دێـت) و هـەموو ئـەو وشـانەی لەسـەر پێـوەری ئـەم وشـەیەن، هـەموویان گـۆڕانی فۆنۆلۆجین و لە لابردنـی (بزوێنـی کـورت)ەوە پەیدا دەبن، ئەویش لەبەر هۆکاری لابردنـی گرانییەکـەی لەسـەر زمـان، هـەروەک لـە وشـەی (یـدنو)دا بـەدی دەکرێـت، یـان بـۆ خۆلادانە لە بازدان لە پێشەوە بۆ دواوە لـە وشـەکانی وەک (یرمي) و (یبني) و (یأتي)، لەلایەکی دیکەوە گۆڕینی پیتـی (و) بـە (ی) لـە (کـاری بکـەرنادیار)دا لـەو جۆرەیـە، کـە وتـراوە (ثلاثـي مجرد)ەکـەی (قول)ەیـە، ئـەم حاڵەتـەش بـە گـۆڕانی فۆنۆلـۆجی هـەژمار دەکرێـت، کـە لـە خۆلادانـە لـە گرانـی وتنـی وشـەکە لـە کـاتی کۆکردنیدا، ئەویش لـەنێوان پێشـەوەی وشـەکە، کـە پیتـی (و)ەکەیـە و دواوەی وشـەکە، کە جووڵەی ژێرەکەیە، چونکە بکەرنادیارەکەی (فُعِلَ)ەیە.

پێشـووتر باسمان کرد، کە گۆڕینی پیتی (ت) بۆ پیتـی (ط) لە شێوازی (افتعل) لەو کارە سێیانەیە، کـە بـە یـەکێک لـە پیتـەکانی (الاطبـاق) دەسـتیان پێکـردووە، کـە ئەمانـەن:(ص، ط، ظ، ض)، تـەنیا جۆرێکـە لـە گونجـان

لـــەنێوان دەنگـــە کرانەوەییـــەکان، کـــە پیتـــی (ت)ە، و ئـــەو دەنگانەی ناومان هێنان و ناومانن‌ان (الاطباق)، لێرەدا ئـەم دەنگـە خەسـڵەتی کرانـەوەیی لەدەسـت دەدات و خەسـڵەتی (الاطباق)ی وەرگرت، بۆ ئەوەی لەیەک ڕوویەوە کاربکات. هـەروەها دیاردەی گونجان یان هاوشـێوەیی یەکێکە لەو دیاردە فۆنۆلۆجیانـەی دەنگناسـەکان زۆر جـەختیان لەسـەر کردۆتـەوە، ئیتـر ئـەگـەر حاڵەکـە بـەم شـێوەیە بێت، چـۆن هەنـدێک لـە تـوێژەران زاتـی ئـەوە دەکـەن وشەسـازی لـە دەنگسازی جیا بکەنەوە؟!

لێرەدا با لـە باسـی پەیوەندییـەکانی نێوان دەنگسـازی و وشەسـازی دوور نـەکەوینـەوە، چونکـە خـودی مـۆرفیم پشت بـە دەستنیشـانکردنی دەبەسـتێت و بـۆ چەند جۆرێک دابەشـــی دەکـــات، نەخاســـما مـــۆرفیمی بەنـــد و لکـــاو و سـەربەخۆ، لـە بنەچـەوە سـەر بـۆ ڕیزبەندییـەکی دەنگیانـە دادەنـــەوێنێت. لـــە کۆتایشـــدا دەگەینـــە ئـــەو ئەنجامـــەی کـــە تێهـەڵکێش لـە زۆربـەی زۆری جۆرەکانیـدا: بـەهێز و لاواز، سـەرەکی و لاوەکی، تـەنیا شـێوەیەکن لـە شـێوەکانی هێـز، هێزیش بەشێکە لە توێژینەوە دەنگییەکان.

ئەم نموونانە و نموونەکانی دیکـەش هـەردوو ئاسـتی وشەسازی و دەنگسـازی بەیەکـەوە دەلکێنن، ئینجا ئـەگـەر

تێکەڵکێشبوونی ڕستەسازی و وشەسازی باس بکەین و پێشبینی ئەو ئەنجامانە بکەین، کە بابەتەکانی ڕستەسازی پێشکەشیان دەکەن لە ڕووی پەیوەستبوونی ئەم بابەتە بە فەرهەنگەوە، لەم حاڵەتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زمان پێکهاتەیەکە لە سیستەمێکی جۆراوجۆر: دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و فەرهەنگسازی، لەم حاڵەتەدا ناتوانین فرەیی لە ئاستەکانیدا ڕەت بکەینەوە لە ڕووی بەستنەوە و لە ڕووی پەیوەندییەوە، تەنانەت ئەگەر هەندێک لە زمانەوانەکان خوازیاری ئەوەبن ئەم ئاستانە لەیەک جیابکەنەوە و بەشێوەیەکی جیا لێیان بکۆڵنەوە و هەریەکەیان بە تەنیا و بەبێ ئەویتر باس بکەن، ئەوە بابەتەکە لە ڕووی وردەکاری زانستییەوە توێژەر ناچار دەکەن جاروبار ئاماژە بەم لایەنە، یان ئەو لایەنەی دیکە بکەن.

### ٣.٦: تیۆری مۆرفیم

بازدان لەسەر توێژینەوەی وشەسازی لە بواری تێڕوانین لەو گۆڕانکاریانەی دووچاری وشە دەبن و هەنگاونان بەرەو ئەو هێمایانەی لە بواری گۆڕینی بنیادەکاندا بەکاردەهێنرێن، ئەگەر لە ڕووی درکاندنەوە

بێـت، یـان لــە ڕووی نووسینیشــەوە بێـت یـەک شــتە،[1]
زمانەوانــەکان ئــەم هێمایانــەیان بــاس کــردووە، کــە بــە
مۆرفۆلــۆژی Morphology ناســراوە، ئــەو زمانەوانانــە
بابــەتی زمانیــان بــۆ دوو کۆمەڵــە مــۆرفیمی گــەورە پــۆلێن
کردووە، کۆمەڵەی یەکەم مۆرفیمی سەربەخۆ(ئازاد)ە، کە
لە وشە ڕەها و ڕووتەکان(ڕەگەکان) پێکدێت، کە زیادە و
لابردنیــان لــەخۆ نــەگرتووە و ناویــان نــاوە مــۆرفیمی
سەربەخۆ(ئازاد)، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: ئەوەیە
لە ئاخاوتندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەردەکەون و تەنیا
و بەبێ هیچ مۆرفیمێکی دی بەکاردەهێنرێن، بەبێ ئەوەی
ئەرکە زمانەوانیەکەیان لەدەست بدەن، دووەمیشیان لەبەر
ئەوەیــە لــە هــەموو شــوێنێکی پێکهاتــە زمانەوانییەکــە
بەکاردەهێنرێت، بە گوێرەی ویست و خواست و بژاردەی
قسەکەر یان نووسەر، چونکە لەوانەیە بکەر یان بەرکار
یان تەواوکەری بەیاریدە بێت، دەشتوانین ئەم وشانەی
خوارەوە لە دووتوێی مۆرفیمی ئازاددا هەژمار بکەین:
(پیــاو، ئــافرەت، ڕۆیشــت، نووســی، ئــەو، ئەمــە،

١ـ ماريو باي(١٩٧٦)، أسس علم اللغة، ترجمة: أحمد مختار عمر، عالم الكتب، مصر، ط٢ ، ص٤٣.

ئـەوە)[1]....هتـد. لـە زمـانی ئینگلیزیشـدا ئـەم وشـانە بـە مۆرفیمی ئازاد هەژمار دەکرێن: (city, woman, man, cat).

کۆمەڵـەی دووەمـیش لـە مۆرفیمـە بەنـدەکان پێکدێت، مۆرفیمی بەنـد تـەنیا هێمایـەکی زمانـەوانی (دەنگی)یـە و لـە یەک فۆنیم، یان زیاتر پێکدێت، یان لـە یـەک بڕگـەی دەنگـی پێکدێت، کورت بێ، یان درێژ، یان داخراو، یان کراوە بێت، دەخرێتـە سـەر مـۆرفیمی سـەربەخۆ بـۆ بەدەسـتهێنانی پێکهاتەیـەکـی وشەسـازی نـوێ، یـان بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئـەرکێکی ڕستەسـازی، ئـەم مۆرفیمـەش بـە بەنـد نـاونرا و دەستنیشانکراوە لەبەر دوو هۆ، یەکەم: چونکە لە ئاخاوتن و نووسـیندا بەدەرناکـەوێت، مەگـەر بـە بەسـتنەوەی نـەبێت لەگـەڵ خـودی مـۆرفیمی سـەربەخۆ، یـان بـە بەسـتنەوەی لەگەڵ مۆرفیمەکە دەردەکەوێت، بەو واتایەی بە تـەنیایی و بـە سـەربەخۆیی و بـە جیـا بـەکارناهێنرێت، هـەروەک لـە مـۆرفیمی سـەربەخۆدا بـەدی دەکرێت، دووەم: چونکـە ئـەم

---

١. وشەکانی (ڕۆیشت، نووسی) مۆرفیمی سەربەخۆ، یان ئازاد نین، بەڵکو لە سێ مۆرفیم پێکهاتوون، کە ئەوانیش مۆرفیمی بەنـدی ڕەگ و مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی و مۆرفیمی سفر، کەچی لێرەدا نووسـەر بەهەڵە لە ڕیزی مۆرفیمی سەربەخۆ دایناون - وەرگێڕ.

جۆره مۆرفیمه تەنیا لە شوێنێکی دیاریکراوی پێکهاتەکە بەکاردەهێنرێت، کە پرۆسەی ڕستەسازییەکە، یان وشەسازییەکە بۆمانی دەستنیشان دەکات[1]، بۆ نموونە نیشانەی ناسراوی لە زمانی عەرەبیدا، کە مۆرفیمێکی بەندە، ناکرێ لەپاش ناوەوە دابنرێت، بەڵکو دەبێ بەو دەنگەی یەکەمەوە بلکێندرێت، کە ناوەکەی پێ دەستپێدەکات،[2] ئەم یاسایەش لە فەرهەنگی زمانەوە وەرگیراوە، چونکە ئەرکی ناساندنی بەم ئامرازە سپاردووە، بەو مەرجەی بە ناوەکانەوە لکێندرابێت و لە سەرەتاوە هاتبێت و بەم شێوەیە لە وشەی (رجل) دەڵێین (الرجل)، و لە وتنی (امرأة) دەڵێین (المرأة)، و لە وتنی وشەی (بيت) دەڵێین (البيت).

---

١ـ شحدة الفارع و آخرون، مقدمة في اللغويات المعاصرة، وائل للنشر، عمان، ط٢، ٢٠٠٣، ص١٢٢.

٢ـ نیشانەی ناسراوی لە زمانی کوردیدا(ەکە)یە، کە شوێنی هاتنی بەپێچەوانەی زمانی عەرەبییە، چونکە دەبێت بە بەشی دواوەی ناوەکەوە بلکێت و نابێت بە بەشی پێشەوە بلکێت، لەبەر ئەوەی لە یاسای زمانی کوردیدا ئەمە چەسپێنراوە، کە نیشانەی ناسراویی بە دواوەی وشە دەلکێنرێت، وەکو: کوڕ + ەکە = کوڕەکە ، کچ + ەکە = کچەکە ـ وەرگێڕ.

لـه زمـانی ئینگلیزیشـدا باسـی مـۆرفیمی کۆمـان کـرد، بـەڵام ئـەگـەر ئـەم مۆرفیمـە بـە تـەنیایی بـاس بکرێت، ئـەوە هیچ نرخێکی نابێت، مەگەر تەنیا لەوەی کە خودی خۆی لە دەنگـەکانی دیکـەی دراوسـێی جیـا بکاتـەوە، بـۆ نموونـە نیشـانەی کـۆ لـە دەنگـی (c) جیاییەکـەی وەک دەنگـی (z) جیایـە، بـەڵام ئـەگـەر نیشـانەی کـۆ بـە وشـەی (cats)ەوە لکێنـدرا، هـەروەک پێشـووتر باسـمانکرد، ئـەوە وشـەکە لـە ئامـاژەکردن بـە (تـاک)ەوە بـازدەدات بـۆ ئامـاژەکردن بـە (کۆ). ئینجا ئەگەر بەدواداچوون بۆ ئاخاوتنەکان بکەین و بـەدوای شـوێنێکی دیکـەدا بگـەڕێین، کـە ئـەم هێمایـەی تێدا بـەکارهێنرابێت، وەک ئـەوەی بخرێتـە سـەر یەکـەم وشـە: scat، ئـەوە ئـەم توێژینەوەیـە دووچـاری درێژدادڕیـی دەبێت و ئەمەش بەکارهێنانێکی هەڵە و ناپەسەندە، نەک لـە ڕووی سـوودوەرگرتن لـە فەرهـەنگی زمانـەوە، بـەڵکو لـە ڕووی وشەسـازییەوە، چونکـە مـۆرفیم؛ یـان لـە سـەرەتای وشـەدا، یـان لـە کۆتـایی، یـان لـە نـاوەڕاسـتی وشـەدا دەردەکـەوێت و پێشـوەختیش شـوێنەکەی دیـاریکراوە و بەکارهێنانیشی پەیوەندی بە بژاردەی قسەکەرەکەوە نییە، هـەر لەبـەر ئـەم هۆیەشـە بە بەنـد نـاوزەدکراوە. لـە زمانی عەرەبیشـدا چەنـد مۆرفیمێـک هـەن ئـەگـەر ئـەو مۆرفیمانـە

بخرێنــه ســەر وشــەیەک، ئــەوە لــە ئامــاژەی (تــاک)ەوە دەگوازرێنەوە بۆ ئاماژەی (کۆ)، بۆ نموونە وشەی (مسلم) + ات = مســلمات، مســلم + ون = مســلمون، لێــرەدا مــۆرفیمی (کــۆ) هــاتووە، بــە هــەمان شــێوەش تێبینــی پاشــبەندێک دەکــەین، کــە خراوەتــە ســەر ڕەگەکــە، بــەڵام بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە:

(رجــل: رجــال)، لــەم حاڵەتــەدا مۆرفیمەکــە لــە ناوەڕاستی وشەکەدا هاتووە، چونکە لێرەدا ناوگرییە و بە کۆیەکەی ناوگرە، ئەگەر بشتەوێ وشەی (الرجال) بکەیتە (کــۆ)، ئــەوە دەڵێیــت (رجــالات)، وەک بڵێــین زیادەیــەک دەخەیتــە ســەر ڕەگــی (رجــال)، کــە هــەردوو پیتــی (أ) و (ت)ە، بۆ پێکهێنانی (دوانەیی)ش، تاکەکە وەردەگیرێت، کە (رجـل)ە و وشــەکە هێمــای (ا،ن)ی بــۆ زیــاد دەکرێــت و دەبێتــە (رجــلان)... بەمشــێوەیە لــە حاڵــەتی (کــۆ) و (دوانــەیی)، جۆرێــک لــە مــۆرفیم بــەدوای یەکدا دێـت، کـە فەرهــەنگی زمــان بۆمــانی دیــاری دەکــات و یاســاکانی وشەســازی و ڕستەســازی بۆمــانی دەستنیشــان دەکــەن، کەسیش بـۆی نـاکرێ ئـەم مۆرفیمـە لـە سـەرەتای وشـەدا دابنێت، چونکە مۆرفیمەکە ئەرک و بەکارهێنانی بەندکراوە. فەرهــەنگی زمــانی ئینگلیــزی وا دەخــوازێ یــەک مــۆرفیمی

دیاریکراو لە سەرەتای وشەدا دابنرێت، وەک(im) لە وشەی (impossible) و وەک (in) لە وشەی (incorrect) و وەک(out) لە وشەی (outside)، بەڵام وا دەخوازێ مۆرفیمێکی دیکە لە کۆتایی قسەکەدا دابنرێت، وەکو:

careless, translation, taking, frighten.

دەتوانین جۆرەکانی مۆرفیم لە ڕووی شێوە و بەکارهێنانەوە بەم جۆرە کورت و پوخت بکەینەوە: مۆرفیمەکان دوو جۆرن: سەربەخۆ و بەند، مۆرفیمە بەندەکان سێ جۆرن، جۆرێکیان لە دواوەی وشەدا(پاشگر)(Suffix)، یان پێشگرن و لەپێش وشەکەدا بەکاردەهێنرێن و بە پێشگرەکان (Prefix) کۆدەکرێنەوە، هەندێکیشیان لە ناوەڕاستی وشەکەدا دەبن و لەلای هەندێک زمانەوان بە (ناوگر) ناوزەد دەکرێت، کە کۆیەکەی دەبێتە (ناوگرەکان) (infix)، لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە مۆرفیمی بەند هەندێک جار بە وشەکەوە دەبەسترێتەوە و جاری واش هەیە بە جیاکراوەیی بەکاردەهێنرێت، لەبەر ئەوە هەندێک زمانەوان ئاماژە بۆ حاڵەتێک دەکەن، کە بە (بەشە جیاکان) دەناسرێت، هەروەها ئەوان ئاماژە بۆ (مۆرفیمی سفر)

دەکەن، کە واتای بەدەرنەکەوتنی مۆرفیم دەگەیەنێت، چ لـە ڕووی درکانـدن و چ لـە ڕووی نووسـینەوە، تـەنیا خوێنـەر بوون و ئامادەگی ئەو مۆرفیمە بە مەزەندە دەگرێت.

لێـرەدا ئـەم نەخشـەیە دەخەینـەڕوو، کـە جۆرەکـانی مـــۆرفیم لـــە هـــەردوو ڕووی شـــێوەیی و بـــەکارهێنان ڕووندەکاتەوە:



**٤.٦:وشەسازی و داتاشین**

هەرچەنـــدە ڕستەســـاز و وشەســـازەکان لـــە دێرزەمانەوە مشتومڕیان لەسـەر ئەوە هـەبووە، کـە ئایا چ مۆرفیمێک تایبەتە بە وشەسازی و چ مۆرفیمێکیش تایبەتە بە داتاشین، هەندێک لە زانا هاوچەرخـەکان پێوەرێکیـان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم جیاوازییە داناوە، ئەم پێوەرەش پشـت بـە بەنـد دەبەسـتێت، کـە ئەمانـەن: دەبـێ مۆرفیمەکـە بـە شێوەیەکی هەمەکی پەل بۆ گۆڕینی واتاکە بکێشێت، وەک ئەوەی واتاکەی پێچەوانەی واتاکەی یەکەمی لێبێت، وەک: (شـفي و أشـفى) و (مـرض و مـرّض) و (عجـم و أعجـم)، هـەروەها outside و inside ، ئەمـەش بە مـۆرفیمی داتاشین هەژمار دەکرێت، یان ببێتـە هـۆی گـۆڕینی جـۆری شێوازی(form) وشەسازییەکەی و ئەنجام کار بکاتـە نـاو، یـان نـاو بکاتـە کـار، یـان بیکاتـە هـەر فـۆرمێکی دیکـەی ئەلتـەرناتیڤ. لـە زمـانی ئینگلیزیـدا وشـەی (translate) کارێکـە بـە واتـای (وەردەگێڕێـت) دێـت، ئـەگـەر پاشـگری (ion)ی بۆ زیاد بکەین، دەبێتە ناوێک بە واتای (وەرگێڕان translation) دێت، هەروەها ناو دەبێتە کار، بۆ نموونـە (fright) ناوێکـە بـە واتـای (تـرس) دێـت، بـەڵام ئـەگـەر پاشگری(en)ی پێوە بلکێنێت، ئەوە دەبێتە کارێک و واتـای

(frighten ـــــ دەترســــێنێت) دەبەخشــــێت، هــــەردوو نموونەکــەی پێشــووش لەگــەڵ یاســایەکدا دەگــونجێن، کــە ئەمەیە هەر مۆرفیمێک ببێتە هۆی گۆڕانی واتاکە، یان ببێتە هۆی گۆڕانی جۆری فۆرمەکە، ئەوە بە مۆرفیمی (دارِشتن) هەژمار دەکرێت، جگە لەمانە هەموو ئەوانی دیکە مۆرفیمی وشەســــازین، ئــــەو مۆرفیمانــــەی کــــە لــــەم وشــــانەدا هـاتوون:(takes, took, taking, taken)، هـەموویان مۆرفیمی وشەسازین.

### ٥.٦: ئەرکەکانی مۆرفیمی وشەسازی

ئەگــــەرچی مــــۆرفیمی وشەســــازی واتــــای وشــــەکە ناگۆڕێـــــــت و گـــــــۆڕانی دیکـــــــەش بەســـــــەر فـــــــۆرمی وشەســــازییەکەیدا ناهێنێــت، کەواتــە بــۆچی هەیــە؟ ئــەو ئەرکانە چین کە جێبەجێیان دەکات؟ ئایا هیچ پێویستییەکی ئــەوتۆی نییــە و دەرکــەوتنی لــە ئاخاوتنــدا و لــە نووســیندا پێویســت نییــە؟ وەڵامــی ئێمــە بــۆ ئــەم پرســیارانە ئەوەیــە هــەموو مــۆرفمێکی وشەســازی چەنــد ئــەرکێکی هەیــە، کــە لەوانەیـــە دیاریکردنیـــان ئاســـان نـــەبێت، بـــەڵام لێـــرەدا هەندێکیان وەک نموونە باسدەکەین.

**١ـ گـۆڕینی نـاو لـە تاکـەوە بـۆ دوانـە و کـۆ، یـان بەپێچەوانەوە.**

٢ـ **دەستنیشـانکردنی حاڵـەتی شـیکردنەوە**، وەک بوونی پیتەکانی (ون)، یان (ان)، ئەویش لە حاڵەتی (ڕەفع) لە (کۆ) و (دوانەیی) لە زمانی عەرەبیدا.

٣ـ **نێـر و مـێ:** لەوانەیـە مـۆرفیمی وشەسـازی فـرە ئەرک بێت، چونکە لەو کاتەی ڕەگەزی ناوەکە دەستنیشـان دەکـات، چ نێـر و چ مـێ بـێ، ئـەوا گوزارشـت لـە هێمـای شیکردنەوە دەکات، هەروەک لە پیتـەکانی (و) و (ی)دا لـە حاڵەتی (جمع المذكر السالم) دەردەکەوێت، هـەروەها (ا) و (ی) لـە (دوانـەیی) و (ا) و (ت) لـە حاڵـەتی (جمـع المؤنـث السـالم)دا دەردەکـەوێت، کـە جـاری وا هـەیـە بـە جووڵـەی(ژێـر) (نەسـب) دەکرێـت، ئـەویش لـە حاڵـەتێکی دەگمەندا.

٤ـ **دەستنیشـانکردنی کـاتی کارەکـە**، یـان گـۆڕینی لـە ڕابـوردوو بـۆ ڕانـەبوردوو، یـان بـۆ داهـاتوو، یـان بـۆ ڕابوردووی بەردەوام، یان بۆ ڕانەبوردووی بەردەوام، یان بکـەرنادیار لـەجیاتی بکـەردیار، هـەروەک لـەم دوو کـارەدا دەردەکەوێت: taking یان taken، لـە زمـانی عـەرەبیشـدا لە ڕووی کاتەوە ژمارەیەک مۆرفیم بۆ گۆڕینی کـار هـەن، وەک دەوترێـت: (جَلَـسَ / دانیشـت، یجلـسُ/ دادەنیشـم، أجلس/دانیشـە، نجلس/ دادەنیشین، تجلس/ دادەنیشێت، اجلس/

دادەنیشـێت، سـیجلس/ لـە داهـاتوودا دادەنیشـێت، جـالس/ دانیشتووە).

دەبـێ ئـەوەش بـزانین هەنـدێک لـەم مۆرفیمانـە زۆرجـاران (ی) یـان (ت) یـان (ء) یـان (س)نـن، کـە بـۆ دواخستن بەکاردەهێنرێت، یان (سوف)ەن، لە هەمان کاتدا جـۆری بکەرەکـە و ڕەگەزەکـەی دەستنیشـان دەکـەن، (هەمزە) بۆ (بکەری قسەکەر) و (نون) بۆ (کۆی قسـەکەر) و (یاء بۆ نائامادە) و (ت) بۆ نادیار و (هـەمزەی وەسڵ)، کـە لـە سـەرەتای (فعل الساکن الاخر) بـۆ (گـوێگری نێـر) بەکاردەهێنرێن، کەچی ئەگەر بمانەوێت قسە لەگەڵ (مێ)دا بکـەین، ئـەوە پێـی دەڵێـین (إجلسـي). هـەرچی وشـەی (جالس)ە، ئەوە وشەکە (ئەلف)ی لەسەر ڕەگی وشـەکەوە بۆ زیادکراوە و کراوەتـە (نـاو)، کـە لـە ڕێزماندا بـە (نـاوی بکـەر) ناسـراوە، ئەمـەش لـە ڕووی ڕواڵەتـەوە بـە ڕاسـت هەژمار دەکرێت، بەڵام ئـەم داڕشـتنە لـە ڕوانگـەی هەندێک ڕێزماننـاسەوە لە چوارچێوەی داڕشتنی (کار) دەرنـەچووە، چونکە ئاماژە بۆ (کاری ڕانەبوردووی بەردەوام) دەکات و لـە وشـەی (sitting)ی ئینگلیـزی دەبێـت، کـە واتـای دانیشـتنی بـەردەوام دەگەیـەنێت و بـە ئینگلیـزی دەوترێـت (He is sitting)، کۆفییـەکان ئـەم بۆچوونـەیان لا

پەیوەندبوو، کاتێک بۆ (ناوی بکەر)، زاراوەی (کاری بەردەوام)یان بەکارهێناوە، بەڵام (تەنوین) لە وشەی (جالسٌ)، سەرنجەکانی بۆ لای (ناو) ڕاکێشا، ئەویش لەبەر ئەوەی (تەنوین) لە (کار)دا دەرناکەوێت، بەڵکو تەنیا لە ناودا دەردەکەوێت.

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا چەند مۆرفیمێک هەن، ئاماژە بۆ (کاتی کار) دەکەن، لەوانە (ed)، کە بە (کاری ڕابوردوو)ەوە دەلکێندرێت، و (S)، کە بە (ڕانەبوردوو) دەنووسێنرێت، ئەویش لەگەڵ (جێناوی نادیاری نێر و مێ)، هەروەها (ing) ئاماژە بۆ (کاری بەردەوام) دەکات چ (ڕابوردوو) بێت، یان ئێستا، و (en)یش بۆ بکەرنادیار و (shall) و(will) بۆ ئایندە بەکاردێن.

أ- خستنەڕووی ئەم بەراوردکردنە لە ئاوەڵناودا، کە لە زمانی ئینگلیزیدا یان بەهۆی پاشگری (er)یان (est) دروست دەبێت، دووەمیان بۆ باشتری باڵا بەکاردێت، لە زمانی عەرەبیدا تەنیا یەک پلە بۆ بەراوردکردن هەیە و دەوترێت: (کبیر : گەورە) و (أکبر : گەورەتر) و (صغیر : بچووک) و (أصغر - بچووکتر)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا دەوترێت: tallest taller tall، لە زمانی عەرەبیدا لکاندنی پێشگرەکان بە سەرەتای ڕەگی وشەکانەوە بەس نین،

بەڵکو بە هەمان شێوە (بزوێنی درێژ)یش لادەبرێت، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی وشەکەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەگەلێکی وا هەن، کە زیادەی پێوە نالکێندرێت، بۆیە پرۆسەی بەراوردکردنەکە تیایاندا بەشێوەیەکی دی بەڕێوەدەچێت، کە بنیادنانی وشەی تازەیە وەکو: Good, better, best.

ب ـ بچووککردنەوە، ئەمەش بە زیادکردنی (یاء) پێکدێت، پاش دەنگی دووەمی ئەو دەنگانەی ڕەگە سەرەکییەکەیانی لێ پێکدێت، بەم شێوەیە بۆ وشەی (قصر: قصیر( و (نهر: نهیر) و (عمرو: عمیر) بەکاردەهێنین، بەڵام گەر دەنگی سێیەمی دەنگەکان لە دەنگەکانی ڕەگی وشەکە (الف)ێکی زیادەبوو، وەکو (کتاب)، ئەوە ئەم (الف)ە دەکرێتە (ی)، ئەویش لەبەر ئەوەی بازدان لە ناوەندەوە بۆ پێشەوە سەخت و دژوارە، هاوشێوەیەکەش بە (یاء)ە تازەکەوە دەلکێندرێت، بەم شێوەیە لە پرۆسەی بچووککردنەوەی (کتاب)دا، دەڵێین (کتیب)، هەروەها لە (حصان)دا دەڵێین (حصین) و لە(عجاب)دا دەڵێین (عجیب). دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین، کە زیادکردنی پیتەکان لە کردەی بچووککردنەوەدا

زۆرجـاران پێویسـتی بـە چاوپێداخشـاندنەوە بـۆ جووڵـەی ڕەگی وشەکە هەیە.

**٦.٦: جۆرەکانی مۆرفیمی بەند**

پێشتر باسمان لە هەر دوو جۆری مۆرفیم لـە ڕووی سـەربەخۆ بوون و یـەکانگیربوونی لەگـەڵ ڕەگەکـەدا کـرد، ئـەویش لـە کـاتی بەکارهێنانـدا، ئـەوەبوو باسـی مـۆرفیمی سـەربەخۆ و بەنـدمان کـرد، هـەروەها باسـی ئـەو بەشـە جیاجیایانەمان کرد، کە سروشتی مۆرفیمی بەندیان هەیە، کـەچی چ بـە سـەربەخۆ و چ بـە لکـاو دەردەکـەون، جـاری واش هەیە بە شاراوەیی لە ئاخاوتندا دەمێننـەوە، هـەروەها باسـی هـەردوو جـۆری مۆرفیممـان لـەڕووی شـێوە و بـەکارهێنانی وشەسـازییانەوە کـرد، وتمـان دوو جـۆری هەن، یەکەمیان: مۆرفیمی داڕشتنە، کە ئەرکەکەی گۆڕینی واتایە، یان گۆڕینی بنیادی وشەسازی ڕەگی وشـەکەیە، تـا سـەر بـە بنیـادێکی دی بێـت، دووەمیشـیان: مـۆرفیمی وشەسـازییە و چەنـدەها ئـەرک جێبـەجێ دەکـات، کـە هەندێکیانمان باس کرد و وەک نموونە ئاوڕمان لێ دانەوە، جگە لـەم پۆلێنکردنـە پۆلێنێکی دیکـە بـۆ مۆرفیمـەکان هەیـە، ئـەویش لـە ڕووی ئەرکـەکانی درکانـدن و ڕستەسـازی و واتاسازییەوە، ئەم پۆلێنکردنەش چەندەها لق لەخۆدەگرێت،

کە تەنیا ئەو لقانە باس دەکەین، کە گرنگن و لەوانی دی زیاتر بەکاردەهێنرێن:

**١. مۆرفیمی فرەواتا**

ئەم جۆرە مۆرفیمە لە زمانەکاندا زۆر بەکاردەهێنرێت، دەنگی (s) لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئاماژەکردن بە (کۆ) بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت، کە کارەکە کارێکی ڕانەبوردووە، ئەویش لەگەڵ هەردوو جێناوی: (she) و (he)، بە هەمان شێوە مۆرفیمی (in) لە ئینگلیزیدا بۆ ئاماژەکردن بۆ شتیک بەکاردەهێنرێت، کە واتای (نەرێ)، یان (ئەرێ) بگەیەنێت، هەروەک لە هەردوو وشەی (incorrect) و (inside)دا بەرچاومان دەکەوێت.

مۆرفیمی فرەواتا لە زمانی عەرەبیدا زۆرە، بۆ نموونە (تاء) پاشگرێکە ئاماژە بۆ مێینەی ناو دەکات، لە سەرەتای (کار)یشەوە ئەگەر بەکاربهێنرێت، ئەوە ئاماژە بۆ کارێکی ڕانەبوردوو دەکات، کە بکەرەکەی مێینە بێت، هەروەها ئاماژە بۆ (کۆ)ش دەکات لە وشەیەکی وەک(قیاصرة)دا، هەروەها ئاماژە بۆ زۆری و زیادەڕەوی دەکات لە وشەگەلێکی وەک(علامة) و (نسابة) و ئاماژە بۆ جیاکردنەوەی نێوان (کۆ) و (تاک) دەکات لە وشەکانی

وەک (شجر) و (شجرة) و (ليمون) و (ليمونة)، هەردوو دەنگی(ون)یش مۆرفیمی (کۆ)ن لە زمانی عەرەبیدا، لە هەمان کاتیشدا مۆرفیمی شیکردنەوەین(إعرابي)، ئەم یاسایە لە (ان)یشدا بەکاردەهێنرێت، هەروەها (ن) لە کۆتایی هەندێ کاری زمانی عەرەبیدا ئاماژە بۆ فرەبوونی بکەرەکە دەکات، واتە بکەرەکە لە کەسێک زیاترە، یان ئاماژە بۆ مێینەی بکەرەکە دەکات. لە هەمان کاتیشدا ئەم پیتە (ن) ئاماژە بۆ حاڵەتی شیکردنەوە دەکات، ئەویش لە کاتی (ڕەفع)دا، وەک: يكتبان و يكتبون و تكتبين. لابردنی (ن)یش ئاماژەیەکە بۆ گۆڕانی حاڵەتی شیکردنەوەکە، بە هەمان شێوەش لابردنی لە (جمع المذكر السالم - کۆی نێری تەواو)، یان (مێ)، ئاماژە بۆ (دانەپاڵ) دەکات، وەک: (مؤرخو الدولة) و (كاتبا العدل)، لەم دوو حاڵەتەدا (ن)ەکە لابراوە، بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکەین، کە (دانەپاڵ) خراوەتە سەر ئەو ناوانەی دواتر بەکاردەهێنرێن.

**٢. مۆرفیمی هێزدار**

ئەم مۆرفیمە پێکهاتەیەکی درکاوی فۆنۆلۆجییە، کە بە گوێرەی مۆرفیمەکە بۆ نموونە کارەکە لە (ڕانەبوردوو)ەوە دەکرێتە (ڕابوردوو)، یان (ناو) دەکرێتە (کار) و بە پێچەوانەوەش، ئەویش لە ڕێگەی گۆڕینی شوێنی هێزەکە،

بۆ نموونە لە وشەی (Star)ی ئینگلیزیدا ئەگەر هێزەکە لە برگەی یەکەمدا هاتبێت، ئەوە دەبێتە ناوێک، کە واتای (ئەستێرە) دەبەخشێت، بەڵام ئەگەر هێزەکە لە برگەی دووەمدا بێت، ئەوە دەبێتە کارێک، بە واتای (دەستپێدەکات) دێت، بەهەمان شێوەش وشەی (object)، ئەگەر هێزەکەی لە برگەی یەکەمدا بێت، ئەوە دەبێتە ناوێک، کە مانای (شت) یاخود (بابەت) یاخود (بەرکار) بەدەستەوە دەدات، بەڵام گەر هێزەکە لە برگەی دووەمدا(ject) بوو، ئەوە دەبێتە کارێک، کە مانای (بەرهەڵستی دەکات، نارەزایی دەردەبڕێت) دەبەخشێت، لەم حاڵەتەدا مۆرفیمەکە لە جۆری دارشتنە، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕینی فۆرمەکەی، ئەمەش لەو مۆرفیمە دەچێ، کە بە مۆرفیمی (فرەجۆری) ناوزەد دەکرێت. ئەم گۆڕانکارییەش لە بزوێندا دروست دەبێت، ئەویش بەبێ ئەوەی پاش ئەو هیچ گۆڕانکارییەک لە هێزەکەدا ڕوو‌بدات، بۆ نموونە لە (تاک)ەوە بیکاتە (کۆ)، یان لە ڕانەبوردووەوە بیکاتە ڕابووردوو، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا: (drink) ڕابووردووەکەی (drank)ە و (man) کۆیەکەی (men)ە و وشەی (woman)، کۆیەکەی دەبێتە (women)، و وشەی (write)،

ڕابوردووەکەی (wrote)ە، لەم جۆرە مۆرفیمانەدا سەختە بتوانین وشەکە بۆ (مۆرفیمی ئازاد) و (مۆرفیمی بەند) دابەش بکەین، بە شێوەیەک ئاسان بێت وشەی وەک (boy) بکەینە (boys)، هەروەها مۆرفیمی فرەجۆر لە عەرەبیدا لە وشەکانی وەکو (کتاب) دەکرێتە (کتب)، کە کۆیە، و (جنود) دەکرێتە (جند)، و (سریر) دەبێتە (سرر)، و (نذیر) دەکرێتە (نذر)، و (نجیب) دەبێتە (نجب)، لەم نموونانەدا (بزوێنی درێژ)مان گۆڕی بە (بزوێنی کورت).

**٣. مۆرفیمی ئەرکی**

ئەمەش مۆرفیمێکە دەخزێنرێتە وشەیەکەوە، بۆ باشکردن و ئاسانکردنی درکاندن، بۆ نموونە وشەی (child) لە زمانی ئینگلیزیدا بەم شێوەیە دەکرێتە کۆ (children) و مۆرفیمی تایبەتیش بە کۆ لەم وشەیەدا (en)ە، دەنگی (r)یش مۆرفیمێکی دیکەیە، کە خزێنراوەتە نێوان مۆرفیمی وشەسازی و ڕەگەکە، ئەویش بۆ باشکردنی کردەی درکاندنەکە، ئەمەش لە پیتی (هـ) دەچێت، کە بۆ کۆکردن دەخزێنرێتە ناو وشەی (أم - دایک)ەوە و دەبێتە (أمهات)، هەروەها لە خزاندنی پیتی (ل) دەچێت، کە دەخرێتە ناو وشەی (مدلهم - تاریک)، چونکە ڕەگی وشەکە (دهم)ە، لە بنەچەدا دەبێ بوترێت

(أدهم)، له قورئانی پیرۆزیشدا بەمشێوەیە هاتووە (جنتان مدهامتان)، واتە (مدلهمتان)(واتای ڕەش و تۆخ و تاریک دەگەیەنێت).

### ٤. مۆرفیمی بەندی فەرهەنگی

ئەم جۆرە مۆرفیمە تەنیا لەو وشانەدا بەکاردەهێنرێت، کە لە فەرهەنگدا ناویان براوە، مۆرفیمی کۆ(en)، تەنیا لە کۆکردنی (تاک)دا بەکاردەهێنرێت، مەگەر لە چەند وشەیەکی دیاریکراودا نەبێت، وەک: (oxen) و (children)، ئەم مۆرفیمە بەندەش لە مۆرفیمی نسبەتی بەندی فەرهەنگی دەچێت لە زمانی عەرەبیدا، بۆ نموونە بە (ي) نسبەتی وشەی (مرو) دەبێتە (مروزي) و (الري) دەبێتە (رازي)، هەرچەندە نسبەت لە زمانی عەرەبیدا بە لکاندنی (ي)ی دووبارەکردن(شدة) بە کۆتایی وشەکەوە ئەنجام دەدرێت، وەک(عربي) و (دمشقي) و (بغدادي).....هتد. بە هەمان شێوەش (ان) لە وشەکانی وەک(طبراني) و(بحراني)، کە (ی) نسبەتی خراوەنەتە سەر وشەکانی (طبرية) و (البحرين).

### ٥. مۆرفیمی بەندی دەنگی

ئەمەش ئەو مۆرفیمەیە، کە لە یاساکانی فۆنۆلۆجیدا باس لەوە کراوە درکاندنێکی لەخۆگرتووە، جیاکارییەکی هەیە، ئەویش بەپێی ئەو دەنگانەی دراوسێین و نزیکن لێوەی، بۆ نموونە مۆرفیمی (کۆ) لە زمانی ئینگلیزیدا دەنگی (s)ە، کە دەنگێکی (ددانی پوکیی خشۆکی کپە)ە، ئەم دەنگە گەر بکەوێتە دوای دەنگێکی گڕەوە، ئەوە خەسڵەتی گڕیی لێوە دەستدەکەوێت و وای لێدێت لە دەنگی (z) نزیک دەبێتەوە، هەروەکو لە وشەکانی (dogs) و (doors)دا دەردەکەوێت، هەروەها ئەگەر لە حاڵەتێکدا بکەوێتە دوای دەنگێکی خشۆکی کپەوە، ئەوە لەو حاڵەتەدا دەنگەکە بە گڕیی دەدرکێندرێت، ئەویش لە ڕووی فرەجۆرییەوە، هەروەک لە وشەی (thieves)دا بەرچاومان دەکەوێت.

### ٦. مۆرفیمی سفر

لەم حاڵەتەدا مۆرفیم هیچ بوونێکی نابێت، هەرچەندە ڕەگی وشەکە، واتاکەی یان داڕشتنەکەی یان بەکارهێنانی بەپێی بوارەکەی دەگۆڕێت، ئەویش بەبێ هەموارکردنی بونیادە دەنگییەکەی، بۆ نموونە وشەی (sheep) لە

زمـانی ئینگلیزیـدا بـۆ (تـاک) بـەکاردێت و بـۆ یـەک مـەڕ بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئەم وشـەیە (sheep) بۆ (کۆ)، واتە بۆ ژمارەیـەکی زۆری (مـەڕ)یش بەکاردێت و وشـەکە لە ئاماژەی (تاک)ەوە بۆ ئاماژەکردن بۆ (کۆ) دەگۆڕدرێت، ئـەویش بـەبێ ئـەوەی پێویسـتی بـەهیچ مۆرفیمێک هـەبێت، لـەم حاڵەتەشـدا بـە (مـۆرفیمی سـفر) نـاوزەد دەکرێـت، ئەمەش لەم وشـەی (wood)ی ئینگلیزی دەچێت، کە مانای (دارستان ـ درەختە زیندووەکان) بەدەستەوە دەدات، بەڵام لە هـەمان کاتیشـدا مانـای ئـەو (تەختـە ـ دار)ە دەبەخشـێت، کە کەلوپەلی لێ دروست دەکرێت، ئینجا ئەگەر لە بوارێکی لـــەمجۆرەدا بـــەم مانایـــە بـــەکاربهێنرێت، ئـــەوا ماناکـــە دەگۆڕدرێـت، بـەبێ ئـەوەی پێویسـتی بـە مـۆرفیمێکی دی هەبێت. لە زمانی عەرەبیشدا وشـەیەکی زۆر هـەن، کە بۆ وەسـفکردنی نێـر و مـێ بـەکاردەهێنرێن، ئـەویش بـەبێ ئـەوەی پێویسـتیان بـە هێماکـانی (مـێ) هـەبێت، وەکـو: صبور(ئارام) ـ عجوز(پیر) ـ حامل (دووگیان) و.... هتد، هەروەها وشـەی دیکەش نێر و مێ تیایاندا وەک یـەکن، بۆ نموونـە: **(اللـه نصـير الضـعفاء ـ خـودا سـەرکەوێنەری لاوازەکانـە)** و **(الملائكة بعد ذلك نصير ـ فریشتە پاشان سـەرکەوێنەر)**، لـەم ئایەتـەدا (تـاک) و (کـۆ) بـە یەکسـانی

بـەکارهێنران و هـیچ پێویسـتیان بـە مۆرفیمێـک نـەبووە. هـەروەها کـاتێکیش قسـە لەگـەڵ مرۆڤێـک دەکـەین و پێـی دەڵێـین دووربکـەوە (go away)، ئـەوە هـیچ پێویسـت ناکـات نـاوی بکەرەکـە بهێنـین، کـە (جێنـاوی گـوێگر)ە، ئەمـەش بە هـەمان شـێوە بـە (مـۆرفیمی سـفر) دادەنرێت. کەواتــە مــۆرفیمی ســفر مۆرفیمێکــە پێویســتە ئامــاژەی ڕەگەکـە، یـان واتاکـەی، یـان بەکارهێنانەکـە بگۆڕێـت، بـەبێ ئەوەی پێویستی بە مۆرفیمێکی دی بێت.

### ٦.٧: زمانەکان و مۆرفیم

ڕاســتییەکەی نــاتوانین لــە باســکردنی مۆرفیمــەوە بازبدەینە سەر بابەتی ڕستەسازی، بەبێ ئەوەی هۆشداری لـە دوو مەسـەلە بـدەین، یەکـەمیان: هـەڵوێسـتی زمانـەکان بەرانبـەر بـە مـۆرفیم، دووەمـیش ئـەو شـتەیە کـە بـە (ئــەلۆمــۆرف) دەناســرێت. زمانــەکان بــە گشــتی هەڵوێستەکانیان لەیەک ناچێت بەرانبەر بە مـۆرفیم، بەڵکو پشـت بـە هێـز دەبەسـتن لـە گـۆڕینی داڕشـتنی وشـەکان لـە نـاوەوە بـۆ کـار، یـان بەپێچەوانـەوە. بـۆ نموونـە لـە زمـانی درکاودا گوێگر دەتوانێت ناو لە کار جیابکاتەوە، ئەویش لە ڕەگـی وشـەیەکدا بـەهۆی هێـزەوە، بـەڵام لـە نووسـیندا، کـە

دەنگی بیستراو بوونی نامێنێت، پشت بە دەوروبەرەکەی دەبەستێت، بۆ زانین و ناسینەوەی بونیادی وشەسازی وشەکە.

بەرانبەر ئەمەش چەند زمانێک هەن، وەک زمانی تورکی تەنیا لکێندراوەکان بە هەر سێ جۆرەکانییەوە لە گۆڕینی ڕەگەکان بەکاردەهێنێت، ئەویش لە کردەی گۆڕینی ناو بۆ کار، پاشان بۆ ئاوەڵناو...... هتد. پاش بەکارهێنانی ئەم لکێندراوانە، هیچ گۆڕانکارییەک لە جووڵەی وشەکە، یان لە ڕێکخستنی دەنگەکان ڕوونادات، کە لە خودی خۆیدا ڕێکخستن و ڕیزبەندییەکی چەسپاوە و فەرهەنگی زمان دیاری دەکات. ڕاستییەکەی هەندێک لە زمانەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات ئەم خەسڵەتەیان گرتۆتەخۆ، وەک زمانی هەنگاری و زمانی بولگاری، هەندێک لە زمانە ئەوروپییەکان پەنا دەبەنە بەر ئەم دوو شێوازە چ لکاندن و چ گۆڕینی ڕەگی وشەکان، ئەویش بە بەکارهێنانی مۆرفیم و بەکارهێنانی داڕشتن، کە زۆرجاران پشت بە سەراونخونکردنی شوێن دەبەستێت، جگە لەوەش پەنا دەبەنە بەر هێز لە کردەکانی داڕشتن، کە بۆ چەند وشەیەکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت، هەروەک لەکاتی ئاماژەکردن بە مۆرفیمی هێزداریی و مۆرفیمی فرەجۆری

باسمانکرد. زمانی عەرەبیش لەو زمانانەیە، کە لە هەندێک حاڵەتدا پشت بە مۆرفیم دەبەستێت، بۆ نموونە لە (جمع المذكر السالم) و (التثنية) و (گۆڕینی ڕابووردوو بۆ ڕانەبووردوو) و جیاکردنەوەی (مێ) و (نێر) و جیاکردنەوەی (تاک) و (کۆ) لەو وشانەی، کە تاکەکەیان بە پیتی (ة ـ التاء)ە و کۆیەکەشی بەبێ پیتی (التاء)ە، وەکو (شجرة): و (شجر). هەموو ئەم نموونانە و هاوشێوەکانی دی لە عەرەبیشدا پشت بە مۆرفیم دەبەستن، تەنیا مەگەر لەو پرۆسە وشەسازیانەدا نەبێت، کە لکاندنی مۆرفیم پێیانەوە بەس نییە، بەڵکو پێویستیان بە سەراونخونکردن و گۆڕینی شوێنی جووڵەکان و زیادکردنی دەنگەکان و لابردنی هەندێکیان هەیە، بۆ نموونە وشەی (محاكاة ـ لاساییکردنەوە)، ڕەگەکەی (حكي)ە، پیتی(م)ەکەی لە وشە تازەکەیدا مۆرفیمێکی پێشگرە و (ئەلف) لەناو وشەکەدایە و (ت)یش پاشگرە، بەم شێوەیە (ی)ەکە لە کۆتایی وشەکەدا کراوەتە (ا)، کە دەکەوێتە پێش (ت)ەکە. جا گەر بێتو بڕوانینە ڕەگی وشەکان لە زمانی عەرەبیدا، دەبینین بەو شێوەیە نییە، کە پێش بەکارهێنانی لکێندراوەکان هەیانە، ئەمەش واتای وایە هیچ جۆرە وێکچوونێک نییە لەنێوان بونیادێکی دیاریکراو لە وشەکەدا و ئەو بنیادە

گریمانەکراوەی کە بە بەکارهینانی مۆرفیم دروست دەبێت. لەم نموونەیەی زمانی ئینگلیزیدا (Friend)، کە ڕەگێکی بەکارهێنراوە لە زماندا، بە بەکارهێنانی پرۆسەی دارشتنێکی لێکدراوانە دەتوانین ئەم لکێنەرانەی خوارەوەی بۆ بکەینە پاشگر، ئەویش بەبێ ئەوەی پێکهاتەی واژەکە نە زۆر و نە کەم بگۆڕێت: un- friend- less- ness ، هەروەها ئەمەش نموونەیەکی دیکەیە کە سێ لکێندراوی بۆ زیادکراوە، بەبێ ئەوەی درکێندراوی ڕەگەکەی بگۆڕدرێت: (form-al- iz- ation). گەر بەراوردێک بکەین لە نێوان بڕگە دەنگییەکانی هەردوو وشەکە و ئەو بڕگانەی نووسراون بە گوێرەی بنیادە مۆرفیمەکەیان، ئەوە دەبینین دوو سیاقی هاوشێوە و لەیەکچوون، ئەم حاڵەتەش لەو زمانانەدا دروست دەبێت، کە مۆرفیم و دارشتن بەیەکەوە لێکدەدرێن، ئەویش لە ڕێگەی گۆڕینی ناوەوەی وشەکەوە لە ڕووی ڕیزبەندی نەبزوێنەکان و بزوێنەکانی وشەکە، کە بەدەگمەن ڕێکدەکەوێت هاوشێوەی یەکدی بن.

سەبارەت بە مەسەلەی دووەمیش، کە (ئەلۆمۆرف)ە، ئاگادارکردنەوەیەکە کە (ئەلۆمۆرف) گوزارشتێکە وا دەگەیەنێت هەندێک مۆرفیمی وەکو دەنگی (S) مۆرفیمی

کۆیە، لەوانەشە خودی خۆی بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەرکێکی دی بەکارببرێت، وەکو چەسپاندنی سیفەتی ئامادەگی لە کاری سەرەکیدا لەگەڵ جێناوی (she – he)، هەر خودی خۆشی لە مۆرفیمێکی دی وەکو (stylistics) و هاوشێوەکانی بەکاردەهێنرێت، شێوەی یەکەمیان بە مۆرفیم و شێوە لاوەکییەکانی دیکەش بە (ئەلۆمۆرف) هەژمار دەکرێت، بە هەمان شێوە دەربارەی ئەم مۆرفیمە دەزانین، کە وەکو (س)ی کپ لە عەرەبیدا دەدرکێندرێت، هەروەها لەو ڕەگانەدا بەکاردەبرێت کە نزیک دەبێ لە دەنگێکی گڕ، وەکو (ز) لە زمانی عەرەبیدا، بە هەمان شێوەش ئەگەر دەنگیکی خشۆک پێشی بکەوێت، ئەمەش بیری ئەوەی پێشوومان دەخاتەوە، کە (ئەلۆفۆن) ئەو کۆمەڵە وێنە درکاوە جیاوازانەی دەنگێکی تایبەتە، بۆ نموونە (ق) لە زمانی عەرەبیدا بە (ق) دەردەبڕێت، لەبەر ئەو شوناسە کپێکی توندە، کە هەڵوەستەکەی هەیەتی و شتێک لە گەورەکردن لەخۆگرتووە، چونکە زمان لەکاتی درکاندنیدا بەم دەنگە بەرز دەبێتەوە، تا دەگاتە سەرەوەی ناوەڕاستی دەم، بەڵام هەندێک کەس (ق) بە نزیک (ک) دەخوێننەوە، وەک نزیکبوونەوەیەکی زیاتر لە (غ) بە کپی دەیهێڵنەوە، ئینجا ئەگەر بە گڕی دەربڕا، ئەوە دەبێتە

(ج)ێکی ناسک و بچووک، هەندێکیش لە قسەکەران نزیکی دەکەنەوە لە (هەمزە) و بۆ قورگ لاری دەکاتەوە، هەندێک لە خەڵکی دەشتەکیش نزیکی دەکاتەوە لە پیتی (ج) بە شێوەزاری میسری، لە هەندێک شێوەزاری عەرەبیش وەکو (غ) بەکاردێت، لەجیاتی ئەوەی بوترێت (قانا)، بە (غانا) دەخوێندرێتەوە، لەجیاتی (دیموقراتیة)، دەڵێین (دیموغراتیە)، ئەم درکاندنەش لە هەموو زیاتر بەربڵاوترە، بەتایبەت لە (سودان). ئەم وێنە درکاوییانەی پیتی (ق)، هەر یەکێکیان بە (ئەلۆفۆن) هەژمار دەکرێت، بە هەمان شێوەش ئەگەر بڕوانیتە (س) لە عەرەبیدا لە کاتی نزیکبوونی لە (ط) وەک (ص)ی لێ دێت، لەکاتی دراوسێبوونی لەگەڵ دەنگی گڕدا لە پیتی (ز) نزیک دەبێتەوە، ئەمانەش هەموو لە ڕیزی (ئەلۆفۆن) هەژمار دەکرێن.

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی


١ــ ئــەوڕەحمانی حــاجی مــارف(١٩٧٩)، ڕێزمــانی کـوردی، بـەرگی یەکەم(وشەسـازی)، بەشـی یەکـەم(ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، چاپخانـەی کۆڕی زانیـای عێراق.

٢ـ ئەوڕەحمـانی حـاجی مـارف(د)، وتـاری کـار بەپێی ڕۆنان و چەند سەرنجێک، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمـارە (١٣٩)، ١٩٩٧.

٣ـ ئەوڕەحمـانی حـاجی مـارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زماننـاسی، سلێمانی.

٤ــ بازیــان یــونس محــی الــدین(٢٠٠٨)، پەیوەنــدی ئاسـتی مۆرفۆلـۆجی بـە ئاسـتی فۆنۆلـۆجی و سـینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین.

٥ــ بــەناز ڕەفیــق تۆفیــق، ڕێگــە بنەڕەتییــەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خـوارووداٍ، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، بەشی کوردی، ٢٠٠٨.

٦ــ بەدران ئەحــمەد حەبیــب (٢٠٠٢)، فەرهەنگــی زاراوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی یەکەم.

٧. جەمال عەبدول، بەرکولێکی زانستی زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی، ٢٠٠١.
٨ــ جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا، ١٩٧٦.
٩ــ ڕەفیق شوانی(د)(٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٠ــ ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠٠٧.
١١. ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩)، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا، ل ٦٦.
١٢ـ سەلام ناوخۆش(٢٠١٤)، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٣ــ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
١٤ــ عبدالوهاب خالد(٢٠٠٥)، زمان و زمانڤانی(هژمارەکا ڤەکولینا)، چاپی یەکەم، لە

بڵاوكراوەكانی یەكێتیی نووسەرانی كورد ـ لقی دهۆك، چاپخانەی هاوار، دهۆك.
١٥ـ عەبدوڵڵا عەزیز بابان(١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب زانكۆی سەڵا حەدین.
١٦ـ كامل حسن بصیر(د)(١٩٧٩)، زاراوەی كوردی، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی.
١٧ـ كامیران رەحیمی(٢٠٠٦)، خەسارناسی وشەسازی لە زمانی كوردیدا، گ. زمانەوانی، ژ (٣)، زستانی ١٣٨٥.
١٨ـ كەوسەر عەزیز ئەحمەد(١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی كوردی، نامەی ماستەر، بەشی كوردیی كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەددین.
١٩ـ كەمال مەعروف(د)، ئەدەبیاتی كلاسیكی و نوێخوازی كوردی، چاپی یەكەم، سلێمانی ٢٠٠٣.
٢٠ـ محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤)، مۆدێلی رێزمانی كوردی، چاپكراوەكانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

٢١ـ محەمـەد مـەعروف فـەتاح و سـەرباح ڕەشـيد قـادر(٢٠٠٦)، چەنـد لايـەنێكى مۆرفۆلـۆجيى كـوردى، چاپخانەى ڕوون، سلێمانى.
٢٢ـ محەمـەد ئـەمين هـەورامانى(١٩٧٤)، فۆنـەتيكى زمانى كوردى، چاپخانەى مەعارف، بەغدا.
٢٣ـ مـحەمەد مەعـروف فەتـاح(د)، كـار و پۆلێنكردنەكانى بەپێى ڕۆنـان، گۆڤـارى ڕۆشـنبيرى نـوێ، ژمارە (١٢١)، ١٩٨٩.
٢٤ـ محەمەد مەعروف فەتاح، موحازەراتى خوێندنى باڵا ـ دكتۆرا، زانكۆى كۆيە، ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦.
٢٥ـ محەمەد وەسمان، گيروگرفتەكانى زاراوەدانان لە زمانى كورديدا، هەولێر، ٢٠٠٤.
٢٦ـ مەسعود محەمـەد(١٩٧٦)، چەند حەشارگەيێكى ڕێزمانى كوردى، لە چاپكراوەكانى كۆڕى زانيارى كورد، بەغدا، ل ٧٨.
٢٧ـ نسـرين محمـد فەخـرى(د)(١٩٨٧)، ريێنوسـى كوردى، بەغداد.
٢٨ـ نـەريمان خۆشـناو(٢٠١٤)، ڕێزمـانى كـوردى، چاپى شەشەم، چاپخانەى ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٩ـ وریا عومەر ئەمین(١٩٨٢)، وشە، گ. نوسەری کورد، ژ. (٩)، یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەغدا.
٣٠ـ وریا عومەر ئەمین(د)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.
٣١ـ وریا عومەر ئەمین(د)، ڕەخنەی ناڕەخنە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٠)، ١٩٩٧.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

٣٢ـ ابن هشام الأنصاري(٧٦١هـ) أوضح المسالك الى شرح ألفية ابن مالك، تحقيق محي الدين عبدالحميد، دار إحياء التراث العربي، مصر، ط٥، ١٩٦٦.
٣٣ـ أحمد يوسف: توزيعية هاريس، مجلة عالم الفكر، الكويت، مج ٣٣، ع١، يوليو ـ ديسمبر، ٢٠٠٤.
٣٤ـ رمزي منير بعلبكي(د)(١٩٩٠)، معجم المصطلحات اللغوية، بيروت، لبنان.
٣٥ـ روبير مارتان، مدخل لفهم اللسانيات، ترجمة: عبدالقادر المهيري، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ط١، ٢٠٠٧.

٣٦- سيبويه - أبو بشر عمرو بن عثمان(؟)، الكتاب(٥ أجزاء)، تحقيق عبدالسلام محمد هرون، عالم الكتب، بيروت.

٣٧- شحدة الفارع و آخرون، مقدمة في اللغويات المعاصرة، وائل للنشر، عمان ط٢، ٢٠٠٣.

٣٨- الطيب البكوش، التصريف العربي في ضوء علم الأصوات الحديث، مؤسسة عبدالكريم بن عبدالله، تونس، ط٣، ١٩٩٢.

٣٩- عبدالغني الدقر، معجم النحو، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٤، ١٩٨٨.

٤٠- عبدالله درويش، دراسات في علم الصرف، مكتبة الطالب الجامعي، مكة المكرمة، ط٣، ١٩٨٧.

٤١- علي القاسمي(د)(١٩٨٥)، مقدمة في علم المصطلح، بغداد.

٤٢- فردناند سوسير، علم اللغة العام، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، الطبعة الأولى ، ١٩٨٨.

٤٣- فوزي حسن الشايب(١٩٩٩)، محاضرات في اللسانيات، منشورات وزارة الثقافة، عمان - الاردن.

٤٤ـ ماريو باي(١٩٧٦)، أسس علم اللغة، ترجمة: أحمد مختار عمر، عالم الكتب، مصر، ط٢.
٤٥ــ مبــارك مبــارك(١٩٩٩)، معجــم المصــطلحات الالسـنية، فرنسـي ـ انكليـزي ـ عربـي، الطبعـة الاولـى، دار الفكر اللبناني للطباعة و النشر، بيروت ـ لبنان.
٤٦ـ محمـد علـي الخـولي، معجـم علـم اللغـة النظـري، انكليزي ـ عربي، مكتبة لبنان، لبنان، ١٩٨٢.
٤٧ـ ناجي الأسمر(١٩٩٣)، المعجم المفصل في علم الصرف، دار الكتب العلمية، بيروت، ط ١.

**سێیەم : بە زمانی ئینگلیزی**

48- Andrew Radford (1997), Syntax: A minimalist Introduction. Cambridge University Press.

49-Bloom Field (1933), Language, Henry Holt, New York.

50-D. Crystal (1988), A dictionary of linguistics and phonetics, second edition, Basil Blackwell Ltd.

51-D.Crystal(1981), Linguistics, penguim Books.

52-David Crystal (1992), An encyclopedic dictionary of Language and languages, Black Well: Oxford.

53-F. Katamba (1993), Morphology, London, Macmillan.

54-F. Katamba and J.Stonham (2006), Morphology, 2nd edition.

55-L. Bloomfield (1969), Language, London.

56-M. Haspelmath (2002), Understanding Morphology, Oxford University Press.

57-M. Haspelmath and D. Andrea Sims(2010), Understanding Morphology, 2nd Edt. Hodder Education.

58-M. Haspelmath(2002), Understanding Morphology,First Published Oxford University Press Inc, London.

59-Stageberg.N.C,(1981),An Introduction to English Grammer, 4th edition, Holt, Rinebart and Winston.

60-V. Fromkin (1988), An Introduction to language Holt, Rinehart and Winston Ins, V.S.A.

61-V. Fromkin, R. Rodman and N. Hayms (2007) An introduction to language Eighth edition, Thomson.